# گوڵزاری نوسین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەریتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی
٢٠١٢

# گوڵزاری نوسین

**وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ**

سلێمانی
٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار: ٦١**

## گوڵزاری نوسین


- وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ
- بابەت: کۆمەڵێ بابەتی هەڵبژاردە
- پیتچنی: رووپاک مەحمود
- هەڵەچنی: وەرگێڕ
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: ½ A٤
- ژمارەی لاپەڕە: **٢٩٦**
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٩٤٠)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی لەریا
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (٢٧٥٩)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

## ڕونکردنەوەیەکی کورت

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، ناوبەناو بابەتی ئـەدەبی، هـزری، ڕونـاکبیریی گشتییم لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کـوردی وەرگێـڕاوە و لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە. لە کۆی ئەو بابەتانـەی لـە مـاوەی نزیکـەی بیست ساڵدا وەرم گێڕاون، ئەم چەند بابەتەم هەڵبژاردووە کە زیـاتر (وتـار و دیـدار و شـیعر و چـیرۆک)ن، تـاکو بیانکـەم بـە کتێـب . وەك زۆر بەرهـەمی دیکە، نە خودی بابەتەکان و نە وەرگێڕانەکەی منـیش تێکـڕا لەیـەك ئاسـتدا نین، بابەتیان تێدایە من وەك خۆم زۆر بە باشـم زانیـوە و زۆرتـرین چـێژم لێ بینیوە، بابەتیشیان تێدایە کەمتر بەلامەوە باش بووە و کـەمتریش چـێژم لێ بینیوە، بەڵام بە بڕوای خۆم، بە گشتی، بابەتەکان بابـەتی باشـن و خوێنـەر دوای خوێندنەوەیان هەست ناکات بە دەستی خاڵیی دەگەڕێتەوە، هیـوادارم لەو بڕوایەمدا بە هەڵەدا نەچوو بم و بە ڕاستی وا بێت.

**کوردۆ**

وتار



**نزار القباني**

## ڕۆشنکردنەوە

دەمەوێ چیرۆکی خۆم لەگەڵ **شیعردا** بنووسمەوە، بەرلەوەی کەسێکی دی بینوسێتەوە.

دەمەوێ بە دەستی خۆم، وێنەی دەموچاوم بکێشم، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێ لەخۆم باشتر وێنەی دەموچاوم بکێشێ. دەمەوێ خودی خۆم، پەردەکان لەسەر خۆم لابدەم، بەرلەوەی ڕەخنەگرەکان بە ئارەزووی خۆیان بمبڕن و پارچە پارچەم بکەن و سەرلەنوێ دامبهێننەوە. سێ لەسەر چواری شاعیرەکان لە (فرجیل)ەوە بۆ (شکسپیر) و (دانتی) و بۆ (موتەنەبی)، داهێنراوی ڕەخنەگرەکانن، یاخود هیچ نەبێت لەسەر قاڵی و نەخش و نیگاری ئەوانن. یەکێك لە بەدبەختییەکانی شاعیرانی پێشین ئەوەیە کەدەفتەری یاداشتیان نەبووە، بەڵام من ئەمە دەفتەری یاداشتەکانمە و تێکڕای وردەکارییەکانی گەشتی خۆمم بۆ جەنگەڵەکانی شیعر، تێدا تۆمارکردووە.



من لەبەر ئەوەی نامەوێ بچمە ژووری نەشتەرگەرییەوە و جەستەم بخەمە بەر نەشتەری ڕەخنەگران، بڕیارم دا بەشێوەی سروشتی و بەدەموچاوی سروشتیی خۆمەوە لەسەر شانۆ دەربکەوم و ڕاستەوخۆ و بەبێ بوونی کەسێك لە نێواندا، هەروەها بێ ئاگاداری هەڵواسراو بەدیوارەکان و بێ پەنجەرەی یادهێنانەوە، ڕوو لە جەماوەر بکەم.

بڕیارم دا خۆم لە خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕان و بەڵگەهێنانەوە ببوێرم، بە تەنیا بە شاری شیعردا بگەڕێم. مادام من دەنگێکم هەیە، پێویستم بە هیچ کاسێتێکی تۆمارکردن نییە.

هیچ کەسێك ناتوانێت لەدەمی خۆم زیاتر دەمی من بێت... شیعر درەختێکی ناوەوەی شاعیرە لە جۆری ئەو درەختە هەڵکشاوانەیە کە لە تاریکیدا لەدایك دەبن و زۆر دەبن.

شیعر دارستانێکە لە قامیش و جگە لەو کەسەی درەخت بە درەخت چاودێری دەکات کە لەناوەوەیدا گەورە دەبن، هیچ کەسێك (نەخشە)کەی ناناسێت.

من لەم کتێبەدا قسە لەو دارستانە چێنراوەی ناوەوەی خۆم دەکەم.

لەوانەیە هەندێ درەخت لەبیر بکەم، هەروا لەوانەیە هەندێ کەس لە بیر بکەم و ناوی هەندێ لەو چۆلەکانەشم لە بیر بچێت کە بەم دارستانەدا گوزەریان کردووە، بەڵام هەوڵ دەدەم ئەوەندەی بکرێت، ئەو دارستانە بەهەموو ڕەگی تەڕ و گوڵی کێویلە و سیسرکە گۆرانیبێژەکانییەوە بۆ ئێوە بگوێزمەوە.

***

ئەم کتێبە بەمانای ئەکادیمی بۆ مێژوو، مێژوو نییە، چونکە مێژوو زانستی ڕووداوە مردووەکانە، زانستی ئەو ڕووداوانەیە کە لە کار و لە هەڵچوون ڕاوەستاون.

هەروا ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی بایۆلۆژی نییە بۆ قەسیدەکانم و بۆ خاك و بۆ پێکهاتەکانیان.

چونکە قەسیدە قاپێکی ڕۆمانی یان فینیقی گڵێن نییە، کە کاری گرنگی ئێمە بە خوێندنەوەی نووسراوە هەڵکۆڵراوەکانی سەری تەواو بێت.

قەسیدە ماوەیەکی کۆتاییهاتوو، یان زەمەنێکی مردوو نییە، بەڵکو پردێکە بەسەر هەموو زەمەنەکاندا درێژ بووەتەوە.

هاملێت تەنها بۆ چاخی ئیلیزابیتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو سێبەری بەسەر هەموو چاخەکاندا درێژ دەبێتەوە.

(ئازادی) پۆل ئیلواریش تەنها ئازادی فەرەنسا نییە، بەڵکو ئازادی ڕەشپێستەکان و ڤێتنامییەکان و فەلەستینییەکان و هەموو ئەوانەشە کە ڕم لە گۆشتی جەلادەکانیان دەچەقێنن.

خوێنی ڕژاوی لۆرکایش لە بێستانەکانی غەرناتەدا تەنها خوێنێکی ئەندەنولوسی نییە، بەڵکو خوێنی سەرجەم مرۆڤایەتییە.

(موتەنەبی)ش، ئەو شاعیرەی کە بەتەنها لە تایەکی تەرازوودا و هەموو زەمانیش لە تایەکەی دیکەیدا دەوەستێ، بۆ من پیاوێکە بێ ڕەگەزنامە و بێ پاسپۆرت، پیاوێکە بەسەر هەموو چاخەکاندا باز دەدات.

(سیف ئەلدەولە ) ڕووداوێکی مێژووییە. لەبەر ئەوە ئەگەری مردنی هەیە. وەلێ موتەنەبی ڕووداوێکی شیعرییە و دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی مردنەوە.



ئەگەر تا ئێستاش (سیف ئەلدەولەی ئەلحەمدانی) لە یادەوەری ئێمەدا هەناسە دەدات، لەبەر ئەوەیە کە قەسیدەکانی موتەنەبی لە یادەوەریماندا هەن، ئەو قەسیدانەن کە هەناسەدانی ئەویان مومکین کردووە.

***

ئەم کتێبە وانەیەك نییە لە خوێندگایەکی ناوەندییدا، یان لە زانکۆیەکدا پێشکەش بکرێت.

من وانەگەلێکم نییە پێشکەشی خەڵکی بکەم.

بەڵام لەگەڵ خوێنەردا گەشتێکی کاتیی دەکەم و بەرەو کەناری رووبارەکەی دەبەم و پشووی کۆتایی هەفتە لەوێ بەسەر دەبەین .

جلوبەرگی تەنکی هاوینە لەبەر دەکەین و لەگەڵ خۆشماندا ساندویچ و کۆلا و کاغەزی یاریکردن دەبەین.

من لەوێ، لەسەر لم درێژ دەبم و لەبارەی دەنگوباس و گەشتەکانم و شیعرەکانمەوە قسەیان بۆ دەکەم.

لەبارەی سەرەتاکانم و هیوایەتەکانم و هاوڕێ مێینەکانمەوە بۆیان دەدوێم.

لەبارەی خێزانەکەم و ماڵەکەمان و خوێندنم و ئەو باکگراوندە خێزانی و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیرییەوە کەلە پشت شیعری منەوە وەستاون، قسەیان بۆ دەکەم.

لەبارەی ئەوانەوە کە گوڵیان تێ گرتووم و ئەوانەی کە بەردیان تێ گرتووم و ئەوانەی کە باوەشیان پیاکردووم و ئەوانەی کە لە خاچیان داوم، بۆیان دەدوێم.

لەبارەی ئەو شیعرانەمەوە کە سەربەرزی و شانازی منیان دروست کردووە، هەروەها لەبارەی ئەو شیعرانەمەوە کە مەرگی منیان داوە بە کۆڵیاندا، قسەیان بۆ دەکەم.

لەبارەی هاوڕێکانم و دوژمنەکانم و ئەوانەی گوڵەشلێرەیان لە ڕێمدا ڕاخستووە و ئەوانەی تفەنگیان بە ڕوومدا بەرزکردۆتەوە، بۆیان دەدوێم.

هەر لە ئێستاشەوە دەڵێم: من هەموویانم خۆش دەوێت، ئەوانەی گوڵ و ئەوانەی چەکیان پێ بووە بە زەردەخەنە و سوپاسەوە دەستیان بۆ درێژ دەکەم، من لەدەنگی ماچەکانەوە قەبارەی دەنگی خۆمم زانی و لەبەریەککەوتنی چەقۆکانیشەوە لەگەڵ لەشمدا، ڕەهەندەکانی جەستەی خۆمم ناسی.

لە ستایش زۆر فێربووم و لە جنێویش زۆرتر.

فێربووم هەر وشەیەك كە شاعیر لەسەر كاغەز وێنەی دەكێشێت، لافیتەیەكی تەحەددایە بە ڕووی چاخەكەیدا.

فێربووم نوسین دورستکردنی پشێوییە لە یاسا و ڕیزبەندی شتەکاندا. نوسین شکاندن و هەڵوەشاندنەوەی توێکڵی گەردوونە.

لەبەر ئەوەی شتی شکاو هەمیشە بەهاوار و دەنگەدەنگ بەرگری لەخۆی دەکات، نوسین- بەتایبەت لەو وڵاتە دوواکەوتووانەی کە لەژێر لێفەی ئەفسانە و داب و نەریتدا دەخەون- شەڕکردنێکی ڕاستەقینەیە، بە چەکی سپی لە نێوانی چەکوشی شکێنەر و پارچەکانی شتی شکاودا.

من لە خوێنی ڕژاو بەسەر دەموچاو و جل و بەرگەکانمەوە فێربووم کە ئەدەب سەرینێك نییە لەپەڕی چۆلەکە و گەشتێکیش نییە لەبەر تیشکی مانگدا.

فێربووم کە ئەدەب گوڵێك نییە بە یەخەی چاکەتەکەمانەوە، بەڵکو خاچێکە لە ماندوێتی و لەسەرشانمانی هەڵ دەگرین.

ئەدەب باج و سەرانەیە، ئەدەب ڕۆیشتنێکی بەردەوامە بەسەر ئاگری کڵپەکردوودا.

ئەدەب نە کوڕی ئاسانی و نە کوڕی ڕێکەوتیشە.



ئەمە بەهەموو ئەوکەسانە دەڵێم کە پێیان وایە بەهرە کاغەزی یانسیبێکی براوەیە و لە کیسەیەکەوە دەردەکرێت.

ئەدەب هیچ پەیوەندییەکی بە یانسیب و بەختەوە نیە و ناوبانگیش خوانێکی خوایانە نییە لە ئاسمانەوە دابەزێت.

مارگر دەتوانێت لە ژێر کڵاوەکەیەوە دەیان شتی دەگمەن و دەسڕی ڕەنگاوڕەنگ دەربهێنێت.. بەڵام ناتوانێت یەك (دانتی) یان یەك (لۆرکا) یان یەك (مایکلۆفسکی) دەربهێنێت.

ئەدەب لەمنداڵدانی ئارامگرتن و ئیشکردن و ئازار و کارەساتەکانەوە لەدایك دەبێت.

***

ئەم کتێبە جۆرێك دەبێت لە ژیاننامە.

ژیاننامەش خەریکە لە مێژووی ئەدەبماندا وەن دەبێت.

ئەدیبی عەرەب حەز لە گەشتکردن بەناخی خۆی و حەز لە بەکارهێنانی ئاوێنە ناکات.

قسەکردنی خود بۆ خود لە وڵاتی ئێمەدا بێزراوە. ئێمە لە مەنەلۆگی ناوەوە تێ ناگەین و بە جۆرێك لە لووتبەرزی و نەرگیسەتی دادەنێین.

شاعیری عەرەب بێدەنگ دەوەستێت و چاوەڕوانی مەراسیمی مردنی خۆی دەکات.

مەراسیمەکانی مردن بۆنەی ئالتوونین بۆ ڕەخنەگران تا لەسەر گۆڕی شاعیران یاری کاغەزێن بکەن.

بەڵام بێگومان من ڕێگە بەهیچ کەسێك نادەم لەسەر گۆڕەکەم یاری کاغەزێن بکات، چونکە دەمەوێت خۆیشم لە یارییەکەدا بەشدار بم.

## شیعر قەدەری منە

من لە نەتەوەیەکم بەشیعر هەناسە دەدات و بە شیعر قژ دادەهێنێت و شیعر دەپۆشێت. هەموو منداڵان لای ئێمە کە لە دایك دەبن تاموبۆی شیعر لە شیرەکەیاندایە. هەموو لاوانی وڵاتەکەشم نامەی یەکەمین خۆشەویستییان بە شیعر دەنووسن... هەموو مردووەکانیش لە نیشتمانی مندا لە ژێر کێلێکدا دەنوون کە دوو بەیت شیعری لەسەرە. شاعیربوون لە نیشتمانی عەرەبدا سەرسوڕهێنەر نییە، سەرسوڕهێنەر ئەوەیە شاعیر نەبێت. ئێمە بەشیعر دەورە دراوین و بە نوسینی قەسیدە ناچار کراوین، هەروەك چۆن خاکی میسر بە لۆکە و خاکی شام بە گەنم و خاکی عێراق بە خورما ئاوس دەبن. ئێمە مەحکومین بە شیعر، وەك چۆن هۆڵەندا مەحکومە بە دەریا و لووتکەکانی هیمالایە مەحکومن بە بەفر. لەبەر ئەوە کە شیعر دەنووسم بە کارێکی کتوپڕ و خۆڕایی دانانێم. من کاتێك دەنووسم گوێڕایەڵی هەموو یاساکانی بۆماوە و بنەچە دەبم و فەرمانەکانی مێژوو جێبەجێ دەکەم. لەکاتی پەڕینەوەشمدا بە (ریگنت ستریت) لە لەندەن و (شانزلیزێ) لە پاریس، وەك هەر لادێییەکی



عاشق کە جگە لە عەباکەی و قوڕگی هیچ شتێك شك نابات، هەڵسوکەوت دەکەم. ئایا ئەوە نیعمەتی خوایە بۆ عەرەب کە گەروویانی بە دەنگەژێی شیعریی ئاوێتە کردوون، یان شیعر نەفرەتێکی تا هەتاییە و ڕاویان دەنێت؟! هەن پێیان وایە شیعر نەفرەتی عەرەبە و تلیاکێکە ئالوودەی کردوون و مێشکی پەك خستوون و ناهێڵێت بە شەمەندەفەری سەردەم بگەن. من ئەم لۆژیکە ڕەت دەکەمەوە و پشتگیری لە (جاحز) دەکەم کەوتویەتی (شیعر پایەبڵندیی عەرەبە). پایەبڵندیی لێرەدا واتای بێگەردترین و شەریفترین-ی ئەو شتانە دەگەیەنێت کە مرۆڤ شکیان دەبات. شیعر وێنە و نموونەی نەتەوەیە، بەگەشانەوەی ئەو، دەگەشێتەوە و بەژاکانی ئەو، دەژاکێت. ئەوەش ڕاست نییە کە ئێمە لەبەر ئەوە دواکەوتووین شیعرمان دواکەوتووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شیعری ئێمە ئەو ڕۆژە بەقۆناغی خۆرگیران گەیشتووە کە خۆمان گەیشتووینەتە قۆناغی خۆرگیران.

چاخە مەزنەکان لە مێژووی عەرەبدا شیعری مەزنیان بەخشیوە و چاخە داڕوخاوەکانیش شیعری داڕوخاویان پێداوین. ئەم هاوکێشەیە، هەروەها بەسەر ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمان-یشدا دەسەپێت، کە تیایاندا شیعر پەیوەست بووە بە ڕووبەری دەوڵەت و ڕووبەری خەونەکانیەوە. کەواتە گوناه، گوناهی شیعر نییە، بەڵکو گوناهی ئەوانەیە کە دەینووسن. جاهلییەکان شیعرێکیان نووسیووە لە خۆیان چووە و ئومەوییەکان و عەباسییەکانیش هەروەها شیعرێکیان نوسیووە لە خۆیان چووە.

مەی هەمیشە هەر مەیە، ئەوەی کە دەگۆڕێت پەرداخەکانن!!

## سەماکردن بە وشە

من تیۆرییەکم نییە بۆ ڕاڤەکردنی شسعر. ئەگەر تیۆرییەکی لەو جۆرەم هەبوایە شاعیر نەدەبووم.

زانیاری لەسەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین پەکی دەخات، ڕێک وەکو ئەو سەماکەرەی کاتێك لە جولانی پێیەکانی خۆی ورد دەبێتەوە، ناتوانێت سەما بکات. شیعر سەماکردنە و قسەکردن لە بارەیەوە زانستی چاودێریکردنی هەنگاوەکانە. منیش، بە ڕاشکاوی دەیڵێم، حەزم لە سەماکردنە و هەرگیز پێوانەکردنی هەنگاوەکانم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە تەنها بیرکردنەوە لەو کارەی ئەنجامی دەدەم هاوسەنگیم تێك دەدات.

شیعر سەماکردنە بە زمان. من دووبارەی دەکەمەوە. سەماکردنە بە هەموو بەشەکانی مرۆڤ و بە هەموو جوڵە ئیرادی و نائیرادییەکانیەوە، بەهەموو چینە دیار و نادیارەکانیەوە، هەروەها بە هەموو خەونە شیاو و نەشیاوەکانیەوە و بە هەموو پێویستییە گونجاو و نەگونجاوەکانیەوە.



ئەوانەی پەخشان دەنوسن، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆیی، بەدەستی هیچ کێشەیەکەوە نا ناڵێنن، ئەوان بە شێوەیەکی سروشتی دەڕۆن و بە شێوەیەکی هەڵسەنگێنراو و لۆژیکی لەسەر کاغەز دەجولێنەوە و بەسەر ئەو شۆستانەدا دەڕۆن کە بۆ هاتوچۆی ڕێبواران دروست کراون.

بەڵام شاعیرەکان سەمایەکی وەحشیانە پێشکەش دەکەن، کە تیایدا سەماکەر جەستەی خۆی تێدەپەڕێنێت و ڕیتمی دیاریکراو دەبەزێنێت، تاکو خۆی ببێت بە ڕیتم.

من شیعر دەنووسم و نازانم چۆن دەنووسم. هەر وەك چۆلەکە و ماسی، کە ئەویان نازانێت چۆن دەفڕێت و ئەمیشیان نازانێت چۆن مەلە دەکات.

شاعیر بە شێوەی زۆرەملێ و ناچاریی لەناو شیعرەکانیدا دەژی، وەکچۆن ماسی لەنێو ئاودا زیندانییە، ئەویش لە نێو شیعردا زیندانی و دەست بەسەرە و توانای کشانەوە و ڕزگاربوونی نییە.

ڕزگاربوونی شاعیر لە شیعر و ماسی لەئاو بە مردن نەبێت ڕوونادات، مادام شیعر وەك خەنجەرێکی برۆنزیی داگیرساو بە شاعیردا چەقیوە، ئاسان نییە بۆ شاعیر سنووری ڕاستەقینەی خەنجەرەکە و لێدانەکەی بزانێ، چونکە گۆشتی ئەو و خەنجەرەکە دەبن بە یەك شت.

ڕامانی شاعیر لەوەی کە لە ناخیدا ڕوودەدات کارێکی گرانە. هەمان ئەو گرانییەی هەیە کە گوڵێك لەکاتی هەوڵدانیدا بۆ بۆنکردنی عەتری خۆی و دەمێك بۆ ماچکردنی خۆی، دووچاری دەبن. لەبەر ئەوە من هیچ تیۆرییەکم لەبارەی ئەو زەمینلەرزەیەوە نییە کە لە ژێر پێستمدا ڕوودەدات... نازانم لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت؟

من بە حەپەساوی و لە شێوەی کەسێکدا کە خۆی داوە بەدەستەوە، بەرەو ڕووی ئەو زەمینلەرزەیە دەچم و لە ژێر خۆڵەمێش و داروپەردووی خۆم دێمە دەرەوە و نازانم چی ڕوویداوە.

وەکچۆن ناتوانرێ کاتی زەمینلەرزە دەستنیشان بکرێت، کاتی شیعریش دەستنیشان ناکرێت.

شیعر هێرشێکی زۆر لەناکاوە، کەلێنی گەورە دەکاتە بوون و بێدەنگیمان و بەرلەوەی پێی بگەین دەکشێتەوە.

ئەمە بۆچوونێکی سەرەتاییە لە بارەی ئەوەوە کە ڕوودەدات و تایبەتە بە من، دەشێت ئەزموونی کەسێکی دی بە تەواوی جیاواز بێت.

لەبەر ئەوە دەڵێم تیۆرییەك نییە بۆ شیعر، هەموو شاعیرێك تیۆری خۆی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت.

شیعر ئەسپێکی کەحێلی جوانە و هەر کەس بە شێوازی تایبەتی خۆی سواری دەبێت. شێوازی من ئەوەیە کە ئەو ئەسپە ڕیسوا نەکەم و ناچاری نەکەم بە نێو قوڕ و چڵپاو و تاریکیدا بڕوات.

سواربوونی ئەسپ بەشێکە لە ڕەوشت و من ڕێگە بەخۆم نادەم گاڵتە بە شاعیرێك بکەم کە بەهەڵە سواری ئەسپەکەی بووە، هەوڵ دەدەم پاکانەی بۆ بدۆزمەوە.

ئەسپی شیعر هاوڕێمە و سواری ڕاستەقینەش خیانەت لە هاوڕێیەتی ئەسپ ناکات. من بە باشی لە ئەسپەکەی خۆم دەگەم، ناوچەوانی ماچ دەکەم و ئارەقی بۆ دەسڕم و بە درێژایی ڕێگا قسەی بۆ دەکەم و دەمی پڕ دەکەم لە چواله و لە مێوژ.

❊❊❊



بەڵام شیعر لە کوێدا نیشتەجێیە؟

هەر کاتێك هەوڵم دابێت بەدووی شوێنی نیشتەجێبوونی شیعردا بگەڕێم، لێم هەڵاتووە، ٣٠ ساڵە من هەوڵدەدەم لە ناکاوێکدا بە ڕووتی، یان بە جل و بەرگی ژێرەوە بیبینم.

بەڵام هەموو جارێك کڵاوی خۆشاردنەوە لەسەر دەکات و وەکو ڕوحێکی پاك دەبێت بە هەڵم.

من دەمەوێ لەکاتێکدا ئەو لەنێو قۆزاخە و نەخشە و قەڵەمە ڕەنگاو ڕەنگەکانیدایە، هێرشی بۆ ببەم، بەڵام هەموو جارێك ئەو هەست بە ترس دەکات و ئەو کارگەیە تەفروتونا دەکات کە کاری تێدا دەکات و دیار نامێنێت.

دوای ٣٠ ساڵ لە ڕاوەدوونانی شیعر، لە هەموو ئەو ماڵە نهێنیانەدا کە پەنایان بۆ دەبات و لە هەموو ئەو ناونیشانە درۆیانەی بە خەڵکیان دەدات، بۆم دەرکەوت شیعر ئاژەڵێکی ئەفسانییە و کەس نەیبینیووە. خەڵك تەنها شوێنەواری پێیەکانیان لەسەر زەوی و جێپەنجەکانیان لەسەر درەختەکان بینیووە. هەموو ئەوانەی لە بارەی شیعرەوە نووسیویانە، دەزانن کە ئەوان دوای ئاژەڵێکی ئەفسووناوی کەوتوون، ئاژەڵێك نە دەگیرێت و نە کوڵی پێوە دەدرێت، هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەوەشدا کە کیشوەرەکان و دارستانەکان و دوورگەکانی بۆ دەگەڕێن، دەزانن ئەم ئاژەڵە جوانە، هەرگیز ڕێگایان پێنادات پێستەکەی بە دەمبووس لە دیواری مۆزەخانە و زانکۆ و خوێندنگا ناوەندییەکاندا هەڵبواسن.

ئەم گەمەی مەحاڵە بە درێژایی سەدەکان بەردەوام دەبێت، ڕاوچییەکان تۆڕەکانیان هەڵ دەدەن و ڕای دەکێشنەوە و شیعر — ئەو ئاژەڵە جوانە- بەسەر درەخت و مانگ و پرچی کچاندا باز دەدات و زمان لە هەموو ڕاوچییەکان دەردەکێشێت.

***

ئەگەر شیعر، ڕەچەتەیەك بوایە دەتوانرا لە دووکانی بۆنفرۆش و وردەفرۆشەکان پەیدا بکرێت. یان ئەگەر شیعر درەختێك بوایە دەمانتوانی لە ڕێی گەڵا و چڵ و ڕەگەکانییەوە تێکڕای مێژووی درەختەکە ئاشکرا بکەین. یاخود ئەگەر بەردێك بوایە، دوای تاقیکردنەوەی لە تاقیگەدا هەموو مێژووی بەردەکەمان بۆ دەردەکەوت.

بەڵام شیعر، شلەیەکە زۆر زوو دەبێت بە هەڵم و دەکشێت، شیعر دەرهاویشتەیەکی مرۆیی وایە کە لە ناو هیچ دەفر و قۆزاخەیەکدا جێی نابێتەوە.

شاعیر دەنووسێت، بەڵام لە خراپترین ئەو کەسانەیە کە ڕاڤەی کیمیای نوسین دەکەن، بەسەر دەفتەرەکانیەوە دەمرێت، وەلێ ناتوانێت مردنی شیعریی خۆی، لێك بداتەوە.

ئەگەر داوامان لە (شکسپیر) بکردایە ئەو شێوازەمان بۆ شی بکاتەوە کە (هاملیت)ی پێ دروست کردووە، دەکەوتە بیانووهێنانەوە.

یان ئەگەر بە (بتهۆڤن)مان بگوتبایە لە بارەی لە دایکبوونی سەمفۆنیای (نۆیەم) و (پێنجەم) و (سێیەم)ەوە قسەمان بۆ بکات، دەحەپەسا. یاخود ئەگەر لە (روبنس) یان (ماتیس) یان (ڤانکوخ) یان (گۆیا) یان



(گریکۆ)مان بپرسیایە چۆن ڕەنگەکان تێکەڵ دەکەن و چۆنچۆنی سێبەرەکان دروست دەکەن، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکدییان دەکرد.

لە شیعردا ئەم گرانییە دوو بەرامبەر دەبێت، چونکە شاعیر ناتوانێت لەکاتی ئیشکردندا پێت بڵێت چۆن ئیش دەکات و دوای ئیشکردنیش لە بیری دەچێتەوە کە چۆن ئیشی کردووە.

ئەو شاعیرانەی کە لە بارەی ئەزموونی شیعریی خۆیانەوە قسەیان کردووە، هەمیشە بەدەوری شیعردا سووڕاونەتەوە، بەهەمان شێوەی تەرواده ئابڵوقەیان داوە و لە ئاکامدا لەسەر کەلاوەی قەسیدەی کۆتاییهاتوو، گیرساونەتەوە. واتە دوای ئەوەی بووە بە خۆڵەمێش.

هەموو گەڕانێکیش بە دوای شیعردا، گەڕانە بە دوای خۆڵەمێشدا نەك ئاگر.

***

لەوانەیە ئەم پێشەکییە لەنێو میتافیزیکیا و ڕۆمانسیەتی خۆیدا ون بووبێت و ڕووی ڕاستەقینەی شیعری ڕوناك نەکردبێتەوە.

بەڵام ئایا حەقیقەتی شیعری لە کوێدایە؟ کامە شێوەیەتی؟ لەکام شار و لە کام شەقام نیشتەجێیە؟

چۆن دەتوانم بابەتیی بم، لە کاتێکدا من خۆم بابەتەکەم؟

یان چۆن دەتوانم لە بارەی ڕووبەری برینەکانمەوە قسەتان بۆ بکەم. کاتێك من خۆم برینەکە بم؟!

## لەدایکبوون لەناو پێخەفێکی سەوزدا

ئەو ڕۆژەی لە یەکێك لە ماڵەکانی دیمەشق-ی کۆندا (٢١/٣/١٩٢٣) لە دایك بووم، خاکیش لە حاڵەتی لە دایکبوون دابوو.

ئەو کاتە بەهار لە ئامادەکردنەوەی جانتا سەوزەکانیدا بوو، خاك و دایکم پێکەوە دووگیان بوون و پێکەوەش منداڵیان بوو.

ئایا ئەوە ڕێکەوت بوو کە من لە وەرزێکدا لە دایك بووم زەوی بەسەرخۆیدا شۆڕشی دەکرد و درەختەکان بەرگی کۆنینەی خۆیان فڕێ دەدا؟

یاخود لە چارەم نووسرا بوو کە وەکو مانگی ئازار بم، مانگی گۆڕان و وەرچەرخان؟ هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ڕۆژی لەدایکبوونی من، سروشت سەرقاڵی کۆدێتا بوو بەسەر زستاندا و داوای لە کێڵگەو گیا و گوڵ و چۆلەکەکان دەکرد پشتیوانی لە کۆدێتای ئەو بەسەر ڕۆتینەکانی زەویدا، بکەن.

ئەمەیان ڕووداوی نێو خاك بوو، وەلێ لە دەرەوەی خاك، بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە داگیرکەری فەرەنسا، لە لادێکانی سوریاوە بۆ شار و



گەڕەکە میللیەکان درێژ دەبۆوە، ئەو کاتە گەڕەکی (شاغور) کە ئێمە تیایدا نیشتەجێ بووین، یەکێك لە سەرچاوەکانی بەرەنگاری بوو. سەرکردەکانی ئەم گەڕەکە دیمەشقییە لە بازرگانان و پیشەوەران و خاوەن دوکانەکان بوون، کە پشتیوانی ماڵییان لە بزوتنەوەی نیشتمانی دەکرد و لەنێو ماڵ و دوکانەکانیانەوە سەرکردایەتیان دەکرد.

باوکم تۆفیق ئەلقەبانی یەکێك لەو پیاوانە و ماڵەکەمان یەکێك لەو ماڵانە بوو.

ئای چەند لەنێو حەوشەی ئەو خانووە گەورە ڕۆژهەڵاتییە دادەنیشتم و بەتاسەیەکی منداڵانەی جەربەزەوە، گوێم بۆ ئەو سەرکردە سیاسییانەی سوریا ڕادەگرت، کە لەبەر هەیوانی ماڵەکەمانەوە وتاریان بۆ هەزاران کەس دەدا و داوای بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری فەرەنسایان دەکرد و هانی گەلیان دەدا کە شۆڕش بەرپا بکەن و ئازادی بەدەست بهێنن.

هەر لە ماڵی ئێمەدا و لە گەڕەکی (مئذنة الشحم) کۆبوونەوە سیاسییەکان لە پشتی دەرگای داخراوەوە ئەنجام دەدران و نەخشە بۆ ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و ئامرازەکانی بەرگریکردن، دادەڕێژرا. ئێمەیش لەمدیوی دەرگاکانەوە گوێمان بۆ چرپەچرپەکانی ئەوان هەڵ دەخست و شتێکیشیان لێ تێنەدەگەیشتین... خەیاڵدانی بچووکی من لەو ساڵانەدا، ساڵانی (سییەکان) توانای ئەوەی نەبوو بەوردی هەست بەشتەکان بکات.

بەڵام کاتێك سەربازە سەنگالیەکانم بینی لەو سپێدەی بەیانییەدا بە چەك و تەقەمەنی و قەمەوە، خۆیان بە ماڵماندا کرد و باوکمیان لەگەڵ خۆیاندا بەرەو گرتووخانەی (تدمر) لە بیابان برد....

تێگەیشتم باوکم خەریکی پیشەیەکی دیکە بووە، جگە لە پیشەی دروستکردنی شیرینی، ئەو خەریکی دروستکردنی ئازادی-یش بوو...

واتە باوکم شیرینی و شۆڕشی دروست دەکرد.

من بەم دوولایەنیەی باوکم سەرسام بووم و بەوەش حەپەسا بووم کە چۆن دەتوانێت شیرینی و (دڕ)ی پێکەوە کۆبکاتەوە... ئەمەم بۆیە بیر هێنایەوە تا بڵێم کە ئەم دوولایەنیەی نێو کەسایەتی باوکم، بە ئاشکرا بۆ من و بۆ شیعرەکانم پەڕیوەتەوە.

شیعری خۆشەویستی کە بووە بە پەساپۆرتی پەڕینەوەی من، بەرە و خەڵك، لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە پاسەپۆرتێك، لەو پاسەپۆرتانەی کە بەکاریان دەهێنم.

من بە سروشتی خۆم گەشتیارێکی فرە ڕەگەزنامەم، هەر کاتێك بەدەستی پاسەپۆرتێکمەوە بێزار بووبم، فڕێم داوە و پاسەپۆرتێکی دیکەم بە پەڕەی نوێ و بە خێزانی نوێوە، لە گیرفانم دەرهێناوە. بەڵگەنامەی گەشتکردنم زۆر بەلاوە گرنگ نەبووە، بەقەد ئەوەی خودی گەشتکردنەکەم بۆ گرنگ بووە.

## خێزانەکەم و منداڵییم

لە پێکهاتەی خێزانییدا، من کوڕی دووەم بووم لە نێوان چوار کوڕ و کچدا، کە ئەوانیش (المعتز و رشید و صباح و هیفا) بوون.

خێزانەکەمان لە ڕووی داراییەوە، لە خێزانە مامناوەندییەکانی دیمەشق بوو. باوکم نە دەوڵەمەند بوو نە سامانی کۆ دەکردەوە، هەموو ئەوەی لە کارگەی شیرینیەکەی بەدەستی دەهێنا، بۆ بەخێوکردن و خوێندنی ئێمە و بۆ یارمەتیدانی (بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوەی میللیی دژ بە فەرەنسا)ی خەرج دەکرد.

ئەگەر بمەوێت باوکم پۆلین بکەم، بەبێ دوودڵیی لە نێو زەحمەتکێشاندا پۆلێنی دەکەم، چونکە پەنجا ساڵی تەمەنی لە هەڵمژینی بۆنی خەڵوزی بەردین و سەرخستنەسەر زەرفی شەکر و دار و تەختە، بەسەر برد و هەموو



ئێوارانێک لە کارگەکەیەوە بە گەڕەکی (معاویە)دا و وەك کەشتییەکی کونبوو، بە ژێر چۆڕاوگەی زستانانەی پلوسکەکاندا، بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە.

من هەرکاتێك ئەو وتانە دەخوێنمەوە کە من بە بۆرژوازی و بەشێك لە چینی خۆشبەخت و بە بەشێك لەو ڕەچەڵەکانە ناو دەبەن کە خوێنییان زەردە، یەکسەر سیمای خەڵوزاوی باوکم و جلوبەرگە پڕ پەڵە و سووتاوییەکەیم بیر دەکەوێتەوە.

کام چین و کام خوێنی زەردە، ئەوەی کە لە بارەیەوە دەدوێن؟ خوێنی من، نە خوێنی میر و نە خوێنێکی پاشایانەیە، بەڵکو خوێنێکی ئاساییە وەك خوێنی هەزاران خێزانی دیمەشقیی کە بە شەرەف و سەربەرزی و پاکی و ترسان لە خوداوە، بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن!

## تێکشکاندنی شتەکان

لەتەمەنی (١٠) ساڵیمدا، من بە دوای ڕۆڵێکی گونجاودا دەگەڕام، ببینم... هەستم بە دەنگێك دەکرد لە ناوەوەی خۆمدا، کە پاڵی پێوە دەنام شتێك بڵێم، یان شتێك بکەم، یاخود شتێك بشکێنم...

ئەم ئارەزووەی شکاندنی شتەکان خۆم و کەسوکاریشی ماندوو کردم.

دەنگەکان لە ناوەوەمدا پرسیاریان دەکرد.

بۆچی قەبارەیان ناگۆڕێت؟

بۆچی ناویان ناگۆڕێت؟

بۆچی کورسی دادەنرێت و دار بە پێوەیە و مێز چوار قاچی هەیە؟

منداڵێتیی من پڕ بوو لە شتەگەلێکی سەیر و نامۆ.

جارێکیان، هەر بە گاڵتە، ئاگرم لە جلوبەرگی خۆم بەردا، بۆ ئەوەی نهێنی ئاگر بناسم. جارێکیشیان لە سەربانەوە خۆم فڕێدایە خوارەوە، بۆ ئەوەی هەست بە بەربوونەوە بکەم. جارێکی دی کڵاوە سورەکەی باوکمم بە مقەست بڕی، چونکە لە شێوە بازنەییەکەی بێزار ببووم.

جارێکیشیان بە چەکوش پشتی ئەو کیسەڵەم شکاند کە لەماڵەوە هەمان بوو، تا بزانم سەری لە کوێدا دەشارێتەوە؟

تا ئێستاش خوێنی ئەو کیسەڵە کوژراوەم پێوەیە و ئارامیم لێ تێك دەدات.



من نەمویست ئەو بکوژم، بەڵکو ویستم نهێنی بکوژم.

توێکڵی ئەستووری شتەکان منیان ئازار دەدا.

ئەوەی من بۆی دەگەڕام شێوەیەك بوو لە پشتی شێوەکان و ڕەنگێك بوو لە پشتی ڕەنگەکانەوە.

شتەکان لە نێو دەستی مندا تەمەنیان نەبوو، لاواز بوون و خێرا خراپ دەبوون. بووکەشووشە ناتوانێت بەرەنگاریی بکات. شەمەندەفەرەکانی منداڵیی و دەفتەری وێنەکێشان و قەڵەم و دەفتەر و کتێبە ڕەنگاوڕەنگەکانی منداڵیی، ناتوانن بەرەنگاری بکەن.

تەنانەت ژوورەکەم لە منداڵییدا وەکو گۆڕستانی شتە لەکارکەوتووەکانی لێهاتبوو. لە کاتی بێزاریی و هەڵشاخانی کەسوکارم بە ڕوومدا، پوورێکی دانا و فەیلەسوفم هەبوو، بەدەنگێکی قووڵ، کە هەموو پەندەکانی ژیانی تێدا کۆ ببوەوە، پێی دەوتن: ((وازی لێبهێنن با بشکێنێت... با بشکێنێت، لە خۆڵەمێشی ئەو شتانەوە درەختی سەیر دەردەچن.

لە ١٢ ساڵیمدا، حەپەسانێك داگیری کردم کە وێنەی نەبووە، لە کوێوە دەست پێبکەم؟ چۆن دەست پێبکەم؟

من کاتێك لە نێو جێگەکەمدا ڕادەکشام، دەستم لە تاریکیدا بەرز دەکردەوە و لەنێو بۆشاییدا هێڵگەلێکم دەکێشا کە بێکۆتایی بوون و شێوەگەلێکم دروست دەکرد کە هیچ مانایەکیان نەبوو.

وێنەکێشان! لەوانەیە قەدەری من بووبێت.

(٢) یان (٣) ساڵ من خۆم خستە نێو قۆزاخەی ڕەنگ و بۆیە و قوماشەوە. بە خەڵوز و بۆیەی ئاوی و بە زەیت، وێنەم کێشا. وێنەی گوڵ و بەرهەم و ڕووبار و کەژاوە و دارستان و کەنار و ژنی ڕووتم کێشا.

وێنەکێشێکی خراپ نەبووم، بەڵام باشیش نەبووم.

کە واتە بۆ من، وێنەکێشان ئارەزوویەکی کاتیی بوو.

تابلۆکانم نەیانتوانی هەڵکشان و داکشانی دەروونم لەخۆ بگرن. خەمخواردن لەناوەوە هەڵی دەکۆڵیم... هەستم دەکرد ڕەنگ دەنگی نییە... هەستم دەکرد منداڵێکی جوانە، بەڵام لاڵە.

لە (١٤) ساڵییدا پەرۆشیی بۆ مۆسیقا دایگرتم. پێم وابوو جیهانی دەنگەکان خۆشتر و دەوڵەمەندترە...

پێم وابوو بە پێچەوانەی جیهانی هێڵەکانەوە، ئەم دەتوانێت دەرگای ڕزگاربوونم بێت. لەگەڵ مۆسیقا ڕێك کەوتم. دەستم بەخوێندنی نۆتە کرد و لەوانەی دووەمدا هەستم کرد نۆتە وەکو خشتەی لێکدان، زانستێکی پووتە، ئەو پشت بە هاوکێشە و ژمارە دەبەستێت.

لەبەر ئەوەی زانستی ژمارە دەیتۆقاندم، هەر لەسەرەتاوە بڕیارمدا کەشتیی مۆسیقام ڕابگرم...

ئامێرەکەم فڕێ دا و ژێیەکانیم پساند و جارێکی دی کەوتمەوە نێو حەپەسانەوە. ڕاستە هەردوو ئەزموونی (وێنەکێشان) و (مۆسیقا) شکستیان هێنا و بە نائومێدیی کۆتاییان هات، بەڵام ئەو دوو ئەزموونە ڕۆڵێکی بنچینەییان لە دروستبوونی هونەریی من و لە پێکهاتنی زمانی شیعرییمدا، گێڕا.

لە قۆناغەکانی سەرەتای نوسینمدا، هەستم دەکرد من لەسەر دەفتەر سەما دەکەم، نەك دەنووسم.

لە دیوانەکانی (منداڵێتیی مەمك) و (تۆ بۆ منیت) و (سامبا)دا، حاڵەتێکی مۆسیقایی دەستی بەسەر مندا گرتبوو کە لە زۆر کاتدا پاڵی



بەمنەوە دەنا، وەك لۆرکای شاعیری ئیسپانیایی، شیعرەکانم بە گۆرانی و بەدەنگی بەرز بچڕم.

ئەو کاتە پیتەکان وەکو ژێ لە بەردەممدا درێژ دەبوونەوە و وشەکان وەکو باخێك لە ریتم شەپۆلیان دەدا.

من، وەکچۆن ژەنیار لە بەردەمی پیانۆدا، دادەنیشێت، لە بەردەمی کاغەزەکانمدا دادەنیشتم و بەر لەوەی بیر لە مانا بکەمەوە، بیرم لە ئاواز دەکردەوە و بەر لەوەی بە دووای وشەکاندا ڕابکەم بەدووای دەنگدانەوەیاندا ڕام دەکرد.

ئەو کاتانە، ئەو ڕستەیەی ڤالیری "مۆسیقا و هیچ شتێکی دیکە نا، جگە لە مۆسیقا" بەردەوام لەکاتی نوسیندا بە شوێنمەوە بوو.

من قەسیدەم بە جۆرێك لە نۆتەی مۆسیقا دەزانی.

بۆ نموونە (سامبا) یەکێك لەکارە سەرپاك مۆسیقاییەکانە، ئەگەر بەرگە مۆسیقاییەکەی لەبەر دابکەنین، شتێکی لێ نامێنێتەوە.

دوای ئەو قۆناغە، خەمی هێڵکاری و شێوەکان دایگرتم و پیتەکان بەلامەوە شێوەی جیاجیان وەردەگرت، جارێك ڕاستەهێڵ و جارێك هێڵی شکاو و جارێك هێڵی چەماوە بوون.

بۆ یەکەمجار لەوێوە بە شێوەی ئەندازەیی بیرم کردەوە و قەسیدەم لێ بوو بە تەلارێك کە وەکو هەر ئەندازیارێکی تەلارسازیی نەخشەم بۆ دەکێشا. بەواتایەکی دی (بە وشە وێنەم دەکێشا).

## ماسییەکان

لە هاوینی ساڵی ١٩٣٩دا، ئەو کاتەی نەورەسەکان (کەرە)ی سپی قەد ئەو کەشتییەیان دەلێسایەوە کە لە بەیروتەوە بەرەو ئیتاڵیا بەڕێ کەوتبوو، لە کاتێکدا هاوڕێ خوێندکارەکانم لە کچان و کوڕان، لەسەر پشتی کەشتییەکە پێدەکەنین و خۆیان دەدایە بەر هەتاو و وێنەیان بۆ یادگاریی دەگرت، من بە تەنیا لە پێشەوەی کەشتییەکە ڕاوەستا بووم، لەبەرخۆمەوە یەکەمین وشەی یەکەمین شیعری خۆمم دەوتەوە.

کتوپڕییەك بوو دوچاری سەرسوڕمانی کردم، دێڕی یەکەم وەکو ماسییەك کە لە قوڵایی دەریادا قەڵەمباز بدات، لە دەمم دەرپەڕی.

دوای دوو خولەك ماسی دووەم دەرپەڕی، دوای دە خولەك ماسی سێیەم، دوای ئەوە چوارەم و دواتر پێنجەم و دواجار دەیەم لە دەمم دەرپەڕین.

لە خۆشیی ماسییە سوور و شین و ئاڵتونییەکانی ناو دەمم، باڵم گرت.

ئیدی نەم دەزانی چی بکەم؟ چۆن ماسییە هەڵلەرزیوەکان بگرم؟ لە کوێ دایان بنێم؟ چی خواردنێکیان بدەمێ، تاکو بە زیندوویی بمێننەوە؟

بە پەلە بەرەو ژوورەکەی خۆم لە ناو کەشتییەکە دابەزیم، دەفتەرێکم دەرهێنا و هەموو ئەو ماسییانەم تێ هەڵڕشت کە کۆم کردبوونەوە.



هیچ کام لە هاوڕێیانی گەشتەکەمم لە گەنجینەکەم ئاگادار نەکردەوە، ترسام ماسییەکانم لێ بسێنن. بۆ جاری یەکەم و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا و دوای گەشتێکی درێژ لە گەڕان بە دوای خۆمدا، بە شاعیریی خەوتم.

لە (ڕۆما) و (بندوقییە) و (تریستا) و (برندزی) و شارانێکی دیکەی ئیتاڵیا، چەند ڕۆژێکی خۆشمان گوزەراند. بەڵام هێشتا هەفتەی دووەمی گەشتەکەمان تەواو نەکردبوو، دووەمین جەنگی جیهانیی هەڵگیرسا و سوپاکەی هیتلەر دەستی بە هەڵلوشینی ئەوروپا کرد و دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیا ناچار بوون لەگەڵ یەکەمین کەشتییدا کە بەرە بەیروت دەڕۆیشت، ڕەوانەمان بکەنەوە.

لە ساڵەکانی جەنگدا خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی باڵام تەواو کرد و لە ١٩٤٥دا لە زانکۆی سوریا، لە دیمەشق، بڕوانامەی لیسانسم لە مافەکاندا بەدەست هێنا.

من بە هەڵبژاردنی خۆم خوێندنی یاسام هەڵنەبژارد، بەڵکو لەبەر ئەوە خوێندم کە ئەو کلیلی کارکردنی ئایندەم بوو.

کتێبەکانی فیقهی ڕۆمانی و نێودەڵەتییەکان و کتێبی دەستووریی و کتێبی ئابووری سیاسیی، وەکو دیوارێك لە فیشەك وابوون لەسەر دڵم.

من بابەتە یاساییەکانم، وەکو کەسێك کە بە ناچاری شتێك قوت بدات، لەبەر دەکرد.

هەر چیم دەخوێندەوە ئارەزووی خوێندنەوەی نەدەکردمەوە، لە کاتی وانەکاندا من لە پەراوێز و لێواری کتێبە یاساییەکاندا بە قەڵەمی دار، سەرەتای شیعرەکانم دەنووسی.

بۆ نمونە یەکێك لە قەسیدە بەناوبانگەکانم کە قەسیدەی (مەمکەکانت)ە، لە پەراوێزی کتێبی شەریعەتدا نوسیم. کاتێکیش لە کۆتایی ساڵدا چوومە تاقیکردنەوەوە، نمرەکانم لە وانەی شەریعەتدا لە خراپترین نمرە کانم بوو.

من کاری پارێزەرییم نەکرد و یەك دۆزی یاساییم نەبردەوە، تاکە دۆز، کە بردمەوە و تا ئێستایش بەردەوامم، دۆزی جوانی بوو. تاکە بێتاوانیش کە بەرگریم لێ کرد، شیعر بوو.

کە وابوو شیعر لەسەردەمی جەنگدا بەرەو لای من هات.

لە لایەنە باشەکانی جەنگ، ئەگەر جەنگ لایەنی باشی هەبێت، ئەوەیە کە توێکڵ و هزری جیهان هەڵدەتەکێنێ.

راستە دیمەشق لە چلەکاندا دووچاری هیچ هێرشێکی ڕاستەوخۆ نەبۆوە، بەلاّم بە دڵنیاییەوە، وەکو زۆرینەی ولاّتانی عەرەب، دووچاری جۆرێکی دیکە لە هێرش بۆوە، هێرش بۆ سەر عەقڵ و بۆ سەر هزری.

منارەکان، کە ٥٠٠ سەد ساڵ بوو لە دڵنیاییدا دەژیان، ئیدی دڵنیا نەبوون، هەر حەوت ڕووبارەکەی دیمەشق کە بە ئارامیی سەریان کردبووە سەر سەرینی سەوزە گیاکان، ئیدی ئارامییان نەما.

دیمەشق بە هەزاران شت کە بۆی مابوونەوە ڕازی بوو، بە بێگوناهی و دەستلێنەدراوی و پاکێتی خۆی ڕازی بوو، بە مەزارگا و پیاوچاکان و پەند و قاوەخانە و سەماوەر و مینبەر و وتاربێژ و شیعر و شاعیرانی خۆی ڕازی بوو.

دیمەشق جگە لە خەمی بەردەوام-ی نەتەوایەتی و جولاّنی بەرەو عەرەب و عەرەبایەتی، کە لەوەتی خوا دروستی کردبوو وابوو، لە ڕووەکانی دیکەی وەك ڕووی کۆمەلاّیەتی و ئەدەبییەوە نەگۆڕ و خۆپارێز بوو.



ئەو کاتانە دیمەشق پاڵی لێ دابۆوە، نە داهێنانی وەردەگرت و نە داهێنەرانی بۆ هەرس دەکرا.

لە تێگەیشتنی دیمەشقدا ئەدەب یان ئەدەبی پێشین بوو یان نەبوو، پەخشان لای ئەو، یان پەخشانی (ئەلجاحز) و (ئیبن ئەلمەقفەع) و (عەبدولحەمید ئەلکاتب) بوو، یان نەبوو.

شیعریش لە وێناکردنی دیمەشقدا یان شیعری (لەبید) و (ئەلئەعشا) و (ئەلنابغە) بوو، یان نەبوو.

هەموو دەرچوونێك لە (ئەلئەغانی) و (ئەلعەقد ئەلفەرید) و (ئەلبەیان وەلتەبیین) بە دەرچوون لە ڕێی ڕاست دادەنرا.

ڕێی ڕاستیش هەموو ئەو بەرهەمانە بوو کە باو و باپیرانمان لە دیوانی شیعر و کتێبی ڕەوانبێژیی و ڕێزمان و واتاسازیی و ئەستێرەناسیی و جادووبازیی بۆیان بەجێ هێشتبووین.

لە تێگەیشتنی شارەکەماندا، کلتوور مەزارێکی مەرمەڕین بوو، ڕێگا بە جوانکردن و دەستپێداهێنانی نەدەدرا، ڕێگایەکی ئاسنین بوو لە وێستگەی جاهیلیەتەوە تا سەدەی بیستەم، بەیەك ئاراستە دەڕۆیشت.

ویستگەکان هەر ئەوانە بوون کە هەبوون، وەستانەکان هەر ئەوانە بوون کە هەبوون، ناوی گەشتیارەکان هەر ئەوانە بوون کە هەبوون، جانتای گەشتیارەکانیش هەر ئەوانە بوون کە هەبوون..

٥٠٠ سەد ساڵ سەرنشینەکان لە ژوورۆچکە دارینە ناخۆشەکانیاندا زیندانیی بوون، نە دابەزینیان هەبوو نە سەرکەوتن، بەو جۆرە ببوون بە بەشێك لە شەمەندەفەرەکە و لە گەشتە بێزارکەرەکەی.

## خۆشەویستی تا ڕادەی قوربانییدان

من لە خێزانێکم کە عەشق پیشەیەتی.

خۆشەویستی لەگەڵ منداڵەکانی ئەو خێزانەدا، بە هەمان شێوەی شەکر لە ناو سێودا، لە دایك دەبێت.

لە تەمەنی ١١ ساڵییماندا عاشق دەبین، لە ١٢ ساڵیدا بێزار دەبین، لە ١٣ ساڵیدا جارێکی دی عاشق دەبینەوە، لە ١٤ ساڵیدا دیسان بێزار دەبینەوە، لە ١٥ ساڵیدا منداڵانی خێزانەکەی ئێمە پیر دەبن و دەبنە خاوەنی ڕێبازی خۆیان لە عەشقدا.

باپیرم ئاوا بوو، باوکیشم هەر ئاوا بوو، خوشك و براکانیشم هەموویان لەگەڵ بینینی یەکەمین چاوە گەورەکاندا دەکەونە نێو عەشقەوە، بە ئاسانی دەکەون و بە ئاسانیش لە ئاو دێنە دەرەوە.



هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان تا ڕادەی قوربانییدان خۆشەویستی دەکەن، لە مێژووی خێزانەکەیشماندا ڕووداوی سەرنجڕاکێشی شەهیدبوون هەیە، کە هۆکارەکەی عەشق بووە.

شەهیدی ئەو ڕووداوە (ویساڵ)ی خوشکی گەورەم بوو، لەبەر ئەوەی نەیتوانی شوو بە خۆشەویستەکەی خۆی بکات، بە ساناییەکی زۆر و بە شێوازێکی شاعیرانەی بێوێنەوە، خۆی کوشت.

وێنەی خوشکەکەم کاتێ لە پێناوی خۆشەویستییدا دەمرد، لە ناو گۆشت و پێستی مندا بە هەڵکۆڵراوی ماوەتەوە. تا ئێستایش شێوەی نورانیی و فریشتەیی و زەردەخەنە جوانەکەیم لە کاتی مردندا، لە یاد ماوە.

ئەو لە مردنەکەیدا لە (ڕابیعەی عەدەوییە) جوانتر و لە (کیلۆباترا)ی میسر سەرنجڕاکێشتر بوو.

کاتێك لەگەڵ تەرمی خوشکەکەمدا دەڕۆیشتم، کە ئەو کات تەمەنم ١٥ ساڵ بوو، خۆشەویستی لە ناو تەرمەکەدا و بە تەنیشتی منەوە دەڕیشت و خۆی بەسەر باڵمدا دەدا و دەگریا.

کاتێ خوشکەکەمیان خستە ژێر گڵەوە و ڕۆژی دواتر چووینەوە بۆ سەردانی، گۆڕمان نەبینی، بەڵکو لە جێگاکەیدا، گوڵێکمان بینی.

***

تۆ بڵێی مردنی خوشکەکەم لە پێناوی خۆشەویستییدا، یەکێك لەو هۆکارە دەروونییانە نەبێت کە وایان کردووە بە هەموو هێزێکمەوە، خۆم بۆ شیعری خۆشەویستی تەرخان بکەم و جوانترین وشەکانمی پێشکەش بکەم؟

تۆ بڵێی نوسینەکانم لە بارەی خۆشەویسییەوە، قەرەبووکردنەوەیەك نەبن بۆ ئەوەی خوشکەکەم لێی بێبەش بوو؟ تۆ بڵێی تۆڵەکردنەوەیەك نەبن لەو کۆمەڵگایەی خۆشەویستی ڕەت دەکاتەوە و بە تەور و تفەنگەوە دوای دەکەوێت؟

من ئەم هۆکارە دەروونییە ناسەلمێنم و ڕەتیشی ناکەمەوە، بەلاّم دڵنیام تیاچوونی خوشکە عاشقەکەم، شتێکی لە ناوەوەی مندا شکاند و زیاتر لە بازنەیەك و زۆرتر لە نیشانەیەکی پرسیاری بەسەر دەریاچەی منداڵییمەوە، جێهێشت.

***

وتم من لە خێزانێکم ئامادەیی بەردەوامی بۆ خۆشەویستی هەیە، خێزانێك (هەستیارییەك)ی لە ڕادەبەدەری بۆ کەوتنە نێو خۆشەویستی هەیە. ئەگەر هەستیاریی هەندێك خەڵك سەرچاوەکەی ڕەنگ، یان بۆن، یان تام، یاخود گۆڕانی وەرزەکان بێت، ئەوا هەستیاریی خێزانەکەی ئێمە، سەرچاوەکەی دڵە.

هەموومان ئەم هەستیارییە لە ڕادەبەدەرەمان لەبەردەمی شتە جوانەکاندا هەیە.

باوکم، کاتێ بەژن و بالاّی ژنێکی جوانی دەبینی، وەك چۆلەکە ڕادەچڵەکی و وەك شوشە دەشکا.

خوێندنەوەی نامەیەك، یان گریانی منداڵێك، یاخود پێکەنینی ژنێك، باوکمی تەفروتونا دەکرد، تەفروتوناکردنێکی تەواو.

باوکم لە بەرامبەر ڕووداوە بەرجەستەکاندا بەهێز و خۆڕاگر بوو، بەلاّم لەبەردەمی دەموچاوێکی جواندا دەبوو بە مشتێك خۆڵەمێش.



چاوە شینەکانی وەکو ئاوی دەریاچەیەکی سویسرایی ساف و ڕوون بوون، بالاّ ڕێکەکەیشی وەکو ڕمی شەڕکەرێکی ڕۆمانی وابوو، دڵیشی دەفرێك بوو لە کریستاڵ، کە جێگای هەموو دنیای تێدا دەبۆوە.

سامانی ئەو کە شانازی پێوە دەکرد، خۆشەویستی خەڵك بوو، لەوەیش زیاتری نەدەویست. ئەو ڕۆژەی کە مرد، هەموو دیمەشق هاتنە دەرەوە و ئەویان خستە سەرشانیان و بڕێك لەو خۆشەویستییەیان بۆ گێڕایەوە، کە پێی بەخشی بوون.

دایکیشم، سەرچاوەیەکی سۆز بوو کە بەبێ حساب سۆزی دەبەخشی. منی بە کوڕی سەردەستەی خۆی دانابوو. لە چاکەکانییدا منی لە خوشك و براکانم جیاکردبۆوە. بەبێ دەربڕینی گلەیی و گازندە و بێزاربوون، داواکارییە منداڵانەکانمی جێبەجێ دەکرد.

من گەورەیش بووم، کەچی بەردەوام لە ڕوانینی دایکمدا منداڵێکی بچوك و لاواز بووم، تا بووم بە ٧ ساڵانیش شیری پێ دەدام و تا ١٣ ساڵانیش بە دەستی خۆی خواردنی دەدامێ.

دواتر من گەشتی هەموو کیشوەرەکانی دنیام کرد و بە خواردن و خواردنەوە و پاکوخاوێنی پێخەفەکانمەوە سەرقاڵ بووم. بەردەوام کە خێزانەکەمان لە دیمەشق لەدەوری خوان کۆدەبوونەوە، دایکم دەیپرسی: ((ئاخۆ کوڕەکەمان لە وڵاتی غەریبی کەسێکی دەست دەکەوێت خواردنی پێشکەش بکات؟)).

دایکم خواردنی دیمەشقییانەی دەپێچایەوە و بۆ ئەو باڵوێزخانانەی دەنارد کە من کارم تێدا دەکردن، چونکە بڕوای نەدەکرد لە دەرەوەی دیمەشق شتێك هەبێت بۆ خواردن.

وەلێ لە ڕووی هزرەوە خاڵی پێکگەیشتن لە نێوانی من و دایکمدا نەبوو، ئەو بە خواپەرستی و ڕۆژووگرتن و بەرماڵی نوێژەوە سەرقاڵ بوو. لە مەوسیمی خۆیدا سەردانی گۆڕستانی دەکرد. نەزری بۆ پیاوچاکان دەکرد. لە عاشورادا دانەوێڵەی لێ دەنا. ڕۆژانی چوار شەممان نەدەچووە سەردانی نەخۆش. دوو شەممان خۆی نەدەشووشت. دژی ئەوە بوو دوای داهاتنی شەو نینۆکمان بکەین. لە ترسی شەیتان ئاوی کولاوی نەدەڕشت. لەترسی چاوی حەسوودان، بەردی شینی بە بەرۆکی هەمووماندا هەڵدەواسی.

لە نێوانی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی باوکم و بیرکردنەوەی سەلەفییانەی دایکمدا، من لەسەر خاکێك لە ئاگر و ئاو، پێ گەیشتم.

دایکم ئاو و باوکم ئاگر بوو، منیش بە سروشتی پێکهاتەی خۆم، فەزڵی ئاگرەکەی باوکمم بەسەر ئاوەکەی دایکمدا دەدا.

باوکم بە مانا کلاسیکییەکەی دینداریی، دیندار نەبوو، لە ترسی دایکم بەڕۆژوو دەبوو. هەروەها لە ترسی ناوبانگی خۆی لە ناو خەڵکدا، لە هەندێك بۆنەدا نوێژی هەینی لە مزگەوتی گەڕەك دەکرد.

ئاین لای باوکم هەڵسوکەوت و مامەڵە و خووڕەوشت بوو، خودا گەواهی بۆ دەدات کە ئەو خاوەنی خووڕەوشتێکی بەرز بوو. هەمیشە لە سامانی ئەودا هەژار و بێبەشان مافیان هەبوو، بەردەوامیش لە دڵیدا جێگایەك بۆ ئازارچەشتووانی دنیا هەبوو.

لە ماڵی ئێمەدا، هەمیشە کولێرە دوو پارچە بوو، پارچەی یەکەم بۆ خەڵك و پارچەی دووەم بۆ خۆمان بوو.



باوکم ئاینی لە چوارچێوە ئیستاتیکییەکەی جیا نەدەکردەوە، لەبەر ئەوە بە سەعات گوێی بۆ قورئانخوێنی گەورە (شێخ محەمەد ڕەفعەت) شل دەکرد و لە دەنگییدا نوقم دەبوو. باوکم دەنگی ئەو پیاوەی بە پەنجەرەیەکی کراوە لەسەر نوری خودا و بە ڕووبەرێك لە ڕووبەرەکانی ئیمان دەزانی.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیرناچێت کە بە تفەنگی ڕاو هەڕەشەی لە بانگدەرێکی دەنگناخۆش کرد، کە بۆ مزگەوتێکی تەنیشتی ماڵی ئێمەیان هێنا بوو، چونکە بە بۆچوونی باوکم دەنگی ئەو پیاوە پیلانێك بوو لە دژی ئیسلام و موسوڵمانان، ئەو پیاوە بە یەکجاریی ون بوو، ئیتر نەیوێرا بۆ سەر شوێنی بانگدان سەر بکەوێت.

***

بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی باوکم سەرسامی دەکردم، من بە نموونەی بەرزی پیاوێکم دادەنا کە شتە چەسپیووەکان ڕەت دەکاتەوە و بە شێوازی تایبەتیی خۆی بیر دەکاتەوە.

سەرباری لێکچوونی زۆرم بە باوکم لە ڕووی دیمەنی دەرەوەمەوە، دیمەنی دەروونیم زیاتر لەو دەچوو.

ئەگەر هەموو منداڵێك لە قۆناغی منداڵییدا بە دوای سوارچاکێك و نموونەیەك و قارەمانێکدا بگەڕێك، من باوکم سوارچاك و قارەمانەکەم بوو، لە باوکمەوە فێری دزینی ئاگر بووم.

## ئیغتیسابکردنی جیهان بە وشە

لەوکاتەوەی دەستم بە شیعرنوسین کرد، دزینی ئاگر هیوایەتم بوو. بەڵام من وەك (برۆمسیۆس) ئاگری ئاسمانم نەدەدزی، چونکە ئاسمان بەلای منەوە گرنگ نەبوو، ئاگری زەویم بەلاوە گرنگ بوو. خەمی گەورەم ئاگربەردان بوو لە ویژدان و جلوبەرگی خەڵك.

من بڕوام بەوە هەبوو کە شیعر داگیرساندنی شخارتەیە لە نێو درەختەکانی دارستانێکی وشکدا. دارستان کاتێ گڕ دەگرێ و چڵەکانی دەبن بە مۆمدان، جوانتر دەبێ.

لێرەدایە کە وتەکەی دورنمات (شیعر ئیغتیسابکردنی جیهانە بە وشە) بابەخێکی تایبەت وەردەگرێ.

چونکە بەبێ ئیغتیساب شیعر بوونی نییە.

ئیغتیساب، لێرەدا واتە دڕاندنی ئەو پەردەیەی وشە و هزر و سۆزەکان، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زەمەندا لە خۆیانی دەئاڵێنن.



ئەمەش واتە دەرهێنانی شیعر لە مەملەکەتی خووگرتن و ئیدمانبوونەوە، بۆ مەملەکەتی سەرسامکردن. گەورەیی شاعیریش بە توانای ئەو، لە خولْقاندنی سەرسامکردن دەپێورێ.

سەرسامکردنیش بەوە بەدەست نایە شاعیر خۆی بداتە دەستی نموونە گشتییەکانی شیعرەوە، ئەو نموونانەی لەگەڵ وەختدا خەسڵەتی یاسا سەرمەدییەکان وەردەگرن.

بەڵکو بەوە بەدەست دێ شاعیر لەو نموونانە هەڵگەڕێتەوە و ڕەتیان بکاتەوە و تێیان بپەڕێنێ. شیعر چاوەڕوانکردنی ئەوە نییە، کە چاوەڕوان دەکرێ، بەڵکو چاوەڕوانکردنی ئەوەیە، کە چاوەڕوان ناکرێ. ژوانە لەگەڵ ئەو گەیشتووەی کە ناگات، لەگەڵ ئەو هاتووەی کەنایەت.

شیعری ڕاستەقینە بەسەر ئەو شۆستەیەدا ناڕوات کە بۆ خەڵك تەرخان کراوە، بەگڵۆپە سوورەکانی هاتوچۆیشەوە پابەند نابێت. بەڵکو بەرەو نادیار و هەستە قووڵەکان و سەرکێشی مل دەنێت. بە ڕوانینی من شیعر پرۆسەیەکی کۆدیتاگەرانەیە، مرۆڤێکی تووڕە نەخشەی بۆ دەکێشێ و جێبەجێی دەکات و دەیەوێ لە ڕێگای ئەوەوە وێنەی گەردوون بگۆڕێ.

شیعر ئەگەر ڕاچڵەکاندن لە بەرگی زەویدا دروست نەکات و گۆڕان لە نەخشەی جیهان و نەخشەی مرۆڤدا نەهێنێتە بوون، مانای وایە نەبووە بە شیعر.

من لەو ئاراستەیەوە نەبێ کە شیعر بزووتنێکی بەردەوامە لە دووتوێی نەبزووتنی پەیوەندی مێژوویی نێوان شتەکان، لە شیعر تێناگەم!

## چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە چاوەڕوان ناکرێت

شیعر لای من چاوەڕوانکردنی ئەو شتەیە کە چاوەڕوان ناکرێت.

ئەمە ئەو (بەرنامەی کارکردن)ەیە کە لە بەردەمی خۆم دامناوە و لەسەرەتاکانی شیعر نوسینمەوە بە وردی جێبەجێم کردووە.

ئەو کاتەی شتێك بە خەڵك دەڵێین کە پێشتر زانیویانە، واتە ئێمە لە چوارچێوەی شەرعیەتدا دەمێنینەوە، بەڵام ئەگەر بەشتێك

ڕایانچڵەکێنن کە چاوەڕوانیان کردووە و نەکردووە، ئەوە شکاندنی شوشەی شەرعیەتە و دەرچوونە بەرەو دەشتایی شیعر.

من بۆ خۆم، بە سروشت دژی شەرعیەتم، چونکە شەرعیەت بە ڕوانینی من، بریتیە لە کۆمەڵێك دەمامکی شیعری کە شێوەیەکی پیرۆزی وەرگرتووە و ناتوانین پێی ناڕازی بین، یان گفتوگۆی بکەین، هەروەها شەرعیەت واتای ڕاوەستانێکی تاهەتاییە لە وێستگەیەکی مێژوویی دیاریکراودا، کە ڕێگەی



چوونە ژوورەوە، یان هاتنە دەرەوەی نییە. ئەمەش واتای سەپاندنی مانەوەی ناچاریی دەگەیەنێت بەسەر هەموو شاعیراندا — بەجیاوازی ژینگە و ڕۆشنبیری و چاخەکانیشیانەوە، لە میوانخانەیەکی کۆندا کە هیچ ئامرازێکی خۆشگوزەرانی تێدا نییە.

شەرعیەت، لە کۆتاییدا واتای ئەوەیە کە ڕەوانبێژی و شێوەکانی دەربڕین بتێك، یان بەردێك، یان بەرماڵێك بن، هەر نوێژێك لە ڕێگای ئەوانەوە نەکرابێت، وەرنەگیرێت. یاخود قاپێك تێگوشە بێت کە هیچ کەسێك توانای ڕەتکردنەوە، یان گۆڕینەوەی نەبێت. من بۆ خۆم، تێگوشە لەبەر ئەوە ڕەت ناکەمەوە کە تێگوشەیە، بەڵکو هەموو خواردنێکی ئامادەکراو ڕەت دەکەمەوە کە هەوڵبدات لە ژیانمدا ببێتە خوو، یان قەدەرێك. بلیمەتی شاعیر لە توانای بەردەوامی دایە لە دۆزینەوەی وتەی نوێ بۆ بابەتە کۆنەکان.

بۆ نموونە، خۆشەویستی شتێکی کۆنە، بەڵام هەمیشە ئەگەری وتەی نوێی هەیە، هەر شیعرێك ئەو شتانە ئاشکرا بکات کە خۆیان ئاشکران و ئەو بەردانە وەکو خۆیان بەکار بهێنێتەوە کە زانا کۆنەکان بەکاریان هێناون، نرخی نییە. سروشت توانای دووبارەکردنەوەی هەیە، بەڵام شیعر ئەو توانایەی نییە. زەوی توانای بەرهەمهێنانی دوو دار زەیتوونی لێکچووی هەیە، توانای بەرهەمهێنانی دوو گوڵەگەنمی لێکچووی هەیە، بەڵام هەر ئەو زەوییە هەرگیز نەرمی لەگەڵ دوو شاعیردا نانوێنێت کە یەك وتە بڵێنەوە، ئەم ڕاستیە، هەموو ئەو کاتانەی خەریکی نوسینم، بەسەر پەنجەکانمەوەیە. من سانسۆرێك لەسەر خۆم پیادە دەکەم، کە دەگاتە ئاستێك ئازارم بدات، دەپرسم: ئاخۆ ئەم وشانەی لەسەر کاغەز وێنەیان دەکێشم شتێك دەخەنە سەر ئەو هەرەمی

وشانەی کە مرۆڤایەتی لە کۆنترین چاخەکانەوە، بەرهەمیان دەهێنێ؟ ئەگەر شتێك زیاد ناکەن سوودی ئەوان و سوودی من چییە؟ من دەمەوێت ماڵێکی بچکۆلانەی شیعرییم هەبێت، کە دانان و بڵاوکردنەوەی کەلوپەل و کاغەزی قەد دیوارەکانیشی بەئارەزووی خۆم ڕێك بخەم. من بڕوام بەکرێچێتی نییە لە شیعردا. دانیشتنم لە ماڵی خەڵکی دیکەدا گەرمی و ئاسودەییم پێ نابەخشێ. دەتوانم بەوپەڕی بابەتیبوونەوە بڵێم: دوای ٣٠ ساڵ لە نوسین، ئێستا خاوەنی ماڵێکی بچکۆلانەی شیعرییم، کە خەڵك بە پەردە سوورەکەی و بە دەرگاکەی کە هەمیشە بەڕووی خۆر و چۆلەکەدا کراوەتەوە، دەیناسنەوە.

من وەستان بەڕووی شەرعیەتدا ماندووی کردم، دەشمتوانی وەك خەڵکانی دی لە خۆداپۆشیندا قووڵ ببمەوە و واز لە ڕۆیشتن بەسەر بزماری داگیرساودا، بهێنم. ئەگەر خۆداپۆشین واتای ئەوە بێت کلاوەکەم بۆ هەموو ئەو هزرانەی کە لەسەر جێگای لەدایکبوون دەیانبینەوە، بەرز بکەمەوە، ئەو کاتە من ئەو خۆداپۆشینە ڕەت دەکەمەوە.

خۆداپۆشین، هەلوێستێکی بێ هەلوێستە، خاڵێکی ترسنۆك و ڕاڕایە، نە بڕیارێك وەردەگرێت و نەکەسێك تووڕە دەکات. جەستەیەکە مادە بێهۆشکەرەکان هەڵ دەمژێت. خۆداپۆشین ئاسانە، بۆ ئەوەی داپۆشراو بیت ئەوەندەت بەسە کە هیچ نەکەیت، ئەوەت بەسە کە بیر نەکەیتەوە و بەشداری خۆپیشاندان نەکەیت و نەچیتە پارتێکی سیاسییەوە و لە شوێنێکی گشتییدا لەگەڵ ژنێك نەبینرێیت.



هەموو کارێکی مرۆڤ، یان کێشەیەك لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرێت، یان بەرەو کێشەیەك دەڕوات، وەك زۆربای یۆنانی وتویەتی: (تەنها مردنە کە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە).

مرۆڤ تەنها جوڵە و قسەکردن و بیروڕادەربڕینی بەسە بۆ ئەوەی تێوە بگلێت، نوسینیش بەرزترین پلەی تێوەگلانە و ئابڕچوونێکە، کە بەمرەکەبی چینیی ڕەنگتێر دەنووسرێتەوە. من بۆ خۆم، لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و لە هەموو نوسینەکانمدا تێوەگلاو بووم و لەسەر ئەسپی ئابڕووچوون بووم. بنەما بەناوبانگەکەی دیکارت: ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم))، لای من شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت: (من شیعر دەنووسم... کەواتە من لە ئابڕووچووندام).

سەرچاوە: نزار القباني، قصتي مع الشعر، الطبعة الاولى، (بيروت، منشورات نزار القباني: ١٩٧٣) ص ٩-١٣٧



**ادونيس**

## شەپۆلدان

"گفتووگۆ" لە نێوان عەرەب و ڕۆژئاوا؟ ڕۆژئاوا گفتووگۆی عەرەب ناکات، بەڵکو"فێری دەکات" و بەپاشکۆی دەکات.

بۆ ئەوەی"ئەویدی" بدوێنین، پێویستە لەسەرمان تێیبگەین، بۆ ئەوەش کە تێیبگەین هەردەبێ وەك خۆی، نەك وەك خۆمان، بیبینین.

واتە دانی پیدابنێین کە جیاوازە و تایبەتمەندییەکی هەیە، لە خەڵکی دی جیای دەکاتەوەی، بەڵام با لە ئەفسانەی(ناسنامەی پاك و ڕزگاربوو لە هەموو کاریگەرییەکی ئەویدی) ئاگادار بین. چونکە هەرکەسێك پێی وابێت بەرهەمەکانی تەنها لە دایکبووی بلیمەتی تایبەت بە خۆیەتی، شتێك نیە تەنها نەزان و کوێر نەبێت- هەروەك گۆتە دەڵێت.

***

بیریار، تاچەند داهێنەری چەمك و زاراوە و زمانی تایبەت بەخۆی بێت، ئەوەندە ڕەسەن و تازەکەرەوە دەبێت. هەرکەسێك، لەبواری فەلسەفەدا، بەڕاستی بیر بکاتەوە، چەمکەکان وەرناگرێت، بەڵکو دروستیان دەکات.



کاری سەرەکیی بیر، هەمیشە دروستکردنی چەمکەکانە، هەرئەویش نیشانەی تازەبوونەوە و تازەکردنەوەی بیرە.

***

هەرکەسێك کلتوری خۆی وەربگرێت و وەك یەقینێکی ڕەها مامەڵەی لەگەڵ بکات، یان وەك ئەسڵێك کەیەقینی لەئامێز گرتبێت، گرانە بتوانیت ناوی بیریاری لێ بنێیت، ئەوکەسە لە ڕاستیدا بڕواداریکی دڵنیایە. بیریاریی ئەوەیە کلتوری ڕوناکبیریی خۆت بەکار بهێنیت، لە ئامێزی بگریت، بیبڕیت و تێی بپەڕێنیت.

لێرەدا جیاوازی لە نێوان دوو هەڵوێستدا دەکەم (وەلانان) ی کلتور و(بڕین)ی کلتور.

هەن بیردەکەنەوە کلتورەکەیان لە کێڵگەی مەعریفە وەلابنێن. هەشن بیردەکەنەوە لە ڕێگای بزوتنەوەیەکەوە، کەموڵکی خۆیانە، بە شێوەیەکی مەعریفی کلتورەکەیان ببڕن.

ڕێبازی یەکەم: بە نەزانی، کلتور دووردەخاتەوە و هەڵی دەوەشێنێتەوە.

ڕێبازی دووەم: بەمەعریفەوە، کلتور دەدوێنێیت و تێی دەپەڕێنێت.

داهێنانی هزریی بڕینە، نەك وەلانان.

کە شتێك دەبڕیت، واتە دانی پیادەنێیت، دەیناسیت، تێی دەپەڕێنیت.

لەم حاڵەتەدا تۆ لەناویەوە دەرهاتوویت، هەم بەش و هەم تەواوکەری دەبیت، کە وەلای دەنێیت، واتە ئاگات لێی نابێت، واتە لێی جیادەبیتەوە، لەم حاڵەتەدا تۆ بەو شتە نامۆیت و دەکەویتە دەرەوەی شتەکەوە.

***

ئازاد نابیت ئەگەر بەسەرهەڵدانی ئەوانەی بەرەنگاری بیرەکانت دەبنەوە، ڕازی نەبیت و دانیان پیدانەنێیت.

❊❊❊

مرۆ بەنیسبەت بیری گومان هەڵنەگری ڕەهاوە، مرۆی مردنە بەرلەوەی مرۆی ژیان بێت.

❊❊❊

بیری باوی عەرەب، بیری یەقین و گومان هەڵنەگرە.

بیر، ئەگەر دەستنیشانی بکەین، بزوتنەوەیەکی بەردەوامی پێداچوونەوەی هەموو یەقینەکانە، بە تێکرای ئاست و جۆرەکانیانەوە.

کە بیردەکەیتەوە، واتە (ناگومانی) دەخەیتە لەرزە.

❊❊❊

خودی سیاسەت وەڵامی بۆ هیچ کێشەیەکی بنەڕەتیی پێ نییە.

سیاسەت ئەگەر لەسەر جیهانبینییەکی "هزری- ڕوناکبیری" ڕەسەن و دورستکەر چڕ نەبووبێتەوە نرخی خۆی لەدەست دەدات.

❊❊❊

هەرکەسێك بیەوێت تاهەتا خاوەن کۆیلە بێت، ئاگای لێبێت یان نا، لەهەمان کاتدا دەیەوێت هەمیشە کۆیلەی کۆیلەکەی بێت.

❊❊❊

بۆ ئەوەی"دەرەوە" مانا بەرهەم بهێنێت، پێویستە لە"ناوەوە" بدوێت، چونکە دەرەوە ناتوانێت پرسیارت لێبکات، یان وەڵامت بداتەوە، تەنها لە ناوەوە نەبێت.



❊❊❊

ئەو ڕوناکییەی لە دۆزینەوە و مەعریفەدا بەکاری دەهێنین، بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی جاری ئێمەوە:

لە ڕاستیدا ئەو ڕێنیشاندەریی ئێمە بۆ ناوچە ئاشکراکان ناکات، بەقەد ئەوەی کە دەبێت ئێمە ڕێنیشاندەریی ئەو بۆ ناوچە نائاشکراکان بکەین.

❊❊❊

لە ژیانی ڕوناکبیریی ئێمەدا، وا باوە کەکاری گرنگی ڕوناکبیر ئەوەیە چارەسەر بۆ قەیرانێك، یان بۆ قەیران بەگشتی بدۆزێتەوە.

ئەمەش وێناکردن، یان دوایەکی هەڵەیە، چونکە ڕوناکبیر قەیران چارەسەر ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە قەیران دروست دەکات.

ڕوناکبیر بۆ ئەوەی هەبوون و بوونی خۆی وەك ڕوناکبیر دابڕێژێت، بۆ تاهەتایی لە قەیراندا دەژی.

ڕوناکبیریی زیندوو لەو ڕووەوە کە گەڕان و گۆڕانێکی بەردەوامە، قەیرانێکی بەردەوامیشە.

لەم ڕوانگەیەوە هەموو بەرهەمێکی مەزن قەیرانە، نەك چارەسەر. بنیاتنانی ڕێگای ترە، بۆ بینین و تێگەیشتنی جیهان، ڕێگایەك کەلە ڕێگا باو و چەسپاوەکان جیایە، هەموو شڵەقاندنێکی ڕوناکبیریی چەسپاو، دەبێتە هۆی شڵەقاندنی ڕەوشتە باوەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن، کە ئەمەش قیران دروست دەکات:

قەیرانی گواستنەوە لەو شتانەوە کە هەبوون بۆ ئەو شتانەی کە دەبن.

بەم شێوەیە کاری گرنگی ڕوناکبیر بزواندنی ڕوناکبیریی و زیندووڕاگرتنی تاهەتایی دەبێت. کاتێکیش کە مل دەدات دەست لەکاری گرنگی خۆی (کاری هێشتنەوەی ڕوناکبیریی لە گۆڕاندا بەرەو قوڵتر و دوورتر) هەڵبگرێت، ئەوکاتە وەکو فەرمانبەرێکی لێ دێت و دەبێتە ئامرازێك بەرگری لە(مانەوەی واقیع بەنەگۆڕی) دەکات.

مەبەستم داپۆشینی واقیع و نەگەیشتنە بە مەعریفەیەکی ڕاستەقینە، ئەوکاتە ڕوناکبیر دەبێتە جێگایەك بۆگۆڕی ڕوناکبیریی.

❊❊❊

... چیدی پێویستمان بەوە نەماوە دۆزەخ بهێنینە بەرچاوی خۆمان، وەك(دانتی) و پێش ئەویش(معری) کردیان، دۆزەخ دیمەنێکی دەستەمۆیە، دۆزەخ لە نێوماندایە.

خودی(هیوا) مرۆڤێکە ڕۆژانە لەبەردەمی خۆماندا دەیبینین لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت و کەسێك لێی نزیك نابێتەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات...

❊❊❊

لە ئەفسانەی ئاینیی ڕۆمانیەکاندا، (جوبیتەر) ی گەورە خواوەند، داوای لە کەسێکی ڕۆمانی کرد، کە فیداکارییەکی بۆ بنوێنێ سەری تێدا پێشکەش بکرێت.

کەسەکە وەڵامی داواکەی دایەوە و فیداکاریی نواند، بەڵام هەندێك سەرەسیری پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوەشدا (جوبتیەر) تووڕە نەبوو، بەڵکو فیداکاریەکەی قبوڵ کرد، مەبەستم ئەوەیە بەو تەئویلکردنە ڕازی بوو، بەکەسەکەی وت:



(هەرچیت بوێت دەتدەمێ، چونکە تۆ سەلماندت کە شایانی ئەوەیت، گفتوگۆ لەگەڵ خواوەندا بکەیت).

ئاخۆ نوسین، ئەمڕۆ، جۆرێك لەم تەئویلکردنە نییە؟

جۆرێك نییە لە: هەڵگەڕانەوە و بڕین و لەڕێلادان؟

بەڵام ناکرێت جیاوازی نێوان خواوەندی خۆمان و"جوبتیەر" مان لەبیر بچێت.!!

❊❊❊

زۆرجار باس لە ئازایەتی عەقڵ دەکەین، ئەمەش شتێکە بەڕاستی پێویستمان پێی هەیە. ئێمە بەڕادەیەك ئەم ئازایەتییە ون دەکەین، خەریکە هەست بکەین خودی عەقڵیشمان ون کردووە.

بەڵام ئاخۆ ئێمە ئازایەتیەکی دیکەیش ون ناکەین، کە ئازایەتی دڵە؟

ئەو ئازایەتیەی فێری هیواداری و خەوبینینمان دەکات، فێرمان دەکات دڵخۆش بین و خۆشەویستی بکەین.

فێرمان دەکات بەتایبەت هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی هەستەکانمان بدەین.

نەئازایەتی دڵ و نە ئازایەتی عەقڵ، ئای بۆ ژیانی نائومێدییمان..!

❊❊❊

دەنووسم...

لەسادەترین دەلالەتدا واتە هەناسە دەدەم، چی لە دەروونمدایە بە ئازادی دەیلێم.

کاتێك بەهۆی فاکتەرە دەرەکیەکانەوە، سیاسی و کۆمەڵایەتی، کورتی دەنوێنم و کەسێتی ڕاستەقینەی خۆم، لە دەروونمدا سەرکوت دەکەم، ئەوکاتە

تەنها لەگەڵ کەسێتی خۆمدا درۆ ناکەم، بەڵکو لەگەڵ خەڵکانی دیکەیشدا درۆ دەکەم.

ئەو کاتە ئەوەی کە دەینووسم چ سوودێك بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت؟

ئەوکاتە نوسین چییە؟

ئاخۆ لەمەدا ئاماژە بۆ ئەوە نییە کە زۆرینەی نوسینەکانی ئەم سەردەمەمان شتێك نین، دروستکردنی درۆ نەبێت؟

ئاخۆ لە کۆمەڵگایەکدا کە بە درۆ ئیش دەکات و بە درۆ قسە دەکات، ژیان چییە؟

مرۆڤ چییە؟

❊❊❊

تۆ ڕقت لە من نییە، ڕقت لەو وێنەیەیە کە لە مندا دروستی دەکەیت، بەڵام ئەو وێنەیە من نیم، بەڵکو تۆی وێناکار و وێنەگریت.

تۆ ڕقت لە خۆتە، تۆ ڕوونتر، ڕقت لەو ناتەواوییەی خۆتە کە من ڕیسوای دەکەم.

❊❊❊

ئەوەی دەگری حەز دەکات لەگەڵیدا بگرین، بۆچی ئەوەی کە دڵخۆش دەبێت، حەز ناکات لەگەڵیدا دڵخۆش بین؟

ئایا گریان هەرەوەزی و خۆشی تاکەکەسییە؟

یاخود ئەوە ئازارە کە یەکیان پێدەگرێت؟

❊❊❊



عەقڵ، لە ڕوناکبیریی باوی ئێمەدا، لەسەر دانانی بەیەك (سەرەتا) دامەزراوە، واتە دانانی بەیەك(کۆتایی) ش. کەواتە چۆن دەتوانین پێش بکەوین؟ لەکاتێکدا پێشکەوتن هیچ نییە زنجیرەیەك سەرەتاو کۆتایی پێکەوە گرێدراو نەبێت، هیچ نییە دانانی بەردەوام نەبێت بەو سەرەتاو کۆتاییانە.

پێشکەوتن، بە دەربڕینێکی دی، ئەوەیە تۆ بە ویستی خۆت کۆتایی بە جیهانێك بهێنێت و جیهانێکی دیکە دەست پێبکەیت.

❊❊❊

ئەوەی کە بە بیر و بە ئازادی ناتوانین بیگۆڕین، گۆڕینی لە ڕێگای کۆیلایەتییەوە، هیچی لێ ناکەوێتەوە، کۆیلایەتی زیاتر نەبێت.

❊❊❊

دوای(٢٠٠) ساڵ تێکۆشان لە پێناوی یەکبوون و یەکێتی عەرەبیدا، بەم ئەنجامە ڕوونە گەیشتووین:

بێگانان لە عەرەب بەختەوەرتر و ئازادترن، ئەگەر بیانەوێت لە وڵاتێکی عەرەبیدا گەشت بکەن، یان بگوازنەوە، یاخود بمێننەوە. ئەوە نییە زۆرینەی عەرەب ناتوانن، تەنانەت سەردانی شوێنی لەدایکبوونی خۆشیان بکەن؟

❊❊❊

جارێکیان، دستۆفسکی، وتی: (منە هەمیشە ئامانجگەلێك بنیات دەنێم، کە تواناکانی خۆم تێ دەپەڕێنن)...

❊❊❊

ناتوانین شتێکی نوێ پێشکەشی جیهان بکەین، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەو شتە لە جیهانی تایبەتی خۆمانەوە سەرچاوەی گرتبێت و شەقڵی تایبەتمەندێتی خۆمانی پێوەبێت.

(ئەویدی) بەوەی کە لێی جیاوازین، نەك لێی بچین، تێمان دەگات و هەڵمان دەسەنگێنێت.

❊❊❊

ئێمە بە ڕاستییەکان ناگەین تەنها بە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروڕا ئازاد و یەکسانەکان نەبێت.

هەموو کوشتنێکی ئازادی، لەهەر کۆمەڵگایەك بێت، کوشتنی ناسنامەی خودی ئەو کۆمەڵگایەیە، کوشتنی ئەو زمانەیە کە پەردە لەسەر ئەو ناسنامەیە لادەبات.

❊❊❊

لەو شتە ترسناکانەی کە ڕووبەڕووی زمانی شیعریی دەبێتەوە: هەڵئاوسانە، وەك دراو.

پێم وایە لە پێشەوەی کارە گرنگەکانی ڕەخنەی شیعریی، لەمڕۆدا، لێکۆڵینەوەیە لەو هەڵئاوسانەی کە لە زمانی تازەی شیعری عەرەبیدا هەیە.

❊❊❊

(کام ئایندە بۆ شیعرە؟) ، هەندێك پرسیار دەکەن.

وەڵامی خودی من بۆ ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکەیە، کام ئایندە بۆ ژیان، یان بۆ خۆشەویستییە؟



... مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ بەو سیفەتەی دروستکەر و بگۆڕی جیهانە، بەشاعیری لەدایك بووە.

شیعر بەهەمان شێوەی خۆشەویستی، سروشتی دووەمە لە مرۆڤدا و لە ئایندەشدا بوونی دەبێت، مادام ژیان بوونی هەیە، مادام مرۆڤ لە بووندایە.

❊❊❊

لە ڕوناکبیریی کۆنی بتپەرستاندا، زەوی و ئاسمان پێکەوە پەیوەست بوون وگەردوون ئەوکاتە یەك ماڵ بوو.

وەلێ ڕوناکبیریی نوێ، (ئەو ڕوناکبیرییەی بتپەرستی ڕەت کردەوە) ، نەك تەنها زەوی و ئاسمانی لێك جیاکردەوە، بەڵکو زەوی کردە مایەی ڕق لێبوونەوە، ناوی نا: ماڵی نەگبەتی و لەناوچوون.

لە بەرامبەردا، ناوی ئاسمانی نا: ماڵی خۆشی و مانەوە.

❊❊❊

ئاخۆ هەندێجار وشە وەك ئەو پارچە ئیسفنجە پڕ لە ئاوە نییە، کە تاکو ئاوەکەی: (مانا کۆنەکەی) دەرنەکەیت، ناتوانیت بەکاری بهێنیت: (مانایەکی پێ ببەخشیت؟).

ئایا تۆ لەگەڵ خودی وشەکاندایت، یان لەگەڵ مێژووی وتنیاندا؟

❊❊❊

(کوڕ نهێنی باوکێتی؟) ، پێم وانییە.

داهێنەر، زیاد لەوەی کوڕی دایك و باوکی بێت، کوڕی ژیان و سەردەمەکەی خۆیەتی.

❊❊❊

گرنگیی زمان، وەك شیعر، لەوەدا نییە شت ڕوون بكاتەوە، بەڵكو لەوەدایە كە پەیوەندییەكی نوێی لەگەڵدا دابمەزرێنێت.

لەبەر ئەوە شیعر ڕێبازێك نییە بۆ وەسفكردنی جیهان، بەڵكو ڕێبازێكە بۆ گۆڕینی جیهان.

❊❊❊

شیعر بە وێنەی خەون، بوارێك نییە بۆ تێگەیشتنی عەقڵانی، بەڵكو بوارێكە بۆ تەئویل.

❊❊❊

هەوڵبدە ڕۆژی مەعریفە ببینی، بۆت ئاشكرا دەبێت كە جگە لە شەو شتێكی دیكەی تێدا بەدی ناكەیت.

هەوڵبدە شەوی خۆشەویستی ببینیت، بۆت ئاشكرا دەبێت، كە ڕوناكی نەبێت، شتێكی دیكەی تێدا نابینیت.

❊❊❊

ئەگەر تۆ تەنها لە ئاوێنەدا نەبێت، سیمای خۆت نەبینیت، كەواتە نایبینیت.

❊❊❊

وشەیش لە پێناوی دەسەلاتدا تێ دەكۆشێت، لەو كاتەوە كە دەچێتە سەر تەخت، ڕازی نییە لێی دابەزێت.

كە دەنووسیت، دەبێت وشەكان لەسەر تەختەكانیان لاببەیت.

❊❊❊

- شیعر چۆن دەگۆڕێت؟



- پەیوەندی نوێ لە نێوان وشە و شتەكاندا، دروست دەكات.

❊❊❊

- شیعری سیاسی چییە؟

- ئەو شیعرە نییە كە پابەند دەبێت، یان حیزبایەتی دەكات، بەڵكو ئەو شیعرەیە، كە واقیع لە ئاسۆی ئازادییدا، دووبارە دەكاتەوە.

❊❊❊

تا چەند هاوڵاتی گەورە بێت، ڕژێمەكەیشی ئەوەندە گەورە دەبێت.

ئەمە بناغەیەكی گشتییە لە دیموكراسیدا.

بەڵام لە هەندێك وڵاتدا هەڵاودێرن و جیاكارییەك هەیە، دەڵێت: هەر دەبێت هاوڵاتی بچوك بێت، بۆ ئەوەی ڕژێمەكەی گەورە بێت.

❊❊❊

دەتەوێت پێش زەمەنی خۆت بكەویت؟

كەواتە لە زیندانێكدا چاوەڕوانی بكە.

سەرچاوە: ئەم بابەتە هەڵبژاردەیەكە، لەو بەشەی كتێبی **(النظام و الكلام)**ی ئەدۆنیس، كە بەناوی(تموجات)ەوە، لە لاپەڕە (١٤٩-٢٠٣) دا بڵاوكراوەتەوە. بڕوانە: النظام والكلام/ دار الاداب- بیروت/ الطبعة الاولی١٩٩٣.

## شتەگەلێکی جیاواز و لێکچوو

هەموو پێشکەوتنێك بەر لەهەر شتێك مافی ڕەخنەگرتن دەسەپێنێ، ڕەخنەگرتن لە شتی باو لەسەر زەوی، ترسانیش لە ڕەخنە لە قوڵاییدا ترسانە لە گۆڕان و پێشکەوتن، کاتێك ڕەخنە ون دەبێت بارودۆخێك دێتە ئاراوە قسەکردن تیایدا پەیوندی بە هیچ شت و بابەتێکەوە نامێنێ.

❊❊❊

دەشێ بارودۆخی ئێستای عەرەب لەپەیوەندی بە رۆژئاواوە، بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: لەلایەك حەز بە پێشکەوتن دەکات لە ڕێی تەکنیکی رۆژئاواییەوە، لەلایەکی دی حەز بە پاراستنی ستراکتۆری ڕوناکبیری باو و ڕێبازەکانی بیرکردنەوەی دەکات، لەم دووشتە دژ بەیەکەدا کۆمەڵگای عەرەبی وەك ئەوە دەردەکەوێت بەردەکەی سیزیف هەڵبگرێ:

دەیەوێت ژیان بە عەقڵێك، یاخود بە بیرێك پێش بخات کە خۆی لە خۆیدا پێشکەوتن ڕەت دەکاتەوە.



❊❊❊

(...) واقیعی ئێستای عەرەب ماوەمان دەداتێ کە بڵێین: لە ئاسۆی دیکارتدا ڕوناکبیری عەرەب یەکێك لەم دووانەیە:

هەیە، بەڵام بیر ناکاتەوە (ئازدای بیرکردنەوەی نییە). بیریارە، بەڵام بوونی نییە (پەراوێز خراوە، یان بێدەنگە، یاخود گۆشەگیرە).

❊❊❊

ئەمڕۆ عەرەبی موسڵمان دەتوانێ بە دانپیانانەوە بڵێت: خودی من شتێکی خۆمی تێدا نییە، هەرچیم تێدایە لە دەرەوە دێت، دەرەوەیەك لەدەرەوەی زمانمدا، دەرەوەیەك لە ناوەوەی زمانمدا، هەموو ئەوەی لەسەر من پێویستە ئەوەیە دەفرێك بم بۆ پڕبوون، هەر تەنها لەوە پڕ نابم کە بە فێرکردنم لە چێژوەرگرتن و هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە دادەنرێت، بەڵکو لەوەیش کە بە فێرکردنم لە چۆنیەتی خۆشەویستی و خەوبینین و نوسین دادەنرێت، وەك ئەوەی من قوڕێك بم لە ناو دەستی دەرەوەدا، وەك ئەوەی من موڵکی ئەو بم.

❊❊❊

... ئەمرۆ مرۆڤی عەرەبی کەوتۆتە ژێر هەموو جۆرەکانی داروپەردووەوە، بیردەکاتەوە، بەڵام خەمی گەورەی بۆ گەڕان نییە بەڵکو بۆ ئەنجامێتی، بیردەکاتەوە بۆئەوەی وەڵامێك ببینێ، نەك بۆئەوەی پرسیاری زیاتر بخاتە ڕوو، بیردەکاتەوە و خۆی لەوە دڵنیا کردووە کە ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەك نابێتەوە، بەڵام ئاخۆ ڕاستیەك هەیە بەبێ مەترسی؟

❊❊❊

من پێموایە بیری عەرەبی، وەك فەلسەفە و وەك ڕەخنەیش، ئەگەر بیەوێ لە پێشدا دابمەزرێ و پاشان تازەیش بێت، هەر دەبێت بە هەڵوەشاندنەوە و ڕەخنەکردنی ستراکتۆری پێشووتر دەست پێبکات، هەر دەبێت بە ڕزگارکردنی دەقی یەکەم لە دەقی دووەم دەستپ ێبکات.

❊❊❊

ئەویدی ڕۆژئاوایی، وەك ژیان و وەك بیریش وازی لە مەرجەعیەتی دەق هێناوە و خۆی بەمەرجەعیەتی ئەزمونی زیندووەوە بەستۆتەوە.

لێرەوە لای ئەو حەقیقەت بەشێوەیەکی پێشوەختانە بوونی نییە تاکو بۆی بمێنێتەوە و فێری ببێت، بەڵکو لە بووندا نەماوە، حەقیقەت هەمیشە ون بووە، یاخود نائامادەیە، دەبێ هەمیشە بیدۆزنەوە، نهێنی بزووتنی مەعریفی لای ئەویدی ڕۆژئاوایی لێرەدایە، ئەو بزووتنەی ئەوان زمانی مەعریفە لە منداڵییەکی هەمیشەییدا دەهێڵێتەوە، بزووتنێکە لە بناغەوە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی مەعریفە و ڕوانینمان بۆ مرۆڤ و جیهان ئاراستە دەکەن، جیاوازە.

❊❊❊

...بەلای منەوە یەکەمین کاری گرنگی بیری عەرەبی، ئەگەر بیەوێ بچێتە نێو ئاسۆی بیر و مرۆڤ و ئازادییەوە، دەرچوونە لە ستراکتۆری ئاینی، ئەم دەرچوونەیش بە جیاکردنەوەی (ئایین لە سیاسەت) و (ئایین لە دامەزراوەکان) نەبێت، بەئەنجام ناگات، بە جۆرێك کە ئایین بخرێتە نێو چوارچێوەی ئەزمونی کەسێتیی ڕووتەوە و جگە لە خاوەنەکەی کەسی دی پابەند نەکات.

❊❊❊



ئەمڕۆ هەندێك بیر هەن، نازانم ئازایەتی ئەوەیان لە کوێ هێناوە خۆیان وەك بیرگەلێکی خاڵی لە هەڵە، پێشکەش بکەن؟

کە بیرێکی خاڵی لە هەڵە، جگە لە وەهم شتێکی دی نییە، بەڵکو لە ڕاسیتدا وەهم لەو باشترە!

❊❊❊

دەشێ بووترێ بیریاری نەتەوەی ئێمە، هەر تەنها بیریار و ئەویدی نەکوشتووە، بەڵکو خودی بیری کوشتووە و بەوەیش ڕوناکبیری کوشتووە، بەمشێوەیە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا ڕوناکبیریی نەماوە، بەڵکو ئەوەی هەیە (داڕشتنەوەیەکی ڕوناکبیرییە).

پێوەرەکانیش سەرەوخوار کراونەتەوە، ئەوەی مرۆڤ دەکاتە شایان و بەتوانا و نیشتمانپەروەر، ئینتیمای حزبییە، ئەوەیش کە مرۆڤ دەکاتە ڕوناکبیر یان شاعیر، شیعر و ڕوناکبیریی کەسەکە نییە، بەڵکو لایەنگیری و ناوبانگ و بە (ئەستێرەبوون) یەتی.

تەنانەت شیعر و بیر لەئاستی خۆیاندا نرخێکیان نەماوە، بەڵکو ئەو نرخە بووە بە پاشکۆی ڕێژەی خزمەت و دەستکەوتی فەرمانبەرێتی.

❊❊❊

کۆمەڵگای زیندوو هەمیشە بریتیە لە کێشە، یان کێشەگەلێکی کراوە، بە مانایەك لە ماناکان لە قەیرانێکی هەمیشەیی دایە. با لە قەیران نەترسین، بە مەرجێك خۆمان (بەهەستکردن بەو قەیرانە) تەیار کردبێت، با بە پێچەوانەوە لە نەبوونی قەیران بترسین، با لە بێجوڵەیی بترسین، کۆمەڵگای زیندوو هەمیشە لە قەیرانێکی بەردەوامدا دەژی.

قەیران بەم مانایە نیشانەی پێشکەوتن و بیر و ژیانیشە.

دەمەوێ بڵێم: پێویستە لە سەرمان چاخێك بکەینەوە کە دەشێ بەچاخی پرسیاری ناو ببەین.

❊❊❊

لە بری کۆجیتۆکەی دیکارت:

بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم (من خۆمم).

کۆجیتۆی سۆفیگەری و شیعریی دەڵێت:

بیر دەکەمەوە، کەواتە من ئەویدیم، (من ئەوەم کە من نییە).

❊❊❊

کە دەنووسیت دەبێت بۆ مرۆڤ بنوسیت (بۆ هەموو نەك یەکێك) ئەمە بە گوێرەی دەستەواژەیەکی (نیچە).

کە دەنووسیت دەبێ ئەم وتە تیشکهاوێژەت لە بیر بێت: ئەگەر زانایەك، نوسەرێك، شاعیرێك، بیریارێکت بینی، پەنا بۆ دەرگای پاشایەك دەبات بزانە ئەوە دزە.

❊❊❊

دەمارگیریی و کەلەڕەقی و داخراوی و ڕەتکردنەوەی ئەویدی، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێکەوە، جگە لە چوونەوەناوخۆی زیاتری خود، یان گەڕانەوەی زیاتر لە ڕووی شارستانێتی و چواردەورگرتنی تواناکانی داهێنان لە ڕووی ڕوناکبیرییەوە، هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

بە پێچەوانەوە، ئەوەی پێویستە بزواندن و تەقاندنەوەی خودە لە ناوەوەدا، یەکێکیش لە کێشە سەرەکی و یەکەمەکانی ئەم کارە تەئویلکردنی



ڕوناکبیریی خود و خوێندنەوەی داهێنانە بەرهەمهێنکراوەکانێتی، بەڵام نەك لە ئاسۆی چەسپاندنی پیرۆزکەردا، بەڵکو لە ئاسۆی پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن و تێپەڕاندنێك کە لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی تەواو لە ئازادی ڕادەربڕین دامەزرابێت.

❊❊❊

ئەو گەلەی ئامادەبوونێکی ڕوناکبیریی دروستکەرانەی نەبێت ناتوانێت ئامادەبوونێکی سیاسی دروستکەرانەی هەبێت، سیاسەتێکی مەزن بەبێ ڕوناکبیرییەکی مەزن، بوونی نییە.

بەبێ ئەوەیش نیشتمان جگە لە خۆڵ شتێکی دیکە نابێت.

❊❊❊

کاری گرنگی سیاسەت لێرە ئەوەیە (ئەودیدی) بەرهەڵستکار بکوژێت، بەرلەوەی بکوژرێت!

❊❊❊

بڵێ: نەتەوەیەك، یەك لەشە.

بشڵێ: تاکەکانی نەتەوە، ئەندامەکانی ئەو لەشەن.

هەروەها ئەوەیش بڵێ: لەش لە دژی سەری خۆی، شۆڕش ناکات.

❊❊❊

سیاسەتێکی بینا و بەڕاستی پێشەوا بوونی نییە، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە پێکهاتەیەکی دروستکەرە لە بیرورا جیاوازەکان، هەروەها ڕۆشنبیرییەکی مەزن، یان ژیانێکی کۆمەڵایەتی داهێنەر و گەشەسەندوو بوونی نییە، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە فرەیی تیایاندا بنەمایە.

❊❊❊

سیاسەت هونەرێکە بیر ڕوناك دەکاتەوە و بیریش ئاسۆیەکە بۆ دەوڵەمەندکردن و قوڵکردنەوەی سیاسەت. کۆمەڵگایش سیاسەت و بیرگەلێکە نەك یەك سیاسەت ویەك بیر، بیریش گواستنەوە و فێرکردنی یەقین نییە، بەڵکو بزواندنی مرۆڤە بۆ پرسیاکردن و گەڕانی زیاتر.

❊❊❊

بە ڕاستی زۆرینەی تاکەکانی عەرەب ئەو واقیعە ڕەت دەکەنەوە کە تیایدا دەژین، ئاواتی ئەوەیش دەخوازن بگۆڕێت، بەڵام کاتێك لە بیر وکردەوەکانیان دەکۆڵینەوە، دەبینین هەموویان بە جیاوازی ئامراز و شێواز و مەبەستەکانیانەوە هەوڵ دەدەن نەك بۆ ئەوەی ئەو واقیعە بگۆڕن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیانەوێ پێگەی دەسەلات و دەسەلاتداریتی بگۆڕن و خۆیان ئەو جێگایانە پڕ بکەنەوە.

بەم شێوەیە واقیعەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام بە لێپرسراوانێکی جیاواز و بەدروشمگەلێکی جیاوازەوە، ئەمەش گۆڕینێکە بە زۆری لە ڕێگای توندوتیژییەوە بە ئەنجام دەگات، لەبەر ئەوە واقیعەکە لەسەر توندوتیژی بەردەوام دەبێت.

❊❊❊

... چەمکی مافی مرۆڤ، وەك شۆڕشی فەرەنسی چەسپاندی، لە کۆمەڵگای عەرەبییدا جێگیر نابێ، چونکە بیرێك بڕوای بە مرۆڤ خۆی نەبێت، چۆن بڕوای بەمافەکانی دەبێت؟

❊❊❊



... مرۆڤ تەنها بە جیاوازبوونی لە خەڵکانی دی ناگۆڕێت، گۆڕانی هەروەها بەمەودای جیاوازبوونی لەخۆیشی دەپێورێت، بەڵکو دەڵێم مرۆڤ بۆ ئەوەی هەمیشە خۆی بێت، پێویستە بەردەوام لەگەڵ خۆیدا جیاواز بێت.

❊❊❊

- چی؟

دەتەوێ سیمایەکی جوانتر و ئامادەبوونێکی باشتر بەوڵاتەکەت ببەخشی؟

باشە:

بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت کە وڵاتەکەت تەنانەت ڕێگەی نوسینیشت ناداتێ؟!!

سەرچاوە: ئەم چەند پەرەگرافە لە چەند نوسینێکی جیاوازی یەك کتێبەوە هەڵبژێردراون و کراون بە کوردی، بڕوانە: ادونیس، (النظام والکلام)، الطبعة الاولی، دار الاداب، بیروت: ١٩٩٣



## ئاخۆ تۆ (ڕۆماننوس)یت

**غاده السمان**

نامەیەکم لە خوێنەرێکەوە پێگەیشتووە کە ناوی(محمد ناسر قندیل)ە و لە ئەسکەندەریە دادەنیشێ، تیایدا پرسیاری ئەوەم لێ دەکات چۆن بزانێت



بەهرەی ڕۆماننوسینی تێیدایە، کە ئەو خەون بەوەوە دەبینێ دوای (١٠) ساڵی دیکە کاتێك تەمەنی دەگاتە(٢٠) ساڵ، ڕۆماننوسێکی ناسراو بێت.

●خوێنەری خۆشەویستم محەمەدی کوڕی ئەسکەندەریە، دووپاتی دەکەمەوە:

●ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە لە دارەکەی کەوتە خوارەوە و وەك نیوتن، یاسای کێشکردنت بۆ ئاشکرا بوو، ئەوە تۆ(زانا)یت.

● ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە بەربۆوە و تۆش شیوەنت بۆ مردنەکەی گێڕا، ئەوە تۆ شاعیریت.

●ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە، کەوتە خوارەوە و تۆش ویستت بیفرۆشیت، ئەوە تۆ بازرگانیت.

●ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە بەربۆوە و تۆش بەرگریت لە(مار) کرد و دژی(ئادەم) وەستایت، ئەوە تۆ (سیاسی)ت.

●ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە، کەوتە خوارەوە تۆش ئەو (کرم)ەت بیر کەوتەوە، کە لە ناوەوە سێوەکەی خواردۆتەوە، ئەوە تۆ پرۆژەیەکی پڕ لە هەڵچوونیت.

●ئەگەر تەماشای سێوێکت کرد و سێوەکە بەربۆوە و تۆش هەڵت گرتەوە و بەر قەپت دا. ئەوە تۆ کەسێکی کردەکار و واقعییت.

●بەڵام ئەگەر سێوێکت بینی کەوتە خوارەوە و تۆش هەموو ئەو شتانەت (پێکەوە) بە مێشکدا تێپەڕی، کە پێشتر باسمان کردن و هیچ شتێکت نەکرد، جگە لە نوسینەوەیان ، ئەوە تۆ(ڕۆماننوس)یت.

ئێستا تۆ کامیانیت؟

**سەرچاوە: الحوادث العدد ٢٣٧٢ ١٩/٤/٢٠٠٢**

## داكوتینی بزمارێك لە تابووتی شاعیر

لەو ڕۆژانەدا شاعیرێكی لاو دەستنووسی یەكەمین دیوانە شیعری خۆی دامێ، خوێندمەوە و بە بێدەنگی بۆم گەڕاندەوە، پێم نەگوت كە تا چ ڕادەیەك دێڕەكانیم خۆشویست، كە بینیم لە سەرەتای تەمەنی لاویدا بوو، زانیم هاندانم بۆی لەسەر ئەنجامدانی كاری شیعری، ڕێك وەك ئەوە وایە بۆ خۆكوشتن هانم دابێت.

هەر لەو ڕۆژانەدا كە دەستنووسەكەی ئەوم خوێندەوە، ئەم هەواڵەیشم بەرچاو كەوت: (ولاتێكی عەرەبی، هەر ئەو ولاتە بوو كە شاعیرە گەنجەكەی لێوە هاتبوو، لە میهرەجانێكی گەورەدا، ئاهەنگی یادكردنەوەی شاعیرێك دەگێڕێت، بە مەبەستی گەرمكردنی یادەكە و لادانی پەردە لەسەر پەیكەری



شاعیرەكە بانگهێشتی ژمارەیەكی زۆری لە شاعیر و بیریارانی عەرەب، بۆ میهرەجانەكە كردووە).

ئەم شاعیرە، داهێنەرێك بوو بە هەژاری و دڵتەنگی و پشتگوێخراوی مرد، بە درێژایی ژیانی دووچاری نەزیفی شیعری بەرز هاتبوو، ساڵانێكیش بوو، بەهۆی قورسی نەخۆشییەكانییەوە خۆی نەزیف بوو بوو، ناچار بوو بۆ پارەی داو و دەرمان سواڵ لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەكەی بكات، (سی)یەكانی چەند بەدەست نەخۆشییەوە دوو ئەوەندە بەدەست دڵڕەقی و پشتگوێخستنی دەسەڵاتدارانەوە ڕزی بوون.

ئەم شاعیرە كاتی خۆی (بەمەبەستی چارەسەركردن) هاوڕێكانی سواڵی بلیتی فڕۆكەیان بۆ دەكرد، كەچی ئەمڕۆ دەیان بلیتی فڕۆكە بە خۆڕایی پەخشان دەكرێت، بۆ ئەوەی شاعیران بێن و لەسەر كەژاوەكەی ڕابوەستن..!

ئەو ڕۆژانەی زیندوو بوو سادەترین هۆیەكانی حەوانەوەی بۆ دابین نەكرابوو، حەوانەوەیەك كە مرۆڤ لە كاتی گیانداندا پێویستی پێ دەبێت، كەچی ئەمڕۆ وڵاتەكەی خەڵك بۆ هەندێ میوانخانە بانگهێشت دەكەن، كە ئەو هەرگیز، لە ژیانیدا، خەونیشی پێوە نەبینی بوون، ئەو پێش مردن بەدەست خەمەوە دەم و چاوی تلێش تلێش دەبوو، (هونەرمەند پێی باشترە بە بێدەنگی بمرێت، بەڵام ئابڕووی پارێزراو بێت).

ڕۆژی خۆی كەسێك بیری لەوە نەدەكردەوە پەیكەرێك بۆ ئەو ئازارە دروست بكات، كە دەموچاوی هەڵدەكۆڵی، كەچی ئەمڕۆ دوای مردنی پەردە لەسەر پەیكەری برۆنزی دەموچاوی لادەدەن.

نیوەی ئەو پارەیەی لە پەیکەرەکەیدا خەرج دەکرێت، بەس بوو بۆ ئەوەی کە هێشتا لە ژیاندا بوو، بزەیەك لە سیمایدا بنەخشێنێ، ئاخۆ کەی دەسەڵاتدارانی ئێمە بەرامبەر بە هونەرمەندان، هەست بە لێپرسراوێتی خۆیان دەکەن..؟!

لێپرسراویەتییەکی ئیجابی، بەو واتایەی کە یارمەتی هونەرمەند بدات، تا بەسەر بەرزی بژی و بتوانێ بەرهەمی هەبێت، کەی دەسەڵاتدارانی ئێمە تێ دەگەن: کە ئەوان تەنها کۆمپانیایەك نین بۆ شاردنەوەی مردووەکان و سازدانی مەراسیمی یادکردنەوە، تاکە کاری ئەوان نییە؟!

ئاخۆ کەی لەئارەزووی ڕاوکردنی داهێنەران بەزیندوویی و سازدانی میهرەجانی ڕێزلێنان بۆیان بە مردوویی، واز دەهێنن؟!

ئەو هەڵەیەی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە دەربارەی ئەو شاعیرە کردیان، دەسەڵاتدارانی ئێستا ناتوانین بە سازدانی میهرەجان ڕاستی بکەنەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێمە تا ئێستاش دروستکردنی خانوو بۆ داهێنەران پشتگوێ دەخەن، بۆ ئەوەی دوای مردنیان گۆڕی پڕ شکۆیان بۆ بڕازێننەوە.

ئەو پارەیەی بۆ شاعیرێکی مردوو تەرخان دەکرێت، بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیرێکی لاو تەرخان بکرێت باشترە. شاعرێك کە بەدووای نان و وشەدا بەربەرەکانێی ژیان دەکات. شاعیرێك، پێویستییەکانی ژیان و داهێنان، بێ بەزەییانە دەیهاڕن.

بۆ ئەوەی زۆربەی حکومەتەکانمان پێش مردووەکان، لەبەرامبەر داهێنەرە زیندووەکاندا هەست بە لێپرسراویەتی خۆیان بکەن، من بڕیارم داوە:



دەستنووسی هەر شاعیرێکی لاوم بە دەست بگات، بە بێ دەنگی بیگەڕێنمەوە، چونکە نامەوێ بزمارێك لە تابوتی شاعیرەکەی دابکووتم..!!

سەرچاوە: صفارة انذار داخل راسي/ غادة السمان/ بیروت-١٩٨٠ص١٧٣-١٧٤

## ئەو پیاوەی خیانەتی لێ دەکەم

پیاوێکی دەریام خۆشویست، شێتیەکی بە نازناوی عەشق لەگەڵدا گورێمەوە، سەدەفێکی گەورەی پێشکەش کردم تیای دەنووم.

ئەسپێکی دەریای دامێ، نێو شەپۆلەکانی پێ دەگەڕێم، هەروەها گیاندارێکی گەورەی ئاویی پێ بەخشیم، وەك پاسەوان لە دوامەوە ڕێ دەکات و چەتر و ئاوێنە و باوەشێنەکەم بۆ هەڵدەگرێ. کیسەڵێکیش لەسەر پشتی ڕادەکێشم و خۆم بەتیشکی خۆر دەشۆم. (دوڕ) ی بۆ قژەکەم و (مەرجان) ی بۆ جلوبەرگەکەم پێ بەخشیم، بەڵام لەگەڵ یادەوەرییدا خیانەتی لێ دەکەم و لە شەودا خۆم دەخزێنمە نێو قوڵایی تاریکی دەریاوە و بە دووی پیاوێکی ئەستێرەدا دەگەڕێم، کە ڕۆژێکیان بەسەرشێتیەکانم لە کیسی خۆمم دا.

چەند دەگمەنن ئەو پیاوانەی کە ناتوانین لە بیریان بکەین؟



بەڵام ئەگەر یەکێکیان بەلاپەڕەی (ڕۆح) دا گورزەر بکات، بۆ تاهەتایی شوێنەواری خۆی لەسەر هەڵ دەکۆڵێ.

خۆشەویستی ئەو پیاوە ئەستێرەیە (گریمانەیی) نەبوو، بەڵام لەبیرکردنی (گریمانەیی) ە، تاڕادەی ساختەکاری..!!

کیبك داوای سەربەخۆیی لەکەنەدا دەکات، ویلز و ئێرلەندای باکور و سکوتلەندا داوای سەربەخۆیی لە ئینگلتەرا دەکەن.

کورسیکا لە فەرەنسا و خاکی باسك دەیەوێ لە ئیسپانیا جیا بێتەوە، ئۆکرانیا و مالدوفیا و کرواتیا و ئەرمینیا و ئەریتریا و... هەموو دەیانەوێ لە کیانێکی سەپێنراو جیابنەوە.

تەنها من یەککگرتنێکی (گریمانەیی)م دەوێ لەگەڵ تۆدا، تاکو سەربەخۆیی خۆم بدۆزمەوە.

تەنها من دەمەوێ بێمە نێو (کۆمەڵەی ڕۆژ)ی تۆوە، بۆ ئەوەی تاهەتایە هەم دوور و هەم نزیك بم لێت. خۆشەیستی چەند خولگەیەکی هاوشانە و یەکتربڕین پێککگەیشتن و تەقینەوە وێران بوون وکوژانەوەیە.

هەموو ژوانێك ماڵئاواییکردنێکی دواخراو و هەموو ئاوێزانبوونێکیش لێکجابوونەوەیەکە لەئان و ساتدایە!

سەرچاوە: مجلة(الحوادث) العدد (٢٣٩٢)، ایلول ٢٠٠٢، ص٧٨

## بیرکردنەوە بە ئاشکرا، تاوانە

مەگەرساتێکی هزر هەیە بەردەوام دەبێت، مادام زۆربەی دەسەڵاتەکانی ئێمە، چ شۆڕشگێڕ و چ کۆنەپەرستەکان، خۆیانی لێ دەدزنەوە و پشتگوێی دەخەن.

هەموو لایەك بۆی ڕوون بۆتەوە کە باشتر وایە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ئەدیب و رۆژنامەنووسان، خۆیان لە باسکردنی ئەم مەسەلەیەی لای خوارەوە لابدەن:

ئایا وەك شتێکی مەبدەئی هیچ دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا مافی ئەوەی هەیە بیریارێك بچەوسێنێتەوە، تەنها لەسەر ئەوەی بیروباوەڕی ئەو لەگەڵ دروشمەکانی ئەمدا ناگونجێت..؟!

ئاخۆ ئەمە تا چ ڕادەیەك بۆ دەسەڵات ڕەوایە..؟!

ئەم پرسیارە نەتەوەیەك نەماوە نەیکردبێ و چاخێك ڕانەبردووە تێیدا قوربانی لەسەر ئەم پرسیارە نەدرابێ..



ئەو گەلانەی کەمتر دواکەوتوون، تا ڕادەیەك توانیویانە ئەم مەرگەساتە تێپەڕێنن.

(گالیلۆ) کە بەهۆی پێداگرتنەوە لەسەر ئەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە، هەروەها لەسەر ئەوە کە دەیووت: زەوی تەوەرەی گەردوون نییە، بەر لە چەند چاخێك بەکافر و لە ئاین هەڵگەڕاوە تاوانبار کرا، کەچی لە ساڵی ١٩٦٨دا کڵێسە لەو تاوانبارکردنە پەشیمان بۆوە و بێتاوانی گالیلۆی سەلماند.

وەلێ لە وڵاتی ئێمەدا، تا ئەمڕۆ بە عەقڵیەتی قازی وەزیر(ابن الزیات) کە لە چاخی عەباسیدا ژیاوە، ئیش دەکرێت.

ئەم قازییە بڕوای بە خەلیفەی ئەو سەردەمە هێناوە، فڕنێك دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بەزیندوێتی ئەو کەسانەی تێدا ببرژێنێ کە لە ڕووی بیروباوەڕەوە دژایەتی خەلیفە دەکەن .

دوای سەروەختێك، ئەگەر بەزمانی سەردەم بیڵێین، بە کودەتایەك ئەم (ابن الزیات) ە دەڕوخێ و دوژمنێکی سەرسەختی ئەو بەناوی قازی (احمد بن ابی دواد ) دەسەڵات دەگرێتە دەست.

ئەم (احمد ابن ابی دواد ) ە بەهەمان شێوەی دوژمنەکانی خۆی، تۆڵەیان لێ دەسێنێتەوە.

قازی(ابن الزیات) دەخاتە نێو فڕنەکەی خۆیەوە و دەیبرژێنێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێ.

لەناو ئێمەدا چاخ دوای چاخ هەموو ناکۆکییەکی بیروباوەڕ بە دەردی ناکۆکییەکەی (ابن الزیات و ابن ابی دواد ) دەچێت.

ئەمەیە مەرگەساتی هزر لای ئێمە، کە تەنانەت هەندێ لە ولاتە شۆڕشگێڕەکانیشمان ناتوانن تێی بپەڕێنن.

پێوستە مەرگەساتی (ابن الزيات و ابن ابی دواد ) ڕابگیرێ.

پێویستە فڕنەکانی هزر کۆتاییان پێ بێت، من تاماوم ئەم قسە جوانەی فۆڵتێر دەڵێمەوە:

(من لەگەڵ تۆدا نیم لەو قسەیەی کە دەیکەیت، بەڵام تا دوا دڵۆپی خوێنم بەرگری لەو مافەت دەکەم کە بتوانیت قسەکەت بکەیت).

سەرچاوە: (صفارة انذار داخل راسي) غادةالسمان/ بيروت١٩٨٠/ ص٦٣

## خوێندنەوەی گۆڤارێکی سپی

سەیرترین گۆڤارێک کە لە ژیانمدا بینیبێتم، گۆڤارێک بوو ناوی وەك بەرگەکەی دەیووت: (سپێدە) بوو.

هەر هەموو لاپەڕەکانی سپی بوون، نە خاڵ و نە دێڕ و نە ڕەنگیان تێدا بوو.

لە یەکەم تەماشادا من وام هەست کرد جۆرێك بێت لە گاڵتەجاڕی، ئەگەرچی خەرجییەکی زۆریشی بوێت، بەڵام دوور نییە دەوڵەمەندێك ویستبێتی بۆچوونێکی گاڵتەجاڕانەی تیادا ڕابگەینێت.. وەك ئەوەی لە چاپکردنی ئەم گۆڤارە سپییەدا بە نیاز بوو بێت بڵێ:

(شتێك نەما نەوترابێت، شتێك نابینم لەوانەی دەیڵێن جوینەوە و دووبارەکردنەوە نەبێ).

یان (ئاو لە دەمم دایە).



یان (بێدەنگی لە ئاڵتونە).

یان (زمانمان شەکەت بوو، کەچی تا ئێستایش نائومێدی جیهانی داگیرکردوە).

یان (ئەم پەڕە سپییانە هەڵدەرەوە و ناخی خۆت بخوێنەوە).

یان (با ئیتر خوێندنەوەی خەڵکانی دی بەس بێت، ڕووبەڕوی هەڵوێستەکانی خۆت ببەرەوە).

یاخود هەر بیرێك بە مێشکتدا گوزەر بکات، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان گۆڤارێکت کردەوە و بینیت سەرتاپای لاپەڕەکانی سپین.

(لە نوسینگەی ناوخۆیی لیژنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کاروباری نابیناکان) دەرەچێت، ئەمە و سەرنجێکی لاپەڕەکانی وای لێ کردم هەست بکەم کە سپێتییەکەی بەو ڕادەیە نییە هیچ شتێکی تێدا نەبێت.

هەستم کرد لە لاپەڕەکاندا زبری و چاڵ و چۆڵی هەیە، بۆم دەرکەوت کە بەڕێگای (برایل) نووسراوەتەوە، تێگەیشتم گۆڤاری نابیناکانە و هەستی ئێمە لە خوێندنەوەی نابینایە، چاوم نوقاند و بە پەنجەکانم هەستم بە دێڕەکان کرد، هەوڵم دا بیانخوێنمەوە بەڵام نەمتوانی، وەك ئەوەی بتەوێت سیمای مرۆڤێکی نامۆ بخوێنێتەوە و نەتوانیت، بۆم نەخوێنرانەوە چونکە پەنجەکانم نابینا بوون.

ئەو هەستەی کە مرۆڤە نابیناکان لە دەستی دەدەن، بە چالاککردنی هەستەکانی دیکەیان، چ وەك جەستە و چ وەك دەروون، پڕی دەکەنەوە.

تەماشای گۆڤارەکەم دەکرد کە بیرم لە ملیۆنەها مرۆڤی نەتەوەکەم کردەوە، نەتەوەیەك لە نێوان ئاو و ئاودا سەریان لێ شێواوە و بزر بوون.

زۆربەیان بە ڕەنگەکانی سیاسەت و تەکانی هزریی، نابینان. بە ئیزدواجیەتی ڕوانین دووچارن. کەی بڵاوکراوەی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ دەردەکرێت؟

یاخود وەك باوە گڵۆپی سووری لە ڕێگرە تەقلیدییەکان لە بەردەمدا هەڵدەکرێت؟!

هەموومان نابیناین مادام ئازادیی هزر وەکو یاساخ وایە و ناتوانیٚ لە جیهانی ئێمەدا، سەربەستانە بسوڕێتەوە.

ئاخۆ کەی سپێدەی ڕاستەقینە دەبینین؟!

سەرچاوە: (صفارة الانذار داخل راسي) غادة السمان/بيروت١٩٨٠

## با چیدی بەناوی خۆش ویستنەوە منداڵەکانمان نەکوژین

خۆش ویستن گوڵە، بەڵام دەبێت بە خەنجەر ئەگەر لە جێگای خۆیدا بەکار نەهێنرێ.

خۆش ویستن ئاگرە، ڕوناکیش دەدات و دەیشسوتێنێ، چەندین دایک و باوک بەو خەیاڵەوە کە ڕێگای پاشەڕۆژیان بۆ ڕوناك دەکەنەوە، منداڵەکانی خۆیان سووتاند.

گەنجێك کە خۆی هیوایەتی نواندنی شانۆیی و کاری هونەری بوو، لەلایەن کەس وکاریەوە ناچار کرا بچێتە کۆلیژی پزیشکی. (چونکە خەڵك کورسی پزیشکی بە هونەر ناگۆڕنەوە، هونەر بەلای ئەوانەوە، وەکو قومارکردن ترسناکە).

ئەم گەنجە لە ساڵی یەکەمیدا دەرنەچوو، خۆی کوشت.

دوای ئەوەی خۆکوشتن بە چارەسەر نازانم و ڕەتی دەکەمەوە، وەکچۆن هەموو ئایینە ئاسمانییەکان ڕەتی دەکەنەوە، دەڵێم: پێویست بوو ئەو گەنجە لە جیاتی خۆکوشتن واز لە زانکۆ بهێنێ و ڕوو لە هونەر بکا.



پێیشم وایە کە گەنجەکە خۆی، خۆی نەکوشتووە. بەڵکو کەسوکارەکەی بەناوی خۆش ویستنەوە کوشتوویانە.

من خۆم وەك زۆربەی خوێندکارانی وڵاتەکەم دووچاری قۆناغێك هاتووم کە تیایدا پێیان وتووم: (کچەکەم دەبێتە پزیشك).

ئەمەش لە کاتێکدا ڕووی دا کە من (بەشی ئەدەبی و بەشی زانستی)م لەبەردەمدا بوو، لەسەر ئامۆژگاری ئەوان بەشی (زانستی)م هەڵبژارد.

بەڵام لەناخمدا چۆلەکەیەکی بەندکراو هەبوو کە خەریك بوو گیانی دەدا.

تاقیکردنەوە هاتە پێش و نەشتەرگەرییەکیان بۆ دانام، دەبوو کۆترێك بەنج بکەم و قەفەزەی سینگی بدڕێنم، بێ ئەوەی بهێڵم دڵی لە لێدان بکەوێت.

دوای ئەوەی بیرم لە کۆترەکە کردەوە، هەستم بە چاوەکانی کرد کە، وەك منداڵێکی ڕۆحسووك، پڕ ببوون لە حەپەساوی.

بردمە لای پەنجەرەکەوە و بەرەڵام کرد. مامۆستا هات و لێ پرسیم:

چیت لە کۆترەکە کرد؟

بە ساکاری وتم: فڕی

وتی: کەواتە پاشەڕۆژی تۆش فڕی..!

بەڵام من خۆم نەکوشت، بەڵکو ڕاستیەکەم بە باوکم وت و کارەکە بۆ من گران نەبوو، چونکە باوکم لێم حاڵی دەبوو، بە چاویلکەی باوکایەتی لەبالی بەلەمەکەی ڕوانیم کە بەرەو دوورگەی وشە، بەرەو کۆلیژی ئاداب دەڕۆیشت.

بەڵام...

**ئەگەر باوکم بە خۆشویستن منی بچەوساندایەتەوە، ئەگەر وای لێ بکردمایە ناڕاستەوخۆ هەست بەگوناهباری بکەم، ئەگەر دڵنیای کردبام کە تووشی (بێ هیوایی)م کردووە و خەونەکەیم بەتاڵ کردۆتەوە،**

**ئەوا...**

**زۆر شت دەگۆڕان، هەروەك لە کوڕە گەنجەکە(کە خۆی کوشت) ڕووی دا، ئەو کوڕەی بەناوی خۆشویستنەوە کوشتیان.**

**چەندان پزیشك دوای ئەوەی بڕوانامەی پزیشکییان وەرگرت ڕوویان لە پیشەی دی کرد، چەندان پزیشك چاویان لەسەر ئەبجەدیەت و دڵیان لەسەر شیعر بوو.**

**من خۆم و چەندان پزیشکم بینیووە کە زیاد لەوەی بایەخیان بە جەستە و جوگرافیای گەدە دابێ، بایەخیان بەشیعر و بە ڕوح داوە.**

**هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەن کە پیشەی پزیشکی پیرۆز دەکەن.**

**بێگومان وەك پیشەیەکی مرۆڤانە هەر وایە، بەڵام ئەو پیرۆزکردنە کۆمەڵایەتییانە زیاتر بەهۆی دەستکەوتەکانی پیشەی پزیشکییەوەن، نەك بە هۆی ئەرکەکانییەوە، ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتیانە دەبنە هۆی سەرکوتکردنی سۆزداری.**

**هەندێ مرۆڤ دەکەونە سەر ڕێگایەك کە لەگەڵ جیهانی ناوەوەیاندا ناگونجێ و زۆربەی جار تووشی داڕوخان دەبن.**

**هەندێ پیشەیش هەن کە هەم کەسوکار و هەم باری کۆمەڵایەتی بە باش-ی نازانن، لە سەرووی هەمووشیانەوە: هونەرە.**



**بەڵام من پێم وایە هەموو پیشەیەك، بێ جیاوازی، بە مەرجێك خاوەنی بە خۆشەویستی و شەرەف و ڕاستگۆییەوە بەڕێوەی ببات، هەم جێگای ڕێزە، هەم پێویستە.**

**چێشتلێنەرێکی باش لە پزیشکێکی خراپ و کرێکارێکی دڵسۆز لە فەیلەسوفێکی ساختە و جوتیارێکی ڕەسەن لە پڕۆفیسۆرێکی دەجاڵ باشترە.**

**من وەك ژنێکی عەرەبی نێو کۆمەڵگای هاوچەرخ، ئەو کۆمەڵگایەی کە بەزیندوویی نەوەکانی خۆی لەناو دەبات و وایشدەزانێ بۆ بەرژەوەندییان تێکۆشاوە، هەمیشە وێنەی ئەو گەنجە ناسکەی کە لە پزیشکی دا، سەرنەکەوت و خۆی کوشت، لەبەر چاومە و سینگی قورس کردووم.**

**لە ڕاستیدا ئەو گەنجە فاشیل نەبوو، بەڵکو خێزانەکەی لە تێگەیشتنی ئەو، فەشەلی هێنابوو. ئەو خۆی نەکوشت، بەڵکو سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی ناڕاستەوخۆ کە لەگەڵ خۆشەویستی خێزاندا یەکی گرتبوو، کوشتی.**

**هەر مرۆڤێك بە ئەنجامدانی کارێك کە پێی خۆش نییە ناچار بکرێت، دەمرێت، ئەو گەنجە خۆی بە کوژراوی بینییەوە، ئەنجا مردنەکەی خۆی بەناوی خۆکوشتنەوە ڕاگەیاند...!**

**•ئەم بابەتە پوختەی نوسینێکی (غادە السمان)ە، بەناوی (قتلوە.. فانتحر). بڕوانە کتێبی: (غربة تحت الصفر) بیروت ١٩٨٦ الطبعة الاولی ص١٦٨-١٧١**



**هیچ کەسێك ناتوانێ خاك و ئاین و بیرەوەریی بۆ خۆی قۆرخ بکات**

**محموود دەروێش**

چەند هەڵوێستێکی جوان بوو، کاتێ وەفدێك لە پەرلەمانی نوسەرانی جیهانی، کە زۆربەیان خەڵاتی (نۆبڵ) یان بەدەستهێناوە، چوونە نوسینگەی مەحموود دەروێش لە (ڕام الله) و پشتگیری و هاوسۆزی خۆیان بۆ شاعیری گەمارۆدراو و گەلە گەمارۆدراوەکەی دەربڕی؟ لە پێشوازی ئەو وەفدەدا مەحمود دەروێش بەم چەند وشەیە تەعبیری لە گەورەیی ئەو هەڵوێستە و ژان و ئازاری گەلەکەی کرد: جێگای شانازی و بەختەوەریمە، لە بەهاری خوێناویی ئەم خاکەدا کە تینووی ناوە کۆنەکەیەتی: (خاکی خۆشەویستی و ئاشتی)، بەخێرهاتنتان بکەم. سەردانی ئازایانەی ئێوە لەم کاتەدا کە لە گەمارۆیەکی وەحشیگەرانەداین، شێوەیەکە لە شێوەکانی شکاندنی ئەو گەمارۆیە. لەگەڵ ئێوەدا هەست بە گۆشەگیری ناکەین. لەگەڵ ئێوەدا درك بەوە دەکەین کە ئەو ویژدانە جیهانییەی ئێوە شەرەفمەندانە نوێنەرایەتی دەکەن، هەر زیندووە و توانای دەربڕینی نارەزایی و هەروەها لایەنگیری دادپەروەریی هەیە، لەگەڵ ئێوەدا هەست دەکەین کە هێشتا ڕۆڵی نوسەران، لەشەڕی (بەرگریکردن لە ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی رەگەزپەرستیی) دا، کاریگەرە.

بەرپرسیارێتی لە چارەنووسی مرۆڤانە، تەنها لەدەقی ئەدەبیدا تەعبیری خۆی نادۆزێتەوە، لە حاڵاتی کتوپڕ و مەرگەساتباری مرۆڤایەتیدا، نوسەر (بۆ



پتەوکردنی ڕاستگۆیەتی ئەدەبەکەی و بەکاربردنی ئاگایی کۆ سەبارەت بە بەها بەرزەکان لە پێشی هەمووشیانەوە، بەهای ئازادی)، لە جۆرەها چالاکی گشتییدا بەدووی ڕۆڵی ئەخلاقی خۆیدا دەگەڕێ. ئەوەتا لە پەیامە پیرۆزەکەی ئەمڕۆی ئێوەدا بۆ ئێمە، (پەیامی هاوکاری و هاوسۆزی) ئەمە دەخوێنینەوە. دەزانم خاوەن وشەکان لەبەردەمی ڕەوانبێژی خوێندا، پێویستیان بە وشەگەلی گەورە نییە. با وشەکانیشمان وەك مافەکانمان سادە بن، ئێمە لەسەر ئەم خاکە و لەم خاکە بووین و دایکێکی دیکە ناناسین و جگە لە زمانی ئەویش زمانێکی دیکە نازانین. کاتێك زانیمان ئەم خاکە چەندین پێغەمبەر و زۆرێك لە مێژووی تێدایە، فێربووین کە فرەیی (التعددیە) ئاسۆیە نەك زیندان و لە توانای کەسیشدا نییە خاك و ئاین و یادەوەریی بۆ خۆی قۆرخ بکات، دەشزانین کە مێژووی پاك و بێگەرد نییە، بەڵام کاری گرنگی ئێمە وەك مرۆڤ، ئەوەیە مۆرکێکی مرۆڤانەی پێ ببەخشین، ئێمە پێکەوە هەم بەرهەم و هەم قوربانیی مێژووین.

شتێك نییە لە حەقیقەتی فەلەستین و لەمافی فەلەستینی ڕوونتر بێت، ئەمە وڵاتی ئێمەیە، ئەم بەشە بچووکە بەشێکە لە وڵاتی ڕاستەقینەی ئێمە، نەك وڵاتی ئەفسانەییمان. ئەم داگیرکردنەش داگیرکردنێکی (بیانی) یە، هەرچەندیش ناوگەلی حەقی خودایی بخوازێت، لە پێناسەی گشتی داگیرکردن دەربازی ناکات، چونکە خودا موڵکێکی کەسێتی نییە بۆ هیچ کەسێك، ئێمە بەو چارەسەرە سیاسیانەی کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی ژیان لەسەر ئەم خاکە و لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتدا بۆ دوو گەل بنیاتنراوە ڕازی بووین. جگە

له مافی سروشتیی خۆمان داوای شتێکی دیکه ناکەین، که ئـەویش بریتییـه لە:

* دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەو خاکە داگیرکراوەی لەساڵی ١٩٦٧ ەوە داگیرکراوە، بە(قودس- ی رۆژهەڵاتیشەوە).

* چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی پەنابەرەکان.

* ڕزگاربوون دەروازەی واقیعییە بۆ ئەو ئاشتییەی کە سنوورێك بۆ حەڵقەی بەتاڵی خوێن دادەنێت. شتێك نییە ئـەمڕۆ لـە کێشـەی ئێمـە ڕوونـتر بێـت، کێشـەی ئێمـە کێشـەی ململانێـی نێـوان دوو بـوون نییـە، وەك حکومـەتی ئیسرائیلی وێنای دەکات (یان ئێمە، یان ئەوان)، بەڵکو کێشەی کۆتایهێنانـە بە داگیرکردن، بەرەنگاربوونەوەی داگیرکـردنیش هـەر حـەق نییـە بـە تـەنها، بەڵکو ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە کە لە مەرجی کۆیلایەتییەوە بۆ مەرجی ئازادیمان دەبات. کورتترین ڕێگاش بۆ پەناگرتن لە کارەساتی زۆرتر و گەیشـتن بـە ئاشـتی، بریتییـە لـە: ئـازادبوونی فەلەسـتینیەکان لـە داگیرکـاری و ڕزگاربوونی کۆمـەڵگای ئیسـرائیلی لـە وەهمـی زاڵبـوون بەسـەر گـەلێکی دیکەدا. داگیرکردن بە ڕاگەیاندنی جـەنگ لەسـەر جەسـتە و خەونـەکانمان و لەسەر مرۆ و درەخت و خانووەکان و بەئەنجامـدانی تاوانـەکانی جـەنگ، ڕازی نابێ تەنها لە ئازادییە سەرەتاییەکانی بێبەشمان بکات، بەڵکو لە مەرجەکانی ژیانی مرۆڤایەتییش بێبەشمان دەکات و شـتێکمان بـۆ ناهێڵێتـەوە جگـە لـە سەپاندنی ڕەگەزپەرستی و توانای شمشێر بەشکسـتپێهێنانی خـوێن نـەبێت، وەلێ ئێمە دووچاری نەخۆشـیەك هـاتووین کـە چـاکبوونەوەی نییـە، ئـەویش هیوایە.



هیوای ڕزگاربوون و سەربەخۆیی، هیوای ژیانێکی سروشتی کـە تیایـدا نـە پاڵەوان بین و نە قوربانی. هیوای دڵنیایی منداڵەکانمان لـەکاتی ڕۆشـتنیاندا بـۆ خوێنـدنگا. هیـوای ئـەوەی ژنـان منداڵـەکانیان بـە زینـدوێتی و لـە نەخۆشخانەکان بێت، نەك بـە مردوێتـی و لەبـەردەم تەلبەنـدی سـەربازییدا. هیوای ئەوەی شاعیرەکانمان جوانیی ڕەنگی سوور لە گوڵـدا ببیـنن، نـەك لـە خوێندا... هیوای ئەوەی ئـەم خاکـە نـاوە کۆنەکـەی وەربگرێتـەوە کـە خـاکی خۆشەویستی و ئاشـتییە. زۆر سوپاسـیش بـۆ ئێـوە کـە قورسـاییەکانی ئـەم هیوایانەمان لەگەڵدا هەڵ دەگرن.

سەرچاوە: الاتحاد الاماراتي العدد(٩٧٦٢)



# ڕۆمان کلیلی ئەو نیشتمانانەیە کە بەڕووماندا داخراون

## احلام مستغانمی

ئایا نامۆیی، ئەوەی زیاتر لەوەڵامێك ئازار دەدات، باشترین جێگایە بۆ بیرکردنەوە لە پرسیارەکانی نوسین؟

کاتێك دەبێتە نوسەرێکی جەزائیری و ڕۆژانە جەزائیر بە کاروانێك لە کوژراوەکانیەوە لە تیرۆرکراوانی بە تەنها و قەسابخانەی بە کۆمەڵەوە دێتە لات و دەنگوباسی مردنی دڕندانە بەوردەکارییە تۆقێنەرەکانیەوە و چیرۆکی خەڵکانێکی سادەی لەبەردەمی زاڵمدا، پێیە، ناچار دەبی لە خۆت بپرسی: سوودی نوسین چییە؟!

ئاخۆ بەڕاستی ژیان پێویستی بەڕۆماننوسەکان هەیە؟! مادام ئەوانەی لەو حاڵەتانەدا دەینووسیت شتێك نییە جگەلە پۆزش هێنانەوە بۆ ئەوانەی مردوون، تاکو لە ژیاندا بمێنیتەوە. مادام ڕۆمانی زۆر سەیر و زۆر پڕ لە خەیاڵ و سەرسامکەرە لەوێدا لە لایەن ژیانەوە دەنووسرێ، چ بتەوێ چیرۆکێکی مێژوویی بنوسیت، چ سۆزداری یان پۆلیسی، ڕۆمانێك لەسەر ترس یان تاراوگە، لەسەر نائومێدیی یان گاڵتە جاڕی، لەسەر شێتی، لەسەر تۆقین، لەسەر عەشق، لەسەر هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەبوون، لەسەر مردنی هەڵبستراو، لەسەر خەونی بەسەرچوو، لەسەر سامانی بەتاڵانبراو کە لەو میانەیەدا بەنهێنی بەتاڵان براوە، لەسەر ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە میانەی دوو قەسابخانەدا بەبڕی ملیۆنەها ئیمزا دەکرێن.



خۆت ماندوو مەکە جەزائیری ترس و درۆکان پێش تۆکەوتووە و ئەو شتانەی نوسیوەتەوە. ژیان ڕۆماننوسی یەکەمە لە جەزائیردا، لەبەر ئەوە چارەنووسمان بەتەواوی لە ڕۆمان رزگار نابێت، هەروەك ڕۆمانەکانیشمان لەلاسایی کردنەوەی ژیان ڕزگار نابن.

تۆش ئەی ڕۆماننوس کە جیهانت بەوەکالەت بەدەستەوەیە و ئیش و کارەکانی لەنێو کتێبدا هەڵدەسوڕێنی، ئەوەی دەنووسێت هەرگیز تۆنیت، مادام بەقەڵەم چیرۆکگەلێك دەنوسیتەوە کە قەدەر بەخوێن بەشداری نوسینەوەیان دەکات. دەتبینم نوسینت کەمە، تا شکست و نائومێدییەکان گەورەترین تۆش پەنا بۆ کەمترین وشەو زۆرترین سپیایەتی دەبەیت.

## من شتێکی ئازاراویم بۆ ئاشکرابوو

تێکڕا جەنگەکان لە دەوروپشتی تۆ ڕوو نادەن، بەڵکو لە تۆدا ڕوودەدەن، ئایا سوودی ئەو هەموو وشانەی کەپڕن لە ژیان چییە؟ کاتێك وەسفی مردنی شتەکانی ناخت دەکەن؟ تۆ کە خەون بەوەوە دەبینی شتێك بنوسیت نیشتمان باڵای پێ بکات، کەچی نیشتمان ئەوەندە بچووك بۆتەوە تا وات لێهاتووە کە قسەی لەسەر دەکەیت خێرا بێدەنگی دات دەگرێ، بۆ ئەوەی بەچەماندنەوەی خەمەکانت گەورەیی ئەو بریندار نەکەیت دەق دوای دەق بەرەو گومانکردنی خۆت دەچیتە پێشەوە و لەسەر تەکنیکی نوسین و پرسیارە ترسناکەکانی ڕادەوستیت:

بۆچی و بۆکێ دەنووسیت؟

ئەی چۆن دەکرێ پیاهەڵشاخانی نێوان نیشتمان و خۆت وەك نوسەرێك دوور بخەیتەوە؟ ئاراگۆن کە ئەو وتە جوانەی درکاندوە و منیش بڕوام پێ هێناوە: (ڕۆمان لە ماڵی ئێمەدا کلیلی ژوورە قەدەغەکانە)، عەرەب نەبووە، ئەگینا دەیووت: (ڕۆمان کلیلی ئەو نیشتمانانەیە کە بەڕووماندا داخراون).

ئەوە گونجاوترین پێناسەی ڕۆمانی هاوچەرخی عەرەبییە، ئەو ڕۆمانەی کە ماوەی دوو نەوە زیاترە لە تاراوگەی ناچاری و تاراوگەی بەئارەزوودا لە دایك دەبێت و بەسەر نەخشەکانی عەرەب و ئەوروپادا دابەش کراوە.

لەوێدا دەیان داهێنەری عەرەب چاوەڕوانی مردنی خۆیان دەکەن و خەون بە ڕۆژێکەوە دەبینن تیایدا شۆڕش بەسەر نامۆیی خۆیاندا بەرپا بکەن.

لە کۆتاییدا ئەو دەنگە گەورەیە پەیدا دەبێ کەژیانی گوزەراندووە بێ ئەوەی گوێیان لێ بووبێ، دەنگی بەریەککەوتن لەگەڵ نیشتماندا.

کەواتە ئەوە سەردەمی پرش و بڵاوبوونەوەی جەزائیرە.

نیشتمانێك بەتاڵ دەبێتەوە تاکو نوسەران و ڕوناکبیرانی لە نێوان تاراوگە و گۆڕاستانەکاندا پرش و بڵاو ببنەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە میراتی تراژیدیانەی نوسینی عەرەبی بدەن و بچنە پاڵ پارچەپارچەبوونی فەلەستین و پارچەپارچەبوونی ڕانەگەیاندراوی زیاتر لە وڵاتێکی عەرەبی کە گەل تیایاندا سەرتاپا بەرەو تاراوگە ڕەوانە دەکرێت و تیایاندا چەند نەوەیەك لەقەڵەم، وەك ڕێزنان لە پیاوێك، یان لەچەند پیاوێك دەشکێنرێن، چەند پیاوێك کە بە شێوازی جیا بیردەکەنەوە، بەڵام لە تۆ خۆش نابن جیاواز بیت.

ڕۆژێك بۆت ئاشکرا دەبێت کە تۆ بە نوسین تاوانبارکراوی نەك بەوەی دەینووسیت. ئەوانەش کە دوژمنایەتیت دەکەن و دەتکوژن نەیان خوێندوێتەوە



و هەوڵیشیان نەداوە تێت بگەن، یان دیالۆگت لەگەڵ بکەن، ئەوان لەسەر ئەوەی لەگەڵیاندا جیاوازیت لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکەن.

تیرۆرکردنی زۆرێك لە ڕوناکبیرانی جەزائیر کە لە سەر دەستی ئەوانەی لە نەخوێندەوار دەچن، دەکوژرێن، ئەمە دەسەلمێنێ.

ئاخۆ نوسین کردەی شپرزەکردنە بەر لەوەی کردەی جیاوازیی بێت؟!

مادام حاڵەتی کۆچکردن بەردەوام لە نێوان پرسیارەکاندا و پێشێلکارییش بۆ لۆژیکی وەڵامدانەوە بەردەوامە، هەتا وەك ئەوەی لێهاتووە نوسەر تیایدا بەدووی یاسای (ترومان) بکەوێت، کە دەڵێ: (ئەگەر توانات نەبوو ڕازیان بکەیت، شپرزەیان بکە)، ئەوە لەگەڵ ئەدەبدا بۆت نالوێ ئاگربڕ و ڕێککەوتنی ساردوسڕ لەگەڵ ئەو خوێنەرەدا ببەستیت، کە حەتمەن بەئامادەباشییەوە لە نێوان دوو لاپەڕە و دوو ڕستەدا نیشانەت لێ دەگرێ تا لە ناوت ببات، خۆیشی بە هەموو ئەو تۆمەتانەی لە زەویدا هەن چەکدار کردووە، بەڵام مادام تۆ بۆ ئەوە لێرە نیت لە پێناوی پاکی و بێگەردی نوسیندا بجەنگیت، بەڵکو دەتەوێ لەسەر نوسین بەردەوام بیت، کەواتە گرنگ نییە.

سەرچاوە: مجلة الاقلام – العدد الثانی- نیسان \ ایار ١٩٩٨ ص ٣٦-٣٧



**ڕۆمانی نامۆیی و تاراوگە**

**حلیم برکات**

ئەم باسەی من پەیوەندی بە بایەخدانێکی سەرەکییەوە هەیە کە من لە ڕابردوودا پێم لەسەر داگرتووە و دەمەوێ لە ئایندەشدا پەرەی پێبدەم.

بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بەنامۆبوون و سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان و پەیوەندی نێوان داهێنانی ئەدەبی و تاراوگەبوونەوە هەیە، ئەو نامۆییەی من مەبەستمە نامۆبوون و کۆچکردنە پێکەوە، لەو جۆرە کە لە ئەنجامی پەیوەستبوون بە ناسنامەی عەرەبی و ئینتمای ڕوناکبیری عەرەبییەوە هەستکردنێکی قووڵ بە تاراوگەبوون لەگەڵ خۆی دێنێت.

بەپێچەوانەی ئەو کۆچەوە کە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگای تازە و لە چوارچێوەی ئەو ڕوناکبیرییە کۆتایی دێت.

ئەوەش کە لە سەر بەدواداچوونی پرسیارەکانم هانم دەدات ئەو قۆناغی گواستنەوەیەیە کە کۆمەڵگای عەرەبی پیایدا تێپەڕ دەیت، لەگەڵ ئەو کۆچانەی هزری عەرەبییدا کە ئیستا بۆ ئەوروپا و ئەمریکا هەن و لەو کۆمەڵگا تازانەدا مەڵبەند و بزوتنەوە و نوسین گەلێکیان بۆ خۆیان بنیاتناوە کە ئەو کۆچە هاوشێوانەی ئەمانمان بیر دەخەنەوە وا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویان داوە.

من دەستنیشانکردنی ئەزموونی تاراوگەبوون لە مەسەلەی دوورخستنەوە لە نیشتمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە، کورت ناکەمەوە.



ئەدەبیاتی تاراوگە وا ڕاهاتووە جیاکاری لە نێوان تاراوگەبوونی زۆرەملێ و تاراوگەبوونی بە ئارەزوو بکات، کە هەستکردنێکی نوێ بە نامۆیی لەگەڵ خۆی دێنێت.

لە حاڵەتی یەکەمدا کەسی تاراوگەبوو بە بڕیارێکی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە لە وڵات دەردەکرێت، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا نوسەر لە نێو وڵاتدا توشی دابڕان دەبێت، (من ناوی ئەم تاراوگەبوونە دەنێم تاراوگەبوونی ناوەکی)، یان وەك ڕاکردن لە چەوساندنەوە و بارودۆخێکی سەخت کە ناتوانێت بە سەریدا زاڵ بێت، بەرەو وڵاتێکی دی کۆچ دەکات کە ئازادی و کار و بارودۆخ و کایەگەلێکی بۆ دابین دەکات، لە وڵاتەکەی خۆیدا بوونیان نییە. ژمارەیەك نوسەری عەرەب هەن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تاراوگەیان هەڵبژاردووە، یان خۆیان تێدا دۆزیوەتەوە، ئەوە حاڵی جوبران و نوسەرانێکی دیکەی مەهجەر بوو.

لە نیوەی دووەمدا کە من لەم باسەدا بایەخی پێدەدەم، شەپۆلگەلێکی دی بەدوادا دێت، لەوانە:

الطیب صالح، ادوارد سعید، کاتب یاسین، محمد دیب، الطاهر بن جلون، اسیا جبار، غائب طعمة فرمان، بهاء طاهر، أهداف سویف، حنان الشیخ و خودی خۆیشم.

هەروەها باس لە هەندێ لەوانەش دەکەم کە تاراوگەبوون و نامۆییان لە ناوەوە تاقی کردۆتەوە، وەك جبرا ئیبراهیم جبرا و عبدالرحمن مونیف.

لە نێوان ئەو ڕۆمانانەی تاراوگەشدا کە لە باسەکەمدا بەسەریان دەکەمەوە، ڕۆمانی (کۆچ بەرەو باکور)ی الطیب صالح-ە کە تیایدا یاخیبوونی

تاکەکەسی وەك هەوڵێکی نائومێد بۆ سەرکەوتن بەسەر حاڵەتی نامۆبوون و تاراوگەبووندا، بەرجەستەکراوە. عەقڵی مصطفى سعید شارستانیەتی خۆرئاوا لە خۆدەگرێت، بەڵام دڵی وێران دەبێت و وا دەزانێت بە گەڕانەوە بۆ (گەرمایی ژیان لەنێو عەشیرەتدا) دەتوانێت بەسەر نامۆیی خۆیدا زاڵ بێت.

لە ڕۆژئاوا هەستدەکات پۆشێکە لەبەردەم بادا، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ گەرمایی عەشیرەت و ڕۆحیانەتی ڕۆژهەڵات، ناتوانێت بەسەر تاراوگەبووندا زاڵ بێت، یان تێی بپەڕێنێت.

دوای گەڕانەوە لەگەڵ ئەو واقیعە باوەدا کە هەیە ڕووبەڕووی داچڵەکاندن دەبێتەوە، یان لەوانەیە لە نێوان دڵڕەقی تاراوگەبوون لە دەرەوە و ئەشکەنجەی تاراوگەبوون لەناوەوە، دووچاری حەپەسان بێت.

هەروەها لەسەر ئەزموونی خۆم قسەدەکەم، وەك لە ڕۆمانی یەکەمدا (طائر الحوم) ڕەنگی داوەتەوە کە ڕۆمانی ژیاننامەیە و ئەزموونی تاراوگەبوون بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەخاتە بەر باس.

لە تاراوگەدا درەختی نیشتمان دەبینمەوە کە ڕەگەکانی بە قووڵیی بە ناخمدا ڕۆ دەچن، لە میانەی تێکچڕژانی دەروونی و لەسەر باڵی خەیاڵدا و لە نێوان پیرێتی و منداڵێتی و لەنێوان شارێکی ئەمەریکا کە واشنتۆن و گوندێکی سوریا کە (الکفرون)ە لە هاتن و چوون و گواستنەوەی بەردەوام دام.

هەموو ئەمانەش لە دۆخێکی دەروونی ڕامانئامێز و شپرزە و لە زەمەنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدەن کە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت.

لە تاراوگەی بە ئارەزووشدا دەبم بە دیل-ی سۆز بۆ نیشتمان و سەرقاڵی بە دۆزەکانیەوە، بەڵام دەزانم ژیان لە نیشتماندا گوێڕایەڵییەکی دەوێت کە زۆر



گرانە، لەبەر ئەوە نازانم بە ڕاستی کامیان سەختترە: تاراوگە یان نیشتمان؟! ئەوانەمان کە لە دەرەوە دەژین ئیرەیی بە وانە دەبەن کە لە ناوەوە دەژین، ئەوانەش کە لەناوەوە دەژین ئیرەیی بەوانەی دەرەوە دەبەن.

بەڵام هەرچۆنێك بێت نوسەر پێویستی بەوە هەیە ناسنامەی خۆی بپارێزێت و هەمانکات لە کارلێکیشدا لەگەڵ ئەویدی ئازاد بێت.

نوسەری داهێنەر واز لە زەمەن و شوێن ناهێنێت، کە (بۆ تێڕامانی بێترس و دوور لە دەستووری گریمانەی سەپێنراو هەر لە منداڵییەوە) پێویستی پێدەبێت.

هەروەها بۆ بیرکردنەوەی ئازاد لە واقیعی کۆمەڵگای عەرەبی، لە دەرەوە و ناوەوە پێویستی پێی دەبێت. بینینی ناوەوە لە دەرەوە و دەرەوە لە ناوەوە، مەرجێکی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزگاربوون و داهێنان.

لە تاراوگەدا کەسی نامۆبوو هەرچەندە بیەوێ پێداگری لەسەر ناسنامەی خۆی بکات و دەستی پێوە بگرێت، بەڵام هەر لە وردەکاریەکانی کلتووری خۆی دادەبڕێت، لە هەڵچوونە ڕۆژانەییەکانی خۆی، لە پارچەکان و لە دووبارەکردنەوە و لە جیاوازییە بچووکەکانی ڕۆژانەی خۆی دادەبڕێت و لە بری ئەوە بە جەوهەری ئەو کەلتوورە ڕوناکبیرییەوە سەرقاڵ دەبێت و شتەکان لە ڕوانینی ئەودا یەکسان نابن. چونکە کاتێك یەکسان دەبن هیچ کامیان نرخ و مانایان نامێنێت و وای لێدێت پەرۆشی لە نامۆییدا بۆ ناکۆکی نابێت، بەڵکو بۆ جیاوازی دەبێت.

هەروەها کەسی تاراوگەکراو لە ترس ڕزگار دەبێت و دەسەڵاتی لە بڕوا و پەیوەستبوونی بەو مەبدەئەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە دەرەوە بەسەریدا بسەپێنرێت.

دڵیشی لە خۆشەویستی و سۆز و تینوێتی پڕ دەبێت و بە پێچەوانەی پەیوەندی لەگەڵ ڕوناکبیری خۆیدا هەوڵ دەدات وشە لە بیرۆکەوە سەرچاوە بگرێت، نەك بیرۆکە لە وشەوە، بۆ منداڵیی خۆی و بۆ مردنی لە خۆڵی نیشتماندا دەڕوانێت و دەبێتە درەختێك و سەردەکات و مردنەکەی دەبێتە پردێك.

هەروەها نامۆیی و تاراوگەبوون لە زمانیشدا هەیە.

لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕۆماننووسە مەغریبییەکان دەکەم  کە تاراوگەبوونیان لە زمانی فەرەنسیدا بەسەردا سەپێنراوە، لەوانە:

محمد دیب، اسیا الجبار، رشید بوجدره، طاهر بن جلون.

(دیب) وەك ئەوەی بەناوی هەموویانەوە قسە بکات دەڵێت: ناتوانین خودی خۆمان ئاشکرا بکەین تەنها لە ڕێگای کۆچپێکردنەوە نەبێت.

چەند خۆزگەی ئەوەیان دەخواست کە دەنگێك لە دەنگی بە کۆمەڵی گەلەکەیاندا بتوێننەوە، کاتێکیش گلەیی دەکەن یان ڕەخنە دەگرن، خۆشەویستی سەرچاوەی سەرەکی گلەیی و ڕەخنەکانیانە.

ڕۆمانی تاراوگە پڕ دەبێت لە خەمی یادەوەری و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەمەبەستی گەڕان بە دوای ناسنامەی ونبوودا.

لە میانی ئەو سیما گشتییانەوە کە لەم باسەدا خستمنە ڕوو، گەیشتمە ئەو ئامانجەی کە ڕۆماننووسی عەرەبی بەڕاستی خۆی دەناسێت و مەرجیش نییە



کە ئەویدی ناسی ئیدی خۆی ون بکات، بەڵام ئەو ناسینە نەدەبوو ئەگەر بارودۆخی ئازادی و دووری لە مەڵبەندەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بەهەموو شێوەکانیەوە نەبوایە، بەتایبەت دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری.

داهێنانی هونەریی لە دەرەوە بین یان لە ناوەوە، ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ڕاستگۆیانە و بە شێوەیەکی میکانیکی بێ ترس و بێ سانسۆر باس لە ئەزموونە تایبەتیەکانمان و کرۆك و سەرکوتکردنەکانی بکەین.

بەڵکو بەم شتانە دەست پێدەکات:

ڕەخنە لە خۆگرتن و پرسیارکردنی ئازاد، نیگەرانی ئێش و ئازارە بەردەوامەکان، هاوتابوونەوە  لەگەڵ نیشتماندا ئەو کاتانەی لە گرفتی بێچارەسەردا دەژی، خەمی دۆزینەوە و گۆڕانکارییەك کە تێپەڕاندنی تێدا بێت، ڕووخاندنی بەربەستەکان لە نێوان ئەوانەی دەشێ بیریان لێبکەینەوە و ئەوانەی ناشێ بیریان لێبکەینەوە. هەروەها بەربەستەکانی نێوان ڕەگەزە ئەدەبییە جیاوازەکان و هەڵوەشاندنەوەی قاڵب و ستراکتۆر و دارشتە میراتییەکان و دووبارە پێکهێنانەوەیان بە دەرککردنێکی نێو ناخی خۆمان و بە خەیاڵکردنی دروستکەرانە و خۆ جیاکردنەوە و پێشەنگایەتی و کرانەوەی زەینی و نەترسان لە تەمومژ و ...هتد

سەرچاوە :

**مجلة (الاقلام) العدد الثاني –نيسان/ ايار ١٩٩٨ ص ٢٢-٢٣**



**ڤۆڵتێر... دوژمنی دەمارگیری و مامۆستای لێبوردن**

**هاشم ساڵح**

چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی کتێبەکەی ڤۆڵتێر (وتارێك لە بارەی لێبووردنەوە)، ناونیشانی کتێبێکی تازەیە کە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (نیقولا کرونك)، لە پاریس بڵاو بۆتەوە. لەو کتێبە تازەیەدا کە کۆمەڵێك لە گەورە لێکۆڵەرەوەکانی توێژینەوەی ڤۆڵتێریی نووسیویانە، شیکردنەوەیەکی قووڵ بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی ڤۆڵتێر (وتارێك لە بارەی لێبوردنەوە) هەیە، ئەو کتێبەی کە سەبارەت بە ئازادی ویژدان و بیروبۆچوون، سەبارەت بە کەمینەی پرۆتستانتی و ئایا مافی ئەوەیان هەیە هەبن یان نا؟ هەروەها سەبارەت بەخێزانی کالاس-ی پرۆتستانتی لە شاری تولوز و ئەو نەهامەتیانەی لە سەر دەستی ئاژاوەچی و توندڕەوە کاسۆلیکیەکان دووچاری بوون، ئەو کتێبەی لە گەرمەی جەنگی نێوان ئوسولی و فەیلەسووفەکاندا کە ئەو کاتە لە فەرەنسادا باو بوو، نوسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڤۆڵتێر وەك بنەچەی خێزانی، سەر بە زۆرینەی کاسۆلیکیەکان بوو، بەڵام بەتوندی لایەنگیری لەو خێزانە چەوساوەیە کرد و بەرگری لەمافی بوون و پیادەکردنی ڕێوڕەسم و بیروباوەڕە ئاینییەکانیان کرد. بێگومان لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا فشاری ئوسوڵییەکان بەهێز و بارودۆخەکە نالەبار بوو، ڤۆڵتێر نەیدەتوانی لەوە زیاتر پەرە بە چەمکی لێبووردن بدات، بەڵام ئەوەی جێگای شانازییە بۆ



ئەو، ئازایەتی ئەوەی تێدا بوو بە گژ ڕەوتی ئاژاوەگێڕییدا بچێتەوە و پشتگیری لە ڕاستی و دادپەروەریی بکات و لایەنگیرییە مەزهەبی و خێزانییەکان تووڕ هەڵ بدات. بەمجۆرە بوو بە نموونەی ئەو ڕۆشنبیرەی ڕۆ دەچێتە نێو دۆزە گشتییەکان و هەندێجار خۆی و دڵنیایی خۆیشی لە پێناوی دۆزگەلێکی ڕەوادا دەخاتە مەترسییەوە. لە سەدەی نۆزدەدا فیکتۆر هۆگۆ و ئەمیل زۆلا و لە سەدەی بیستیشدا جان پۆل سارتەر و میشێل فۆکۆ و چەندانی دی شوێن پێی ئەویان هەڵگرت. بەمجۆرە لە وەختی لە مەحەکدانی مەسەلەی ڕاستی و دادپەروەیی و لەکاتێکدا قەیرانەکان توند و بەریەککەوتوو دەبن، ئەو دەبێت بە نموونەی ویژدانی زیندووی گەلێك لە گەلەکان (نیکۆلا کرونك)ی پرۆفیسۆر کە سەرپەرشتیاری ئەم کتێبەیە، دەڵێت: کاتێك ڤۆڵتێر داوای لێبووردنی بۆ ئەو خەڵکە پرۆتستانیتانە کرد کە لەلایەن زۆرینەی کاسۆلیکەکانەوە، هەم دەچەوسێنرانەوە، هەم بە ڕق و قینەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، داواکەی نەگەیشتە ڕادەی یەکسانی تەواوی مافەکانیان لەگەڵ کاسۆلیکیەکاندا، بۆچی؟ چونکە دەیزانی لەو کاتەدا ئەوە مەحاڵ بوو. ڕاستە ئەو پێش پەرەسەندنەکانی دواتر کەوت کە پاش شۆڕشی فەرەنسی ڕوویان دا، بەڵام لە پێگەیەکی زۆر درەنگکەوتوودا مایەوە، لەو پێگەیەی کە ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بەدەستی هێنا. ئاشکرایە ئەو ڕاگەیاندنە، بە چاوپۆشین لە بنچەی مەزهەبی و تایەفەگەری، مافی تەواوی بە هەموو هاوڵاتییە فەرەنسییەکان بەخشی و بە دوایدا چەمکی هاوڵاتیبوونی بەمانای تازە بۆ وشەکە بنیاتنا و دابڕانی فەلسەفی و سیاسی لەگەڵ لاهوتی چاخەکانی ناوەڕاست دروست کرد. لەو کاتەدا یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەرەنسی

که پرۆتستانتی بوو "رابوسانت ئیسینی" لەبەردەمی کۆمەڵەی نیشتمانییدا هاواری کرد و وتی: ئێمە داوای ئەوەتان لێ ناکەین لەگەڵماندا لێبووردوو بن، بەڵام بە ئازادی! ئاخۆ ئەگەر هەموو فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری و لە پێشیانەوە ڤۆڵتێر لەگەڵی نەبوونایە و پشتگیرییان لێ نەکردایە، دەیتوانی ئەوە بکات؟ هەر چۆنێك بێت کتێبەکەی ڤۆڵتێر مەسەلەی ئەوەی دەشێ و ئەوەی مەحاڵە بۆ سەردەمێك لە سەردەمەکان دەخاتە ڕوو، شتگەلێك هەن لە چرکەساتێکدا بیرکردنەوە لێیان مەحاڵە، پاشان دوای بیست یان سی ساڵێك دەشێ بیریان لێ بکرێتەوە. لەم ئاراستەیەدا دەتوانین ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان کتێبەکەی ڤۆڵتێر و هاوارەکەی (رابۆسانت ئیسینی) تێ بگەین، کە کتێبەکەی ڤۆڵتێر لە ساڵی (١٧٦٣)ز و هاوارەکەی ئیسینی (١٧٨٩)ز یاخود ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، دەرکەوتووە. پێویستە چاوەڕوان بین تا بارودۆخەکان پێ دەگەن و گۆڕانکاری دەبێتە کارێکی شیاو، پێویستە بەر لە داوای گۆڕانکاری لە داب و نەریتی باو و یاسا چەسپاوەکان، شۆڕش لەنێو بیر و هۆشدا ڕوو بدات. ئەمەش ئەو کارەیە کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری کردیان، بەڵام ئاخۆ ڤۆڵتێر یەکەم کەسە کە لە بواری بیروباوەڕە ئاینییەکاندا داوای لێبووردنی کردووە؟ بێگومان نەخێر، فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك) پێش ئەو کەوتووە، کتێبێکی بەهەمان ناونیشانی کتێبەکەی ڤۆڵتێر بڵاوکردۆتەوە: (وتارێك لە بارەی لێبووردنەوە)، یان بۆ ئەوەی وردتر بین "پەیامێك لە بارەی لێبووردنەوە". ئەمەش لە ساڵی (١٦٨٩)ز بووە. واتە بەلای کەمەوە (٧٠) ساڵ بەر لە کتێبەکەی ڤۆڵتێر، زانراویشە کە ڤۆڵتێر خۆی بە قوتابی (جۆن



لۆك) زانیووە و لەو کەسانەبووە کە زۆری پێ سەرسام بووە، بەم شێوەیە گەواهی بۆ داوە:

"تەماشای پەیامە نایابەکەی جۆن لۆك بکەن لە بارەی لێبووردنەوە"، ئەمەش مانای ئەوەیە لەو کاتەدا فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەوروپاییەکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بەمەسەلەی دەمارگیری ئاینیەوە سەرقاڵ کردووە و هەوڵیان داوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. ئەوان وایان نەوتووە کە ئێستا هەندێك لە بەناو ڕۆشنبیرە عەرەکان دەڵێن: "دەمارگیری لای ئێمە نەبووە، بەڵکو تەنها لای مەسیحیەکان و دادگاکانی پشکنین هەبووە، گەلی ئێمە دەمارگیری نازانێ، پەنا بەخوا هتد" ئەوانە بەخەیاڵی خۆیان وا دەزانن بەو شێوەیە خزمەتی میللەت دەکەن، وەك ئەوەی میللەت لەئاسمانەوە دابەزیبێ. ئەگەر هەوڵیش بدەی خڵتە و پاشماوەی گیروگرفتەکانی دەستنیشان بکەیت کە ڕۆژانە بە دەستیەوە دەناڵێنێ، وەك ئەوە وایە جنێوی پێ بدەیت، یان دەستدرێژی بکەیتە سەر. فەیلەسوفە ئەوروپاییەکان هەڵوێستی دیماگۆجی لەم جۆرەیان نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆیان بە مشتومڕەکانەوە سەرقاڵ کردووە و ڕۆچوونەتە نێو لێپرسراوێتییەکانیانەوە. بەم ئاراستەیە توانیویانە گەلەکانیان ڕاست بکەنەوە و یەکێتی نیشتمانییان بچەسپێنن و بە ڕێگەی پێشکەوتن و باڵاییدا بیانبەن. بەڵام ڤۆڵتێر کاتێك سەبارەت بە مەسیحێتی عەقڵگەرایی (کەناونیشانی کتێبەکەیەتی) دەدوێت، لەگەڵ (لۆك)دا جیاوازە، بەبۆچوونی ڤۆڵتێر ناشێ مەسیحیەت و عەقڵ، بەلای کەمەوە مەسیحیەت بەو پێیەی لە چەرخی ئەودا باو و زاندراو بووە، پێکەوە کۆببنەوە. تێگەیشتنی باو ئەو کاتە بۆ مەسیحیەت تێگەیشتنێکی ئوسوڵی و دەمارگیرانە و

دەقگرتوو بووە، هەر بۆیە دەبوو یان بە دووی عەقڵدا بڕۆیت یان بەدووی مەسیحیەتدا.

ئەمەش لای ڤۆڵتێر بڕاوەتەوە، بەڵام ئاخۆ ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو کافر و بێدین بووە، وەك نەزانەکان دەیڵێن؟

بێگومان نەخێر، بەڵام دەمارگیرەکان دەیانەوێ لە گۆشەیەکدا لێپرسینەوەت لەگەڵ بکەن. یان دەبێ لەسەر ڕێبازی تاریکخوازانە و شەڕانگێزانەی ئەوان بڕوات هێنابێت، یان دەبێ کافر بیت. ڤۆڵتێر پێچەوانەی ئەوەی سەلماند، ڤۆڵتێر سەلماندی کە دەشێ مرۆڤ لەیەك کاتدا بڕوادار و دژی دەمارگیرییش بێت، ڤۆڵتێر بڕوای بە خوای هەموو دروستکراوەکان و هەموو جیهانەکان و هەموو سەردەمەکان هەبوو، خوا تەنها خوای مەسیحیەکان، یان جولەکەکان، یان موسوڵمانەکان نییە، بەڵکو خوای هەموو مرۆڤەکانە، هەموویان بەندەی خوان و شایستەی میهرەبانی و لێبووردنی ئەون، ئەگەر کردەوەکانیان باش و هەڵسوکەوتیان لەنێو کۆمەڵگەدا باش بێت.

هەموو بیر و باوەڕی ڤۆڵتێر لە یەك وشەدا کورت دەکرێتەوە، پەرستنی خوای ڕاستی و دادپەروەری و خۆشەویستی مرۆڤ، هەموو مرۆیەك بە چاوپۆشین لە ڕەگەز و ڕێباز و ئاینەکانیان، لەبەر ئەوەش کە ڤۆڵتێر ئاسۆی لەبەردەمی باوەڕێکی دیکەی تازەدا کردەوە کە جیاواز بوو لە باوەڕی دەمارگیرە کۆنەکان، توانی بەسەر دەمارگیری و دەمارگیرەکاندا سەربکەوێت. بێگومان ناتوانین لە باوەڕی ڤۆڵتێر تێ بگەین، ئەگەر بەچاوی ڕێزەوە بۆ شۆڕشی نیوتن لە کایەی زانستە فیزیاییی و گەردوونییەکان و ئەو پێشکەوتنانەی هزر و زانست لە چەرخی ئەودا بەدەستی هێنان، نەڕوانین.



لەو کاتەدا تێگەیشتنی عەقڵگەرایی بۆ ئایین بوو بەکارێکی شیاو و پاکردنەوەی ئایین لە ناشیرینییەکان و دەمارگیری بەرتەسك و جێماو لە چاخەکانی ناوەڕاست دەستی پێکرد، بەوەش بواریان بۆ لە دایکبوونی تەوژمێکی مەسیحی عەقڵگەرا ڕەخساند، کە هەموو دەسکەوتەکانی پێشکەوتن و یاسا زانستییەکانی هەرس دەکرد. ئەگەر ڕێگەیان بە کۆکردنەوەی مەسیحیەت و عەقڵ، یان ئایین و عەقڵ بە شێوەیەکی گشتی، بدایە، ئیدی ئەوە نەدەما مەسیحییەکان لە ئەوروپا بیروباوەڕی خۆیان بەسەر تۆدا بسەپێنن و وای پیشان بدەن کە ئەوانە شتگەلێکی پیرۆزن و مشتومڕ هەڵناگرن.

کاتێ تەماشای کتێبی زانا لاهوتییەکانی مەسیحیەت لە ئەورووپای هاوچەرخدا دەکەیت، خەیاڵت بۆ ئەوە دەچێت کە تۆ تەماشای مشتومڕی فەیلوسوفان دەکەی نەك مشتومڕی پیاوانی ئایین. گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە کتێبی (لاهوت لە چەرخی پۆست مۆدێرنێتەدا)یە، کە لە ساڵی ١٩٩٦ لە جنێف بڵاوکراوەتەوە. بەڵێ پەرەسەندن و پێشکەوتن، لە هەموو کایەکاندا دەبێت یان نابێت. بۆ ئەوەی وا نەزانین مەسەلەکان لەسەردەمی ڤۆڵتێردا بەو شێوەیە بوون، نێوانی ئێمە و ئەو، یان نێوانی ڕۆشنبیرانی ئەورووپا و ئەو دووسەد ساڵە، دەبێ ئەوەمان بیرنەچێ هەر لەبەر ئەوەش بوو زۆرینەی کتێبە گرنگەکان لە چاخی هەژدەدا بەشێوەی نهێنی بڵاودەکرانەوە، هەر نوسەرەکانیان بەتەنها ڕاو نەدەنران، بەڵکو ئەو خوێنەرانەش کە بە پەرۆشەوە بۆ ئەو کتێبانە دەگەڕان و هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان دەدا،

ڕاوەنران، ئەگەر بە ڕێکەوت کتێبێکی ڤۆڵتێر یان جاك رۆسۆ لە ماڵەکەتدا بدۆزرایەتەوە، ڕاو دەنرایت و دادگایی دەکرایت.

ئەوروپای ئەو کاتە دەمارگیر و نەزان و ئوسوڵی بوو، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەوروپای نوێ لێوانلێوە لە ئازادی و شوێنەواری تیرۆری ئایینی تێدا نەماوە، ئێمە وادەزانین پێشتریش وابووە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە بە هۆی نەبوونی هەستی مێژووییەوە، یان هیچ نەبێت بە هۆی خاووبوونەوەی ئەو هەستەوە تێی دەکەوین. ئەگەر لە ئێستادا پیاوانی ئایین لێبووردەن، یان ناتوانن ئازادی بیر و بلاّوکردنەوە سەرکوت بکەن، ئازایەتی و گەورەییەکەی بۆ ئەو شەڕە سەختانە دەگەڕێتەوە کە خەڵکانێکی وەکو ڤۆڵتێر و جان جاك ڕۆسۆ و دیدرۆ و خولّکانی دی لە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری پێی هەستان.

* سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.



## داهێنەرەکان بەرلەوەی بمرن

انیس منصور



دوای مردنمان نرخی ئەو شتانەی لە بارەمانەوە دەوترێن، پیاهەڵدان بن یان پیاکێشان، چین؟

ئەوەی دەوترێت گرنگ نییە، چونکە ئێمە لێرە نەماوین ببینین و ببیستین و بڵێین. پێشینان وتویانە: "مەڕ دوای سەربڕینی بەکەوڵکردن زیانی پێناگات".

دوای ئەوەی کۆتایی بە ژیانی دێت ئیدی بۆ ئەو جیاوازیی نییە کەوڵی بکەیت یان گوڵ بەگەردنیدا هەڵبواسیت.

بەڵام پێدەچێت ئەمە ڕاست نەبێت، چونکە زۆرێك لە گەورە کەسایەتییەکان سەرقاڵی ئەوەن کە چیان بەسەر دێت...

زۆریان سەری خۆیان ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی تا دوا هەناسە بنووسن یان وێنە بکێشن.

(دانتی) شاعیری ئیتاڵیایی بە چەند سەعاتێك دوای تەواوکردنی داستانە نەمرەکەی (کۆمیدیای ئیلاهی) کۆچی دوایی کرد.

شاعیری ئیتاڵیایی بەچەند بارەکردنەوە مرد و سەری لەسەر ئەو کاغەزە بوو کە دوا قەسیدەی ئەو لەخۆ دەگرت.

مامۆستامان (ئەلعەقاد) مرد و لە تەنیشتییەوە پرۆژەی لێکدانەوەیەکی تازە بۆ سورەتی (ئەلنور) هەبوو.

(تۆفیق ئەلحەکیم)یش نوسخەیەکی لە شانۆگەرییەك بەفەرەنسی دامێ بەناوی (فاوست) کە تەواوکەری شانۆییە مەزنەکەی گۆتەی شاعیری ئەڵمانیایی بوو.

لە پێشەکی ئەو شانۆگەرییەدا هاتووە:

ئەوەی ئەم شانۆگەرییەی نووسیوە کوڕەزایەکی ناشەرعی شاعیری ئەڵمانیایی بووە لە میسر.

من نیازم هەبوو وەری بگێڕم و ئەگەر ئەو ئیلحادە زۆرەی تێدا نەبوایە وەریشم دەگێڕا.

توێژەرەوەیەکی فەرەنسی نووسیبووی کە ئەو شانۆگەرییە لە نوسینی تۆفیق ئەلحەکیمە. کاتێك ئەلحەکیم ئەو شانۆگەرییەی دا بە من، پێی وتم:

نوسخەیەك بۆ تۆ و نوسخەیەك بۆ مێردی کچەکەم و نوسخەی سێیەمیشم بۆ هاوڕێیەك ناردووە لە فەرەنسا.

با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، (دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی)ش، یەکەمین فەیلەسوفی میسری، لە پاریس لەسەر شەقام کەوت و بە بێهۆشی بردیانە نەخۆشخانە و کەس نەیزانی کێیە؟ تاکو من گەیشتمە لای و ناردمانەوە بۆ قاهیرە و مرد. پێشتر میسر بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب پاڵاوتبووی.

هەر لە پاریس و لە ژێر سەرینەکەیدا پاشماوەی فەرهەنگێکی یۆنانی- لاتینی- ئەڵمانی- فەرەنسیمان دۆزییەوە، کە لە پەراوێزەکەیدا ئەم دەستەواژەیە نوسرا بوو: پەیوەندی بە ئەنیس مەنسورەوە بکەن لە توانای ئەودا هەیە ئەم کارە تەواو بکات.



شاعیری ناسکیش (کامیل ئەلشناوی) کە شیعری جوان و پەخشانی جوانتری هەیە، بەقەد ئەو دەستبلاوییەی لە خواردن و جگەرەکێشاندا هەیبوو، لە شیعردا کەمی دەنووسی... لە ژێر سەرینەکەیدا کاغەزێکی سپیمان دۆزییەوە بە ناونیشانی: هیچ شتێك...

لە کۆتایی کاغەزەکەشدا ئیمزای خۆی کردبوو. ئەو ویستبووی بڵێ هیچ شتێك و وتیشی.

ئەو بێدەنگ نابێت و خۆی بەدەستەوە نادات، ئەو ویستی گاڵتە بەهەموو شتێك بکات و کردیشی!!

**سەرچاوە: الشرق الاوسط-٢٠٠٧/٩/٩**

## یەکەم چیرۆك کەنووسیم

یەکەم چیرۆك کە لە ژیانمدا نووسیم ناوی (سۆزی) بوو، کەسێکیشم بەو ناوە نە پێش نوسینی چیرۆکەکە و نە پاش نوسینی، نەدەناسی. بەر لەوەی لە ڕۆژنامەی (الاساس) کاربکەم هاتووچۆم دەکردن، ئەو کاتەی هاوڕێ (موسی صبری) سەرپەرشتیی دوا لاپەڕەی دەکرد، کە لاپەڕیەکی ئەدەبی بوو، هانیدام چیرۆك بنووسم، چیرۆکێکی زۆر درێژم نووسی، وتی سبەینێ بڵاو دەبێتەوە، بە هەموو هاوڕێکانم وت چاوەڕوان بن.

سبەینێ هات و دوای سبەینێ هات و سبەینێی دیکەی بەدوادا هات و چیرۆکەکە بڵاو نەبۆوە.

ڕۆیشتم پرسیار بکەم، وتی سبەینێ!

ئەمجارە بە کەسم نەوت کە بڵاودەبێتەوە، چیرۆکەکە بەلاپەڕەیەکی تەواو بڵاوبۆوە، بەڵام ناوەکەم بە پیتی سپی و ئەوەندە بچووك نووسرا بوو کە بەچاوی ئاسایی نەدەبینرا، پێویستی بە چاوی باز و سەبری ئەیوب دەبوو.

بابەتی چیرۆکەکە ئەوە بوو کە من کچێکم خۆشدەوێ ناوی (سۆزی)ە.



چیرۆکەکە پڕ بوو لە ناوی شاران و دێڕە شیعر، هەمووم بە ئاخنین تێئاخنی بوو بۆ ئەوەی بڕوا بە(سۆزی) و خوێنەریش بهێنم کەمن خاوەنی زانیاری و شارەزاییم و ئەم دێڕانە کاغەزی پشت پێبەستنن لای دڵی.

بەڵام هەموو ئەوەی وتم و نووسیم بە هیچ چوو.

خۆشم ویست، وەلێ ئەو خۆشی نەویستم و چیرۆکەکەشی کۆتاییەکی غەمگینی هەبوو. چیرۆکەکە لەسەرەتایەوە تا کۆتایی ئەسڵ-ی نەبوو.

نە(سۆزی) هەبوو، نە خۆشەویستی یەك لایەنە. من ئەوکاتە خاوەنی دەروونێکی خۆپارێز بووم و تازە فەلسەفەم تەواو کردبوو، هێشتا ئیشم دەست نەکەوتبوو، بەتەواویش نەمدەزانی دەبم بە چی؟ وەلێ ناوی ئەو میزاجە ڕەش یان خۆڵەمێشییەکی کاڵ و غەمگین بوو.

ڕۆژێکیان گوتارێکی بچووکم بە ئیمزای (سۆزی) پێ گەیشت، نوسی بووی: (سوپاست دەکەم، تۆ لەو پەڕی ئەدەب و لوتفدایت).

نەمدەزانی لە دوا قاتی ئەو بینایەی کە ڕۆژنامەی (الاساس) ی تێدا بوو، لە شەقامی (شواربی) خێزانێکی (یۆنانی- میسری) نیشتەجێن و یەکێك لە کچەکانی ئەو خێزانە ناوی (سۆزی)ە.

بیریشم نییە کە لەسەر قاڵدرمەکان، لەکاتی ڕۆیشتنیدا بۆ سەر کار لە بانکی بارکلیز، بینیبێتم و هیچ قسەیەك لە نێوانماندا بووبێت.

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گوتارەکەم پاراست و پیشانی هاوڕێکانم دەدا، بۆ ئەوەی هەمووان وا تێبگەیەنم کە ئەوە چیرۆکی خۆشەویستییە (بێگومان چیرۆکێکی سەرنەکەوتوو)، گرنگ ئەوەیە چیرۆکی خۆشەویستییە و تەواو!

سەرچاوە: الاتحاد الاماراتي العدد (٩٦٤٤)



## ئایا شکستی عەلمانیەت، بەرەو تیرۆرمان دەبات؟

### شاكر النابلسي



تیرور نەخۆشییەکە، لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا دوچاری نەتەوە دەبێت، وەك هەر نەخۆشییەك کە لە قۆناغێکدا تووشی مرۆڤ دەبێت.

هەروەها وەکو زۆرینەی نەخۆشییەکان کە لە هۆکارێك زیاتریان هەیە، نەخۆشیی تیرۆریش بەهەمان شێوەیە، دەشێت لە قۆناغێکدا پەیدابوونی تیرۆر بەهۆی لاوازی ڕوناکبیرییەوە بێت، هەروەك دەشێت پەیوەندی بە بارودۆخێکی ئابووری، یان کۆمەڵایەتیەوە هەبێت.

بەشی زۆری ئەم وتارە باس لەوە دەکات کە دەشێت بەرزبوونەوەی تیرۆر لەم ڕۆژانەدا و لە جیهانی عەرەبیدا، ئاکامێکی حەتمی ئەو شکستە بێت کە عەلمانیەت لەم جیهانەدا بەخۆیەوەی بینیوە.

**عەقڵ و ژیانی سیاسی**

لە جیهانی عەرەبیدا بۆ نمونە، تەوافوقێکی ستراکتۆریی تەواو، وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە، لە نێوان گەشەسەندنی عەقڵی عەرەبی لەلایەك و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری تیۆریانەی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، نەبووە. لەدایکبوونی چەمکە سیاسییە تازەکانی عەرەب، لە ئاکامی وەرچەرخانێکی ئاشکرای واقیعی سیاسی عەرەبییەوە نەبووە، دەرکەوتنی ئەم چەمکانە وەك

بەیانکردنی دابڕان لەگەڵ چەرخی داڕووخان و چوونەنێو جیهانی نوێ نەبووە.

ئەم چەمکانە لە ئاکامی موتوربەکردنێکی ناگشتی لەسەر ئاستی نوخبەی هزری ئەکادیمیەوە هاتووە، نەك لەسەر ئاستی نوخبەی سیاسی فەرمانڕەواوە.

ئەمەش قەیرانێکی دیموکراتی لێکەوتۆتەوە کە بە مەسەلەی هاوبەشێتی شیاو لە بڕیاردانی سیاسەت لە نێوان حاکم و حوکمکراودا، دەست پێدەکات.

هەروەها لە(هزری گشت) ەوە دێت و لە هزری (تایبەت)دا کۆتایی پێ نایەت، لە (هزری گشت)یشدا سیاسەت وەکو قەدەغەیەکی قبوڵکراو لەلایەن خەڵکەوە تەماشا دەکرێت و ئەم دەستەواژانەی لێ دەکەوێتەوە:

"سیاسەت خزمەتکارییە"

"سیاسەت سەرئێشەیە"

"هەرکەس بچێتە نێو سیاسەتەوە لە پۆخڵەواتدا ون دەبێت" و هتد...

### کێشەی ئێمە دواکەوتنە نەك هەژاریی

لە سایەی ئەو شەپۆلی عەقڵانیەتەدا کە لە کۆتایی نەوەدەکانەوە و لە کاتێکدا ئێمە ماڵئاواییمان لە سەدەی بیستەم دەکرد، ئەو جیهانی عەرەبیی داگیرکرد، لەسایەی ئەو شەپۆلەدا هەندێك لە بیریارانی عەرەب دەستیان خستە سەر ئەو پەتا ڕاستەقینەیەی کە ڕێگە لە یەکبوونی عەرەب دەگرێت، ئەو پەتایەش پەتای دواکەوتنە نەك هەژاریی. ئێمە هەندێکمان دەوڵەمەند و دواکەوتووین، زۆرێکیشمان هەژار و دواکەوتووین، کەوایە هەموومان هەژار نین، هەژارییش هەموو کاتێك دواکەوتوویی ناگەیەنێت، هەروەك دەوڵەمەندییش هەمیشە مانای پێشکەوتن نییە.

بۆ نموونە هیند و چین لەو وڵاتە هەژارانەن کە لە ڕووی زانستییەوە پێشکەوتوون. یەکبوون لەگەڵ هەژارییدا هەیە، وەلێ لەگەڵ دواکەوتندا نییە،



بۆ نموونە ئەمریکا یەکی نەدەگرت ئەگەر ئەو ڕوناکییە نەبوایە کە ئەوروپاییەکان لە ئەوروپاوە هێنابوویان، ئەو ڕوناکیەی ڕۆشنگەری و ڕیفۆرمی ئایینی و شۆڕشی پیشەسازی و زانستی و دۆزینەوە سەرسامکەرەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی تێدا بوو.

ئەو یەکێتییەی ئەوروپاش لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەدەستی هێنا، لە ئاکامی هەموو ئەمانەوە بوو، لە ئاکامی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و زانیارییەوە بوو، خۆ لە بۆشاییەوە نەهاتبوو، وەلێ ئێمە تا ئێستا کۆمەڵگاکانمان دواکەوتوو و گەلەکانمان چەوساوە و کۆیلەکراون و ڕژێمگەلێکی چەوسێنەر و تاکڕەو و شمولیی فەرمانڕەواییان دەکات، هێز و بزوتنەوە سیاسییەکانیشمان کەمتوانا و دواکەوتوون.

### داخرانی بیریارانی ئیسلامی

بەدینەهاتنی عەلمانیەتی عەرەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا و کەوتنی سەدەی ڕۆشنگەریی بۆ نێو ونبوونی هزریی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیریارانی ئیسلام، ئەوانەی لەگەڵ بیریارە عەلمانیەکاندا مشتومڕیان دەبوو، لە ئاستی هۆشیاریی و ڕوناکبیریی بیریارانی عەلمانیدا نەبوون، ئەو بیریارە عەلمانیانەی زۆربەیان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا خوێندبوویان و هەندێکیشیان لەوێ مابوونەوە و لە زانکۆکانی ئەوێدا هەم خوێندبوویان، هەم وانەیان وتبۆوە، ئەمەش وایکردبوو زۆرترین ئاگادارییان لەسەر بیری عەلمانیەتی ئەوروپا هەبێت، هەروەها یارمەتی دابوون خۆیان بە ڕۆشنبیری تازە و بەدواییەکدا هاتووی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەعەلمانیەتەوە هەبووە، تەیار بکەن.

بەڵام بیریارە ئیسلامییەکان بەسەر خۆیاندا داخرابوون و بە درێژایی نیو سەدە مشتومڕەکانیان لە گۆشەی ئەو گوتەزایەدا گیری خواردبوو کە دەڵێت: "ئیسلام ئاین و دەوڵەتیشە"، ئەو گوتەزایەی کە (حەسەن ئەلبەنا) لە نیوەی سەدەی بیستەمدا ڕایگەیاند.

ئەمەش ڕاستییەکە و تۆمەتێك نییە بۆ بیریارە ئیسلامییەکان، شێخ (راشد ئەلغەنوشی) ئەمە دەسەلمێنێت و لەبارەی داخراویی لێکۆڵیارە ئیسلامییەکان بەسەر خۆیان و کەلەپووری خۆیاندا، دەڵێیت: "بە ڕاستی جێگەی داخە کە لەنێو لیستی درێژی سەرچاوەکانی کتێب، یان لێکۆڵینەوەیەکی ئیسلامییدا، یەك سەرچاوە نادۆزیتەوە لە دەرەوەی ئەو قوتابخانەیە بێت کە لێکۆڵیار پێوەی پابەندە، کتێبخانەی ئەوانەش کە لە پارتە ئیسلامیەکاندان، بە دەگمەن کتێبی دەرەوەی پارتەکەیان یان مەزهەبەکەیانی تێدایە". لەبەر ئەوە گفتوگۆی نێوان ڕوناکبیرە عەلمانییەکان و ڕوناکبیرە ئاینییەکان لە گفتوگۆیەکی نەبیستراو دەچوو، هیچ لایەك لەوە تێ نەدەگەیشت کە لایەکەی دیکە دەیووت.

### تێگەیشتنی هەڵە

(عادل طاهر)ی لێکۆڵیاری لوبنانی لەبارەی تێگەیشتنی پیاوانی ئاینییەوە لە عەلمانیەت، کە بە تێگەیشتنێکی هەڵەی دەزانێت، دەڵێت: ئەم تێگەیشتنە بایەخپێدانێکی ئایدۆلۆژیی دای دەپۆشێت، زیاتر لەوەی حەزکردنێك بۆ گەیشتن بەکرۆکی عەلمانیەت دایبپۆشێت.



پاڵنەری سەرەکییش بۆ ئەو بیریارانە، پاراستنی ئەو گوتەزایەیە کە دەڵێت: (ئیسلام ئاین و دەوڵەتیشە پێکەوە)، لەبەر ئەوە دەبێت گریمانەی دوو شت بکەن:

یەکەم: عەلمانیەت لە جەوهەری خۆیدا ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی ئاینییە لە ڕۆژئاوای مەسیحییدا.

دووەم: بەوەی ئیسلام ئاین و دەوڵەتیشە پێکەوە، چەمکی دەوڵەتی ئاینیی هیچ پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی لە خۆیدا هەڵناگرێت، بەڵکو پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. لێرەدا وتەکانی (عادل طاهر) تەواو دەبن.

بەڵام عەلمانیەت وەك زۆرێك لە ئیسلامییەکان تێگەیشتوون هەر بریتی نییە لە جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، بەقەد ئەوەی دوورخستنەوەی پیاوانی ئاینە لە سیاسەت، ئەمەش لە ڕێگای ڕژێمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری و ئابووری تەواوە بەئەنجام دەگەیەندرێت.

یەکێك لە هۆکارەکانی بێئاکامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان بیریارانی ئیسلامی و عەلمانیدا ڕوو دەدات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلامییەکان، ئیسلام بە خۆیان دەزانن و شکستی هزریی و سیاسی خۆیان بە شکستی هزر و دەوڵەتی ئیسلامی لەقەڵەم دەدەن.

هەروەك (راشد الغنوشی) دەڵێت: بەپێی بۆچوونی خۆیان هەر کەس قینی لەوان بێت، قینی لە خودی ئیسلامە، هەر ئەمەش وایکردووە، تەنانەت دان بەیەکیشدا نەنێن و تاڕادەیەك لە دابڕان و وەستان و لە ڕێگای داخراودا بژین.

## هۆکارەکانی شکستی عەلمانیەت

یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبییدا، بۆ ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە دەگەڕێتەوە کە ڕاستڕەوانی ئیسلام بۆ عەلمانیەتیان هەیە، هەروەها شێواندنی ئەم تێگەیشتنە و بە گشتیکردنی ئەم شێواندنە لە نێوان موسڵمانانداا بۆ ئەوەی بەرەنگاری عەلمانیەت ببنەوە و پێشەوەی کۆڕە سیاسییەکان بۆ پیاوانی ئایینی بپارێزن، هۆکارێکی دیکەیە. ئەوان هەروەك (نور الجندی) دەڵێت: دەڵێن مانای عەلمانیەت لە ئەورووپا و لەناو عەرەبییشدا واتە (بێئایینی)، ئەمە لە کاتێکدا مانای حەرفیی وشەکە پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیە و (فوئاد زکریا)ش بە(زەمەنگەرایی) وەریگێڕاوە.

هەندێك لە پیاوانی ئایینیی دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم بەهەڵەتێگەیشتنەوە لە عەلمانیەت، شەقامی عەرەبی لێ هەڵبگێڕنەوە، چونکە ئەگەر عەلمانیەت بەتەواوی لە جیهانی عەرەبیدا جێبەجێ ببێت، پیاوانی دەزگا ئایینییەکان، زۆرێك لە دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری و سیاسی و داراییەکانیان لە کیس دەچێت.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی شکستی عەلمانیەت لە ئێستای کۆمەڵگای عەرەبیدا، لەوەوە دێت کە دەرگای بە ڕووی ئیجتیهادکردندا داخستووە.

ئیسلامیەکان دەڵێن: "ئەوەی باو و باپیرانمان دایان خستووە ئێمە نایکەینەوە"، هەروەها دەڵێن: "قورئان هەیە و هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە دەمانەوێت، ئیدی هیچ پێویست بە هێنانی ئەو هزرانەی ڕۆژئاوا ناکات کە لە پۆشاك و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی ئێمە نین".



لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای عەرەبیدا کە کەشوهەوایەکی ئایدۆلۆژی باڵی بەسەردا کێشاوە و گروپە ئیسلامییە سیاسیەکان تیایدا باڵادەستن و ئاین وەکو سەنگەرێك بۆ خۆپاراستن بەکار دەبەن، لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا، بەدیهاتنی عەلمانیەت ڕۆژگارێکی دوور و درێژی دەوێت.

## ئایا ئەمە پاکانە بۆ تیرۆر دەکات؟

پێناچێت تا ئێستاش، شکستی عەلمانیەت بەو شێوەیە پاکانەیەك بێت بۆ گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی زیاتری تیرۆر لە جیهانی عەرەبیدا، بەڵام ئەگەر بە قووڵی گوتاری گروپە ئیسلامییەکان بە گشتی بخوێنینەوە، دەبینین ئەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر بە تازەگەری و ڕۆژئاوا بەگشتی هەیە، لەو ڕۆژئاوایە و لەو تازەگەرییەوە پەیدا بووە کە دەیەوێت دەوڵەتێکی نوێی عەرەبی دروست بکات، پیاوانی ئاینی ڕۆڵی سیاسییان تێیدا نەبێت، کە ئەمەش واتای دابڕانی ئەو گروپانە لە دەسەڵات دەگەیەنێت، نەك ئیسلام.

بەم شێوەیە ئەو گروپانە لە ئێستادا لە پێناوی ئەوەی خۆیان لە ژیانی سیاسی دانەبڕدرێن تێدەکۆشن، نەك لە پێناوی ئیسلامدا، ئەمەش لەوانەیە پاکانەیەك بێت بۆ ئەم بەرزبوونەوە و گەشەسەندنەی تیرۆر، کە ئەوان خۆیان لە فەرهەنگی سیاسی خۆیاندا پێی دەڵێن: جیهاد.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە.

# عەلمانیەت و دیموکراتی

بەدیهێنانی عەلمانیەت بۆ جیهانی عەرەب بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە ئایندەی جیهانی عەرەب لە بەدیهێنانی دیموکراتیدایە و بەبێ دیموکراتی ناتوانێ ئایندەیەکی گەشی هەبێت.

بە چاوی خۆمان بینیمان کە دیکتاتۆریەتی حیزبی و سەربازی و خێڵایەتی چی بەسەر جیهانی عەرەبدا هێنا. بەدیهێنانی دیموکراتیش لەم جیهانەی ئێمەی عەرەبدا بە عەلمانیەت و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت نەبێت، مەیسەر نابێت.

پێویستە ئاین نەرژێتە ناو سیاسەتەوە، چونکە ئاین نەیتوانیوە دیموکراتی بەمانا نوێکەی بناسێت. زۆربەی پیاوانی ئاینی دژی سەرجەم میکانیزمە نوێکانی دیموکراتین، لەوانە هەڵبژاردن، لە ڕاستیدا دیموکراتی بەبێ عەلمانیەت بوونی نییە، بەڵام عەلمانیەت بە بێ دیموکراتی بوونی هەیە، هەروەك لە میسر و سوریا و لیبیا و لە عێراقیش (لەسەردەمی دیکتاتۆریدا ١٩٥٢ بۆ ٢٠٠٣) بینیمان.



کە وابوو دیموکراتی بەبێ عەلمانیەت بوونی نابێت، لە جیهانی هاوچەرخی عەرەبدا تا ئێستا پێکەوە گرێدانێك لە نێوان عەلمانیەت و دیموکراتیدا بوونی نیە.

بگرە زۆر جار عەلمانیەت بە ڕژێمگەلێکی دیکتاتۆری سەربازی، یان پاشایەتی، یاخود خێڵگەرییەوە پەیوەست کراوە. هەمیشە لە جیهانی عەرەبدا ئەو هەنگاوانەی عەلمانیەت کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا بوون پێش ئەو هەنگاوانەی عەلمانیەت خراون کەلە بەرژەوەندی گەلدا بوون.

ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی کە عەلمانیەت لە جیهاندا بە دیکتاتۆریەت دەست پێدەکات و بە دیموکراتیەت کۆتایی دێت.

هەروەك لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا بینیمان کە عەلمانیەتی دیکتاتۆریای نازی و فاشی و فرانکۆییەکان بە عەلمانیەتێکی دیموکراتی کۆتاییان هات.

کەچی لە جیهانی عەرەبدا تا ئێستا عەلمانیەت لەو قۆناغی دیکتاتۆریەتەدا دەژی کە لە ڕۆژئاوا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی و پاش ئەو جەنگە باو بوو.

عەلمانیەت و دیموکراتی دوو باڵی ئەو باڵندەیەن کە پێی دەڵێن ئازادی.

لەم ڕووەوە دەتوانین ئەم ڕاستی و ڕێسایانەی خوارەوە ڕیز بکەین، بێگومان بەو بڕوایەوە کە هەڵاودێرن- استپناو- لە هەموو ڕێسایەکدا هەیە:

دیموکراتی بەبێ عەلمانیەت بوونی نییە (ڕۆژئاوا بە نمونە).

عەلمانیەت بەبێ دیموکراتی بوونی هەیە (عەرەب بە نمونە).

دیموکراتی هەمیشە بەرەو عەلمانیەت دەڕوات (ڕۆژئاوا بەنمونە).

عەلمانیەت هەمیشە بەرەو دیموکراتی ناڕوات (میسر، سوریا، جەزائیر، عیراق بە نمونە).

عەلمانیەت هەمیشە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا عەلمانیەتێکی دیکتاتۆرانەیە (تورکیا بەنمونە).

عەلمانیەت هەمیشە لە قۆناغە پێشکەوتووەکانیدا عەلمانیەتێکی دیموکراتیانەیە (تورکیا بە نمونە).

عەلمانیەت بەدیکتاتۆریەت دەست پێدەکات و بە دیموکراتی کۆتایی دێت (تورکیا بەنمونە).

ئەو عەلمانیەتەی بە دیکتاتۆریەت دەست پێدەکات و بە دیموکراتی کۆتایی نایەت عەلمانیەتێکی ساختەیە(میسر، سوریا، لیبیا، عیراق بە نمونە).

عەلمانیەتی دیموکراتی نەگۆڕ و چەسپیووە (ڕۆژئاوا بەنمونە).

عەلمانیەتی عەرەب و ئیسلام عەلمانیەتێکی دیکتاتۆرانەیە چونکە سەرەتاییە.

میکانزمەکانی عەلمانیەت لەسێبەری دیکتاتۆریدا دەگەنە ئاستێکی دیاریکراو و دەوەستن، تا پێشکەوتنی دیموکراتیانە ڕوو نەدات ئەوانیش پێش ناکەون (میسر، سوریا، جەزائیر، عیراق بە نمونە).

عەلمانیەتی ئابووری (جیاکردنەوەی ئاین لە ئابووری) مەرج نییە بەرەو عەلمانیەتی سیاسی (جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت) بڕوات (وڵاتانی کەنداو بەنمونە).

سەیر ئەوەیە پیاوانی ئاینی بەو جۆرەی بەرهەڵستکاریی عەلمانیەتی سیاسی دەکەن بەرهەڵستکاری عەلمانیەتی ئابووری ناکەن.



پێداگری لەسەر پەیوەندی ئاین و سیاسەت و بەرەنگاربوونەوەی عەلمانیەتی سیاسی، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوانی ئاینی هەوڵ دەدەن وەك یاسادانەر و هەڵسوڕاوانی سیاسی دەسکەوت و شوێنی خۆیان بپارێزن.

لە جیهانی عەرەبدا عەلمانیەت پێش دەکەوێت، بەڵام دیموکراتی پێش ناکەوێت، هۆیەکەشی بەلای منەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەراوێزەکانی عەلمانیەت بەڕادەی پەراوێزەکانی دیموکراتی، مەترسی بۆ سەر دەسەڵات دروست ناکەن.

زیادکردنی پەراوێزەکانی عەلمانیەت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، وەرگرتنەوەی زۆرێك لە دەسەڵاتەکانی پیاوانی ئاینییە بۆ پیاوانی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا.

لەکاتێکدا زیادکردنی پەراوێزەکانی دیموکراتی واتای بەخشینی زۆرێك لە دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا، بە خەڵك و بەنوێنەرانی خەڵك، دەگەیەنێت.

لێرەوەیە دەبینین لە ئێستادا سیاسەتی جیهانی عەرەب لە عەلمانیەت نزیك دەبێتەوە تاکو زۆرێك لە چەکەکان لە دەستی گروپ و پارتە ئیسلامییەکان دەربهێنێت.

لەهەمان کاتدا لە دیموکراتی دوور دەکەوێتەوە تاکو زۆرێك لە چەکەکانی لە دەستی گروپ و پارتە لیبراڵەکان دەربهێنێت.

کامیان هەڵبژێرین: عەلمانیەتی میانڕەو یان عەلمانیەتی ڕادیکاڵ؟

عەلمانیەت یەك عەلمانیەتە و یاساکانیشی ئاشکران، شتێك نییە بەناوی عەلمانیەتی میانڕەو و عەلمانیەتی ڕادیکاڵ. ڕەنگە شتێکی لەمجۆرە وەکو تیۆریی بوونی هەبێت، بەڵام لە پیادەکردندا یەك عەلمانیەت هەیە بە تاڵی و شیرینیەکانیەوە.

یان دەبێت عەلمانیەت بەتەواوی وەربگرین، یان دەبێت وازی لێبهێنین.

چونکە عەلمانیەت وەکو ئەو دەرمانە وایە کە نەخۆش بۆ ئەوەی بەتەواوی چاك بێتەوە، ناچارە تاکو دوا چۆڕ بیخواتەوە!

ئەگەر هاتوو نەخۆش نیوەی دەرمانی بەکارهێنا و ئەوی دیکەی پشتگوێ خست، باری تەندروستی تێك دەچێت و نەخۆش دەکەوێتەوە، ئەمە هۆی سەرەکی تێکچوونی تەندروستی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی عەرەبە. ئەوان تەنها ئەوەندەیان لە عەلمانیەت خواستوە کە لە قۆناغێکی هەنووکەیی سەخت ڕزگاریان بکات، واتە عەلمانیەت وەکو دەرمانێك بۆ ئازارشکاندن و ئارامبوونەوە بەکار دەهێنن نەك بۆ چاکبوونەوە.

وڵاتانی عەرەب عەلمانیەتیان وەکو دەرمانێك بۆ ڕزگاربوون لە مردنێکی حەتمی بەکار هێناوە و تا دوا چۆڕ نەیان خواردۆتەوە. لە ئێستادا ئەمە حاڵی دەوڵەتانی عەرەبە کە لەسەر جێ و بەشێوەیەکی لەسەر خۆ دەمرن.

ئەم دەوڵەتانە بۆ یەکجاری نەمردوون و مردنیشیان بەهۆی ئەو دەزگا پۆلیسییانەوە کە دەیان بەستێتەوە بە ژیانەوە، ڕانەگەیەندراوە.

بەڵام ئەگەر بێت و ئەو دەزگایانە لە جەستەی ئەو دەوڵەتانە جیا بکرێتەوە ئەو کاتە مردنیان بە شێوەیەکی ڕەسمی رادەگەیەندرێت و شوێنی پرسەشیان بۆ دیاری دەکرێت.

سەرچاوە: الاتحاد، العدد (١٠٢٢)، ٣٤ / ٥ / ٢٠٠٥



# سزای لە سێدارەدان
# لە نێوان ئێمە و ڕۆژئاوادا

د. احمد البغدادي

وەك لە كۆدەنگی ئەوروپادا دەردەكەوێت، خەریكە رۆژئاوا لەسەر هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان رێك دەكەوێ، بەڵام هەندێك لە ویلایەتەكانی ئەمریكا ڕێگری دەكەن.

زۆربەمان دەزانین كە ناڕەزایی یەكێتی ئەوروپا رێگەی لەبەردەم لە سێدارەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا داخست.

فاكتەرەكانی پشتی ئەو بیركردنەوەیە هۆكارگەلێكی عەقڵانین و خۆیان لەوەدا دەبیننەوە كە جێبەجێكردنی فەرمانی لە سێدارەدان، ڕێگری لە ڕاستكردنەوەی حاڵەتەكە دەكات، ئەگەرچی بەڵگەی تازەیش لەبەرژەوەندی تاوانباركراوەكە دەربكەوێت، بەم دواییە قازییەكی فیدراڵی لە ئەمریكا وتویەتی: سزای لەسێدارەدان پێچەوانەی دەستوورە، چونكە داوی جێبەجێكردنی، تاونباركراو لە مافی بەرگریكردن، بێبەش دەكات.

ئەم داوا رۆژئاواییە لەبەر هۆكاری مرۆیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان، لە كۆمەڵگا عەرەبییەكاندا دووچاری رەتكردنەوەیەكی بێ پێچ و پەنا دەبێتەوە، بەهۆی چەند هۆكارێكی ئایینەوە، دوای ئەوەی بە ڕووكەش هەندێك لە ئایەتە قورئانییەكان پێشان دەدرێن.



بەڵام لە ڕاستیدا، دەشێ سزای لە سێدارەدان هەڵ بوەشرێنێتەوە، ئەگەر خاوەنی خوێنەكە (كەسوكاری كوژراوەكە) ڕازی بێت بڕێك پارە كە دەگاتە چەند ملیۆن ڕیالێك، وەربگرێت.

وەك لە سعودیە ڕویداوە كە هەندێك لە دەوڵەمەندەكان، بەهۆی هەستی مرۆیی بەرزیانەوە، هەوڵیان داوە بە چەند ملیۆن ریاڵێك، تۆڵەی كوشتنەكە رابگرن.

ئەمەش بەخششێكە بەهیواین بەردەوام بێت.

كەوابوو جیاوازی ئێمەی موسڵمان و رۆژئاوا لەوەدایە كە پاڵنەرەكانی ئێمە بۆ ڕاگرتنی سزای لەسێدارەدان بۆ ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە كە وەری دەگرین، ئەمە لەكاتێكدا پاڵنەرەكان لای ئەوان، بەر لە هەر شت، پاڵنەری مرۆیین، بێگومان لەم بوارەدا ئەوان خاوەنی رەوشتێكی مەزنترن لە ئێمە، چونكە بایەخ بە بنەما مرۆییەكان دەدەن نەك چاو ببڕنە خوێنبایی!!

بەڵام ئەمە وامان لێ دەكات بپرسین: ئاخۆ بە ڕاستی سزای لە سێدارەدان دەتوانێ بەرپەرچی تاوان بداتەوە و ڕێگری لێ بكات؟!

هەموو بەڵگەكانی مرۆڤایەتی دەلالەت لەوە دەكەن كە سزاكان ناتوانن بەرپەرچی تاوانەكان بدەنەوە، بۆ نموونە بەڵگەیەك دەهێنینەوە كە بەر لە ماوەیەك لەكوێت ڕوویداوە. ئەوەبوو حكومەت (٣) كەسی بەنغالیی (لەسەر ئەوەی كە كارەكەرێكیان دوای ئیغتصابكردن كوشتبوو) لەسێدارە دا.

هێشتا (٣) رۆژ بەسەر جێبەجێكردنی فەرمانەكە و بڵاوكردنەوەی وێنەكانیان لە رۆژنامەدا تێ نەپەڕی بوو، (٣) كەسی سیلانی، بە تاوانی دەستبەسەرگرتن و ئیغتصابكردنی كارەكەرێك دەستگیر كران.

ڕووداوی لە جۆرە زۆرە، ئەویەش دەیسەلمێنێ کە پەیوەندی لە نێوان سزا و تاواندا نییە.

بەڵام ڕازیبوون لەسەر سزای لە سێدارەدان لە جیهانی سێیەمدا، بۆ لاوازی شێوازە پەیڕەوکراوەکان لە سەلماندنی تاوان و خاڵیی بوونیان لە بیلایەنی دەگەڕێتەوە.

واتە وڵاتانی جیهانی سێیەم پشت بە ڕێوشوێنەکانی هونەری دادپەروەری نابەستن..

تیایاندا تاقیگەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان خراپ بەڕێوە دەبرێن و وردبینی لە ڕاپۆرتە هونەرییەکاندا نیە و بە ئاسانی دەبڕدرێن و لە داڕشتنیاندا کەمتەرخەمی دەکرێت.

ئەمە جگە لەشێوازی توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و گەیشتن بە دانپیانان لە ڕێی هێزەوە وگوێنەدانی

دادگاکان بەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ تاوانبارکراودا پێی هەڵدەستێ، ئەمە لەکاتێکدا کە پێویستە لێکۆڵینەوە سەر بەوەزارەتی داد بێت.

سەرباری ئەوانەیش نیابەی گشتی بەدواداچوونی کێشەکان، پاش جێبەجێکردنی لەسێدارەدان، پشتگوێ دەخات، ئەگەرچی ئەگەری دەرکەوتنی بەڵگەی تازەیش هەبێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەگەزە لایەنگر و نابابەتیانەدا، پێویست دەکات دوور لە سۆز و بە ئاشکرا، سزای لەسێدارەدان تاوتوێ بکرێ.



لەو کاتەوە کە قابیل هابیلی برای کوشتووە، سزادان نەیتوانیوە، تاوان ڕابگرێت.

لەبەر ئەوە لە ئایندە و لە سێبەری جیهانگیریدا ڕووبەڕووی گوشارێکی جیهانی دەبینەوە، کە دوور نییە نەتەوە یەگرتووەکان هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان لە ئەستۆ بگرێ و بیکاتە پێوەرێك لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ئەو کاتە دەکەوینە گێژاوێکی ڕاستەقینەی واوە کە لەگەڵیدا قسەو باسەکانی سەروەریی نیشتمانی بێسوود دەبن.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە.

## ئێمە بەناوی ئایینەوە تیرۆریست بەرهەم دەهێنین

## نوسینی: د. احمد البغدادی

دوابەدوای ڕووداوەکانی (١١)ی سێپتەمبەر زۆرێك لە نوسەر و ڕۆشنبیران گازندەیان لە سەردەمی وەك من ناوی دەبەم (ملکەچیی عەرەبی) دەست پێکردووە، وەك بڵێی شتێکی تازە بێت و لە ئاسمانەوە دابەزیبێ و ئێمە ئاگامان لێنەبێ و هیچمان لەبارەیەوە نەبیستبێ، ئەمە لە کاتێکا کە ملکەچیی عەرەبی دوا بەدوای سەرکەوتنەکانی ئۆکتۆبەر تارادەیەك پاشەکشەی کرد و دوای ئەوە (لە پشتی ڕێکەوتننامەکانی ئاشتییەوە کە ئێستا پاش ڕوداوە تۆقێنەرەکانی سەرخاکی فەلەستین ڕۆشبیران بەخۆ بە دەستەوەدان ناوی دەبەن)، لەچاو ون بوو.

بەڵام ئاخۆ ئەو ملکەچییەی کە ئێستا عەرەب و موسڵمانەکان گازندەی لێ دەکەن تازەیە؟ ئاخۆ لە دەرەوە هێنراوە؟



بنەمای خودایی تەواو ئاشکرایە: (ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم). خودا قەومێك ناگۆڕێت ئەگەر خۆیان خۆیان نەگۆڕن. ئەمەش وەك هەندێك بۆی دەچن مەرج نییە تەنها بۆ ئایین کورت بکرێتەوە، بەڵکو گۆڕین هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك و گشتی، یان وەك دەڵێن هۆکارە خودی و بابەتیەکان لەیەك کاتدا و پێکەوە، دەگرێتەوە.

ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە ئەو سەردەمی ملکەچێتیەی تیایدا دەژین سەد لە سەد دروستکراوی عەرەب خۆیەتی، بە دەستەکانمان دروستمان کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی بۆ جیهانمان سەلماند کە ئەم ناوچەیەی ئێمە بەناوی ئایینەوە تیرۆریست هەڵدەهێنێ و هەر بەناوی ئاینیشەوە هەوڵی ئازاردانی خەڵك دەدات، ڕاستە وەك دەڵێن ئەو خەڵکانە کە من، بەڵام بەڕاستی ئێمە ژمارەیان نازانین.

ئێمە چەمکەکانی شەرەفمان فەرامۆش کرد و لە سێکسدا گەمارۆمان دان، لە کاتێکدا شەرەف لە پابەندبوونی مرۆڤدا بەکات و کاری ڕاستەقینە و پاراستنی قسە و پەیمانی شەریفانەوە پەیوەستە. بەرتیلخۆری لەنێوماندا و بە هەڵبژاردنی خۆمان بڵاوبۆوە و بێدەنگیمان لێ کرد، ئاستی دزیکردن لە سامانی گشتیی بەرزبۆوە و گوێمان نەدا، تەرازووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شێوا و بایەخمان پێ نەدا، بەهۆی پەیوەندی تایەفەگەرانە و تایبەتەوە بنەمای سوودوەرگرتن لە هەلمان ون کرد و خەڵك چەپڵەلێدانیان بۆ پیاوی نەشیاو دەستپێکرد، لە میحرابی زانستدا چەپڵەیان بۆ کەسانێك لێدا کە دەیانزانی نەزانن، چەپڵەیان بۆ بەرپرسان لێدا ئەگەرچی هیچیشیان ئەنجام نەدابوو.

ئیمە ئازادی بیرمان بەفیڕۆدا و بەناوی ئایین و پاراستنەوە ڕۆشنبیرانمان ڕاونا و خۆشمان لەنەزانیدا ڕۆچووبووین، تەنانەت بۆ قۆزتنەوەی پلەوپایە و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا دامەزراوە دیموکراتییەکانیشمان لە ناوەڕۆکی خۆیان بەتاڵ کردەوە، دامەزراوە پەروەردەییەکانیشمان لە ئاستی دروستکردنی بیرکردنەوەدا پشتگوێ خست، بەڵکو خوێندن و فێربوونی ئازاد بووە بە تاوانێك دەترسین ئەنجامی بدەین، تەقلید بڵاوبۆتەوە و بیر هەڵگەڕاوەتەوە و پیاوی ئایینی بووە بە خاوەنی گۆڕەپانەکە و خەڵکی خۆیان داوەتە دەست خەون و جنۆکە و جادووگەرییەوە تاکو حاڵی خۆیان ببینن.

وامان لێهاتووە گۆرانی بۆ ڕابردوومان دەڵێین و بە هۆی نەزانی بۆچوونەکانمانەوە وا دەزانین ئەوە ئایندەیە.

خۆمان وەك ئەوە پیشکەشکرد کە خەڵکی نێو مۆزەخانەکان یان ئەشکەوتەکان بین و جاروبار بێینە دەرەوە و ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییەی لە دەوروبەرمان هەیە وەربگرین و بەرەو ئەشکەوت بگەڕێینەوە و لەسەری بخەوین.

چەکمان کەڵەکە کرد و فیشەکێکمان بە ئاراستەی دوژمن نەتەقاند، ئایا دوای هەموو ئەمانە دەمانەوێ جیهان ڕێزمان لێ بگرێ؟

خۆزگە بەو حاڵەوە بماینایەتەوە باشتر بوو، ئێمە گیانی ڕقلێبوونەوە و کافرکردنمان بەرامبەر ئەویدی بڵاوکردەوە، کە لە هەموو شتێکدا لە ئێمە بەهێزترە، هەروەها ڕەتمان کردەوە لەبەر ئەوەی گوایە کافرە و ئەو حیکمەتەی ئاینمان لەبیر چوو کە داوای زانست و حیکمەت دەکات ئەگەرچی بۆ کۆتایی دنیاش بێ، لەبەر ئەوە جیهان بەتیرۆر تاوانبارمان دەکات و بەهۆی بێهودەیی



تیرۆریستیمانەوە لەدەسکەوتە فکری و زانستیەکانی دەترسێت و جێگای گلەیش نییە، چونکە واقیع ڕاستی ئەو شتەی سەلماندووە.

ڕزگاربوون لەباری ملکەچێتی عەرەبی، بنیاتنانی دژەکانی دەوێ، چونکە دیموکراتی و ئازادی ئەڵتەرناتیفی داپڵۆسینن و ڕوناکبیری لە پێش جیهادە و ئەم شتانەش پێویستن: دەستەبەرکردنی بنەمای سوودوەرگرتن لە هەل و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ڕەوشتی گشتیی و کەمکردنەوەی بایەخدان بە پیاوانی ئایینی لەبەرژەوەندی پیاوانی (ڕوناکبیری و بیرکردنەوەی ئازاد) و هەڵوەشاندنەوەی کۆت و بەندە یاساییە سەپێنراوەکانی سەر بیر.

زۆر بە کورتی با لەپێشدا ڕێزی خۆمان و ڕێزی دیموکراتی و ئازادی و ڕێزی مافی مرۆڤ بگرین، پاشان و دوای ئەوە تەماشا بکەین: ئاخۆ جیهان ڕێزمان لێ دەگرێ یان نا؟

سەرچاوە: الاتحاد الاماراتي – العدد (٩٩٧٧) ٢٩ اكتوبر ٢٠٠٢

## له ئه‌زموونی رۆژنامه‌نووسییمه‌وه

## مه‌حمود سالْح

من هێشتا له سه‌ره‌تای كاری رۆژنامه‌نووسیدا بووم. ته‌نها نوسه‌رێكی بچووك بووم له ده‌زگای(اخبار اليوم) ، ئه‌وكاته مه‌زنه پیاوی رۆژنامه‌نووسیی میسری (مصطفي امين) سه‌رنوسه‌ر بوو.

من له‌گه‌ڵ ئه‌و ته‌مه‌نه بچووك و ئه‌زموونه كه‌مه‌شدا كه هه‌مبوون، توانیم سه‌ركه‌وتنێك به‌ده‌ست بهێنم كه ڕق و كینه‌ی خه‌ڵكانێكی وروژان.

خۆم له نێوان دوو ئاگردا دۆزییه‌وه، ئاگری ئیشكردن بۆ سه‌لماندنی خۆم، وه‌ك رۆژنامه‌نووسێك، هه‌روه‌ها ئاگری ئیره‌یی و ڕق و پیلانگێڕان، كه له هه‌موو لایه‌كه‌وه ده‌وری دابووم.



ئه‌و كاته (مصطفى امين) سۆز و بایه‌خێكی زۆری، (زیاتر وه‌ك باوكێك، نه‌ك سه‌رنوسه‌ر) پێ ده‌دام. رۆژێكیان به‌پرتاو خۆم به نوسینگه‌ی (مصطفى امين) دا كرد و هێشتا دانه‌نیشتبووم فرمێسك له چاوه‌كانمه‌وه داباری.

كاتێك پێموت: مصگفى به‌گ بڕیارم داوه خۆم بكوژم! بۆ ماوه‌یه‌ك بێده‌نگ بوو.

پاشان به‌په‌له پێكه‌نینه ده‌نگداره به‌ناوبانگه‌كه‌ی بۆكرد و له‌گه‌ڵیدا له جێگه‌كه‌ی خۆی هه‌ستا و وتی: تۆ ئێستا (عبدالحليم حافڤ)م بیر دێنیێته‌وه.

سه‌یره! ئه‌ویش ئه‌و كاته له‌سه‌ر هه‌مان جێگه دانیشتبوو، كه ئێستا تۆی لێ دانیشتووی.

پێم وت: من هێشتا له‌سه‌رتای كاری رۆژنامه‌نووسی دام، به‌ڵام خه‌ڵكێكی زۆر به‌هۆی ئه‌و تاوانه هه‌فته‌ییه‌ی، هه‌موو ڕۆژانێكی شه‌ممه له (اخبار اليوم)دا ده‌ینووسم، ناوم ده‌زانن و ده‌مناسن.

دوژمنایه‌تی ئه‌وانه‌ی حه‌ز به‌سه‌ركه‌وتنی خه‌ڵكی كه‌م ته‌مه‌ن ناكه‌ن، ته‌نگی پێ هه‌ڵچنیووم و هه‌موو ڕۆژێك دووچاری ده‌سیسه و پیلان ده‌بمه‌وه و هێرشی به مه‌به‌ست و دوژمنایه‌تی پڕ له كینه‌م ده‌كرێته سه‌ر.

به‌ڵام(مصطفى امين) به‌كه‌سایه‌تییه پڕ له تواناكه‌ی، هێمنی كردمه‌وه و هه‌ڵچوونه‌كه‌ی دامركاندمه‌وه.

پێی وتم: ڕۆژێك له ڕۆژان (عبدالحليم حافظ) هاته لام و وه‌ك تۆ ده‌گریا، دانیشت و وتی: كینه له دڵان قینیان له سه‌ركه‌وتنی دیاری ئه‌و ده‌بێته‌وه و هه‌موو ڕۆژێك پڕوپاگه‌نده و درۆی بۆ هه‌ڵ ده‌به‌ستن و ده‌یانه‌وێ نێوانی ئه‌و

لەگەڵ هاوڕێکانیدا تێك بدەن و لەجیاتی ئەوەی ڕێی گوڵڕێژ بکەن، بەردەبارانی دەکەن!

بەفزوڵەوە لە(مصطفی امین)م پرسی: ئەی تۆ چیت بە(عبدالحلیم حافظ) وت؟

وتی: پێم وت خەڵکی تێکرا لەسەر یەك بۆچوون بەرامبەر بە دوو کەس ڕێك نەکەوتوون، هەتا پێغەمبەرانیش بیروڕای جیاوازیان لەسەر هەبووە و ئازار دراون و تەنانەت هەندێکیان کوژراویشن، خەڵکی لە لادێکاندا بەرد بۆ درەختە بەردارەکان دەهاوێژن، چونکە دەیانەوێت بەرەکەی بەر بدەنەوە و بەشیرینی و تازەیی و بەبێ بەرامبەر بیخۆن.

بەڵام دارە بێبەرەکان لەلایەن مرۆڤەوە بیریان لێ ناکرێتەوە تا بەردیان تێ بگیرێت. (عبدالحلیم حافظ) لێی پرسیم: ئەی چی لەو بەردانە بکرێت باشە؟

پێم وت: پێویستە ئەو بەردانە کۆبکەیتەوە و لەسەر یەکیان دابنێیت و ئینجا بچیتە سەریان، ئەو کاتە دەبینی زۆر لە زەوی و لەو کەسە بچووکانەی هێرشت دەکەنە سەر بەرزتر بوویتەوە.

لە(مصطفی امین)م پرسی: ئاخۆ عبدالحلیم حافظ، ئامۆژگارییەکەی جێبەجێ کرد؟

وتی: بە ورد و درشتییەوە... ئەنجامیش مێژوو ناوی ئەوانەی نەهێنا کە هێرشیان کردە سەر و ویستیان لە ناوی ببەن، مێژوو تەنها ناوی(عبدالحلیم حافظ)ی پاراست.

هەتا لە ئاشکراکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکانیشدا تەنها ناوی سەرکەوتوەکان دەنووسن.



بەڵام سەرنەکەوتوو کە لە تاقیکردنەوە دەر نەچووە، نە ناوی دەنوسرێ و نە دەردەکەوێ.

ئەو گفتوگۆیە هەرگیز لە مێشکمدا ناسڕێتەوە و هەموو ئەو کاتانەی تیرێك لە تیرەکانی ڕق و کینەم بەردەکەوێ، وەبیرم دێتەوە.

دوای ئەوەی پەندم لە حکایەتەکەی (عبدالحلیم حافظ) وەرگرت، تێگەیشتم کە دنیا هەرگیز لەدەستەی (دوژمن بەسەرکەوتن)، ئەوانەی ئیشیان نییە کوژاندنەوەی مۆم و چراکان نەبێت، خاڵی نابێت.

ڕۆژێکیان لەسەر دکتۆر (احمد زویل)م نووسی کە خەڵاتی (بنیامین فرانکلین)ی بەدەست هێنابوو. گەواهیم بۆ بلیمەتی و کارەکانی دابوو. دوای چەند ڕۆژێك ئوستادێکی میسریم لێ ڕاست بووەوە کە لە زانکۆیەکی ئەمریکییدا کار دەکات، بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و لە لوتکەی تووڕەبووندا بوو، بە توندی ڕەخنەی لێ گرتم کە ستایشی دکتۆر (احمد زویل)م کردبوو. وتی: برای من خۆ خەڵاتی نۆبڵ- ی وەرنەگرتووە؟

خۆش ئەوەبوو دوای تەنها ٣ مانگ، زویل (نۆبڵ)ی وەگرت!

**سەرچاوە: الاتحاد الاماراتي- العدد(٩٧٤٠)**




# جۆن شتاینبەگ: نوسین چێژوەرگرتنی ڕاستەقینەی منە

نصرت مردان



له یادی سـەد سـاڵەی لـەدایکبوونی (جـۆن شـتاینبەگ)ی ڕۆماننووسـدا (١٩٠٢-١٩٦٨)، یەکێك له ڕەخنەگرەکان که(جاری بارینی) بوو، وتی:

ئەگەر شتاینبەگ ڕۆمانی (هێشوەکانی تووڕەیی) نەنووسیبایە، دەسـەڵات و دامودەزگاکانی ئـەمریکا بیریـان لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کۆچـبەرەکان نەدەکردەوە، چونکە له ڕاستیدا هێزی ئەدەب له توانایدایە کـە کۆمـەڵگاکان بگۆڕێت.

(هێشوەکانی تووڕەیی) لەکاتی بڵاوبوونەوەیدا له ساڵی (١٩٣٩) تا چـەند مانگێکیش لەو کتێبانە بوو کە زۆرترین ژمارەی لێ دەفرۆشرا. جگە لەوە ئەم ڕۆمانە خەڵاتی (پۆلیتزەر) ی بەدەستهێنا و(جۆن فۆرد) ی دەرهێنەر کردی بە فیلمێکی سینەمایی.

ئەم ڕۆمانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا وایکرد کە (ئەلنیۆر ڕۆزفلـت) هاوسـەری سەرۆکی ئەمریکا بایەخ بە کێشەی کۆچبەرەکان بدات و بەسـەریان بکاتـەوە. ڕۆمانەکە وەکو دەزانرێت باس لە کۆچـی کرێکـارانی بـواری کشـتوکاڵ، لـە ئۆکلاهومای وڵاتی خۆیانەوە بۆ کالیفۆرنیا دەکات.

هەروەها هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان له پێناوی نیشتەجێکردنیاندا لەو زەوییە بە پیتانە دەخاتەڕوو. ئەم ڕۆمانە توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵگاکان بۆ کێشەی

کۆچبەران ڕابکێشێ و لەو بوارەدا ڕۆڵی باشی هەبووە, سەرکەوتنی شتاینبەگ لە خستنەڕووی دەرد و ئازاری کۆچبەراندا بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە.

یەکەم: شارەزایی و وردی ئەو لە ژیانی کۆچبەران.

دووەم: ئەو هەموو وتارو نوسینانەی کە لەسەر ژیانی ئەوانی نووسیوە. شتاینبەگ لەکاتی نوسینی ئەم ڕۆمانەدا بەردەوام لە ڕێگای ئەو گرامافۆنەوە، کە بۆ هەر شوێنێك چوو بێت پێی بووە، گوێی لە مۆسیقای چایکۆفسکی گرتووە. شتاینبەگ لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٨ دا دەستی بەنوسینی ئەم ڕۆمانە کردووە و لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا کۆتایی پێ هێناوە. بڕوانە لەو ساڵەدا (١٩٣٩) کە ئەم ڕۆمانەی تێدا بڵاوکراوتەوە، جیهان چی بینیوە؟

فەرەنسا و ئینگلتەرا جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند. کتێبەکەی هیتلەر (تێکۆشانی من) ژمارەی پێوانەیی لە فرۆشتندا شکاند. هەر لەو ساڵەدا فرۆید کۆچی دوایی کرد. ئەمریکا پابەندبوونی خۆی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بە بێلایەنی ڕاگەیاند، هەر لەو ساڵەدا خەڵاتی نۆبڵ بەکەس نەبەخشرا.

***

جارێکیان لە بارەی لۆژیکی نوسینەوە پرسیاریان لە شتاینبەگ کرد، لەوەڵامدا وتی: نوسین هیچ لۆژیکێکی نییە.

من کاتێك لەبەردەم واقیعێك یان ڕووداوێکی دیاریکراودا هەست بە بێزار بوون و یاخی بوون دەکەم، دەست دەکەم بە نوسین.

من دەمەوێ خوێنەرەکەم لەم چرکە ساتانەمدا بەشداریم بکات. کاتێك بابەتێك دەدۆزمەوە پێویستی بە مشتومڕ هەبێت دەست بۆ قەڵەم دەبەم.



کاردانەوەکانیش بەرەو نوسینی تازەم دەبەن. بەکورتی لە میانەی نوسیندا هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە دەکەم، کاری نوسین هەستکردن بە گەشانەوە و جێگیربوونی ناخم پێ دەبەخشێ. ئەگەر بەیەك وشە وەڵام بدەمەوە، دەڵێم: نوسین چێژوەرگرتنی ڕاستەقینەی منە.

ئاخۆ لە ئێستادا کە بایەخدانی نەوەکان بە ڕۆمانەکەی شتاینبەگ درێژەی هەیە، ئێمە توانیومانە خاوەنی دەقێك بین، لەگۆڕینی هەڵوێستی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا بەرامبەر بە جۆرەها کێشە کە پێوەیان دەناڵێین، سەرکەوتوو بێت؟!

سەرچاوە: الف باء الملحق الثقافي لجريدة الزمان العدد (١٥٤٠)



# تێڕامان

## والاس ستیفنز

ئەوەی لێرەدا دەیبینین کۆمەڵێك تێڕامانە لە ماهیەتی شیعر و مێژوو، هەروەها پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان خەیاڵ و واقیع، کە (والاس ستیفنز) نووسیونی و بەشێکی گەورەی ئیشەکانی ئەم دواییەی (ستیفنز) لە هەردوو بواری شیعر و پەخشاندا، پێك دەهێنن. ئەم تێڕامانانە لە زمانی عەرەبییەوە کراون بە کوردی.

(١)

خوا هێمایە بۆ شتێك کە لە توانای دایە فۆرمی دیکە وەربگرێت، بۆ نموونە دەشێ یەکێك لە جوانترین فۆرمەکانی شیعر لە خۆبگرێت.

(٢)

شیعر پێویستە ناعەقلانی بێت.

(٣)

قەسیدە ئەو سروشتەیە کە شاعیر دەیخوڵقێنێ.

(٤)

مرۆڤ، شیعر بە ئەعساب دەخوێنێتەوە.

(٥)

ئەدەب گرنگترین بەشە لە ژیان، بەڵام بەمەرجێك ژیان گرنگترین بەش بێت لە ئەدەب.



(٦)

شیعر هەستکردن بە واقیع دوو بەرامبەر دەکات.

(٧)

جەستە مەزنترین قەسیدەیە.

(٨)

شیعر ئامرازێکە بۆ ڕزگاربوون.

(٩)

قەسیدەش وەك زۆربەی شتەکانی نێو سروشت، مەنەتی بەمانا نییە.

(١٠)

شاعیر پەیوەندێکە لە نێوان خەڵك و ئەو جیهانەی تیایدا دەژی، هەروەها پەیوەندێکە لە نێوان خەڵك و خۆیاندا، بەڵام پەیوەند نییە لەگەڵ خەڵك و هیچ جیهانێکی دیکەدا.

(١١)

ماڵیش جۆرێکە لە شیعر.

(١٢)

پێویستە خوێندنەوەی شیعر وەك ئەزموونکردنی هەر کارێکی زیندوو بێت.

(١٣)

پێویستە شیعر لە هەر چەمکێکی هزریی گەورە تربێت، دەبێت شوێنی چریسکانەوەی سروشت بێت، چونکە چەمکە هزرییەکان دروستکراون، بەڵام درکپێکردنە هەستییەکان پێداویستین.

(١٤)

هەموو قەسیدەیەك بریتییە لە قەسیدەیەك لە نێو قەسیدەیەکی دیدا، قەسیدەی بیرۆکە، لە نێو قەسیدەی وشەکان.

(١٥)

شاعیر وێنەی عەقڵ بەرجەستە دەکات لە حاڵەتی بەرگریکردن لە ئێمە، لە دژی خۆی.

(١٦)

شاعیر لە پەیوەندی ئادەمیزاد بە ڕاستیەکانەوە، دەکۆڵێتەوە.

(١٧)

جیهان تاکە شتێکە کە بەکەڵکی ئەوە بێت بیری لێ بکەینەوە.

(١٩)

زمان چاوێکی بینایە.

(٢٠)

خوازە، واقیعێکی تازەی وا دەخولقێنێ، کە واقیعە ڕاستییەکە لە بەرامبەریدا لە ناواقیعی دەچێت.

(٢١)

مرۆڤ تەنها لە مەملەکەتی خوازەدا دەبێتە شاعیر.

(٢٢)

هەندێك بابەت هەن کەمتر دەکەونە بەر خوازە، وەك لە بابەتێکی دی.

(٢٤)

جیهان بە تێکڕا لە پیاڵەیەك (چا)، کەمتر توانای بەخوازەبوونی هەیە.

(٢٥)



گۆڕینی شێواز، خۆی لە خۆیدا گۆڕینی بابەتە.

(٢٦)

خەیاڵ دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر سروشتەوە.

(٢٧)

خەیاڵ تەنها بلیمەتییەکە، کە بوونی هەبێت.

(٢٨)

خەیاڵ ڕزگاربوونی عەقڵ و پاشان ڕزگار بوونی واقیعە.

(٢٩)

سەرکەوتنی پیشەسازی چەمکێکی لادێیانەیە.

(٣٠)

نەزانینی مرۆڤ سەرچاوەی هێزێتی.

(٣١)

پێویستە لە نێو جیهاندا بژیت، بەڵام لەدەرەوەی ئەو چەمکانەی لە بارەی جیهانەوە هەن.

**سەرچاوە: جريدة (الصباح) العدد(١٧٢) ٢ كانون الثاني ٢٠٠٤**



## ئایین و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی

پرۆفیسۆر (فریدمان دیسون)



بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانی مێژوو، مـرۆڤ تـەکنۆلۆژیای بـۆ گـۆڕینی جیهان بەکار هێناوە، تەکنۆلۆژیای ئێمە دوو جۆر بووە، سەوزو خۆڵەمێشی.

تەکنۆلۆژیای سەوز بریتی یە لە:

(تۆو) و رووەك و باخچە و بێستان و ئاژەڵی ماڵی و شیر و پـەنیر و خـوری و پێست.

تەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشی بریتی یە لە:

کانزا و ئاسن و ڕم و تۆپ و خەڵوز و نەوت و کارەبـا و ماشـێن و فڕۆکـە و کاتیۆشا و تەلەفۆن و کومپیوتەر.

شارستانێتی بەر لە(١٠) هەزار ساڵ بەتەکنۆلۆژیای سەوز و بـە کشـتوکاڵ و بە بەخێوکردنی ئاژەڵ دەستی پێکرد.

پاشان بەر لەنزیکەی(٣) هـەزار سـاڵ تـەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشـی دەسـتی پێکرد و بە ئیش و کاری کانزایی و ئامێریی توانی دەسەڵات پەیدا بکات.

لەماوەی (٥٠٠) ساڵی ڕابردووشدا تەکنۆلۆژیای خۆڵەمیشـی بـۆ پێشـەوە تەکانی داوە و توانیویەتی شار و کارگە و بازاڕی ناوەندیی، بـە جیهـانی نـوێ پێشکەش بکات، باڵادەستی تەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشی لە کۆتاییەکانی نزیـك دەبێتەوە، لەماوەی (٥٠٠) ساڵی ڕابردوودا توانیمان تێگەیشتنێکی بناغـەیی لە ڕێبازی ئیشکردنی خانە زیندووەکان بەدەست بهێنین .

لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا توانای بەرهەمهێنان و باڵادەستی هاتن، لە دەستکەوتەکانی زینەوەرزانیی تازەیشەوە، تەکنۆلۆژیای زیندەوەرزانی نوێ گەشەی کرد.

تەکنۆلۆژیای نوێی سەوز هێزی دروستکردن و دووبارە دروستکردنەوەی جۆرا و جۆرمان (بەهۆی بەکارهێنانی تیشکی خۆر وەك سەرچاوەی وزە و ئاو و با و خۆڵیش وەك شت)پێدەبەخشێت.

تەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشی وەك مەکینە و کۆمپیوتەر لەچاوان ون نابن، بەڵام تەکنۆلۆژیای سەوز بەخێراییەکی گەورەتر بۆ پێشەوە تەکان دەدات و دەتوانێت لە پیشەسازییە کیمیاییەکانمان نەرمتر و بە بەرهەمتر بێت.

تەکنۆلۆژیای سەوز توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ زیانگەیاندنێکی کەمتردا بەسروشت و ژینگە، پێویستییەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات.

هەروەها دەتوانێت (لەکاتی هێنانی سامان بۆ ناوچە ئیسیواتییەکانی ئەم هەسارەیە کە گەورەترین ڕێژەی تیشکی خۆر و زۆرترین خەڵك و هەژاری تێدایە) فاکتەری یەکسانییەکی مەزن بێت.

دەڵێم لەتوانای تەکنۆلۆژیای سەوزدا هەیە ئەو شتانە بکات، بەڵام نایکات چونکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانە، نەك هەر پێویستمان بە تەکنۆلۆژیای تازە دەبێت، بەڵکو پێویستمان بە باردۆخێکی سیاسی و ئابووری واش دەبێت کە لە سەرانسەری جیهاندا هەلی بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایە بۆ خەڵك دەڕەخسێنرێت.

ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کاروبارانە پێویستمان بە تەوژمێکی بەهێزی مۆراڵ دەبێت، پێویستمان بەکۆکردنەوەی ڕایگشتی جیهانی دەبێت لەسەر



ئەوەی کە نایەکسانییەکی گەورە (بە شێوەیەك کە ناشێت چاوپۆشی لێ بکرێت) لە دابەشکردنی ساماندا هەیە.

ئەگەر بەم کۆبوونەوەیە گەیشتن، ئەو کاتە لەسەر ئاینەکان پێویست دەبێت کە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، چونکە نە تەکنۆلۆژیا بە تەنها و نە ئایینیش بەتەنها ئەو هێزە بێ کەموکورتییەیان نییە کە بتوانن دادوەری کۆمەڵایەتی بەسەر کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بسەپێنن.

بەڵام تەکنۆلۆژیا و ئایین، پێکەوە دەتوانن بەم کارە هەڵبستن.

هەموو دەزانین کە تەکنۆلۆژیای سەوز لایەنی تاریکی هەیە، هەروەك تەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشی کە هەیەتی، تەکنۆلۆژیای خۆڵەمێشی بۆمب-ی هایدرۆجینی بۆ هێناین، وەك چۆن تەلەفۆنیشی پێ بەخشین.

تەکنۆلۆژیای سەوزیش بۆمب-ی(نەخۆشی- الحجرە) بۆ هێناین کە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و دژە زیندوویی-ش دەدات، لەگەڵ هێنانی چەکی بایۆلۆژیدا تەکنۆلۆژیای سەوز هەندێك مەترسی هێناوە کە پەیوەندی بەچەکەوە نییە، مەترسی گەورەی ئەم تەکنۆلۆژیایە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەتوانای هەیە بە پراکتیککردنی ئەندازەی جینەکان لەسەر مرۆڤ، سروشتی مرۆڤایەتی بگۆڕێت. ئەگەر بێت و ڕێ بە بازاڕێکی ئازاد بۆ جینەکانی مرۆڤ بدرێت، لەو کاتەدا باوکە دەوڵەمەندەکان دەتوانن ئەو جینانە بۆ منداڵەکانی خۆیان بکڕن کە بەسەرکەوتووی دەزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی مرۆڤایەتی بۆ بڕێك چینی داخراو، دەشێت دوای چەند نەوەیەك منداڵی دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ منداڵی هەژارەکاندا گروپگەلێکی جیاوازبن. بەمەش مرۆڤایەتی بۆ ئەو کۆمەڵگا کۆیلایەتییە دەگەڕێتەوە کە لە سەدەکانی ڕابردوودا هەبووە.

**لەبەر ئەوە باوەڕمان بە سوودەكانی ئابووری بازاڕی ئازاد بگاتە هەر ئاستێك، پێویستە ئەو بازاڕە ئەوەندە فراوان نەكەینەوە كە جینەكانی مرۆڤایەتی بگرێتەوە. تەكنۆلۆژیای زیندەوەرزانی دوو كەڵكی مەزنی پێشكەش كردووە..**

**یەكەم: كەمكردنەوەی نەهامەتییەكانی مرۆڤ لە ڕێگای پێشكەوتنی پزیشكییەوە.**

**دووەم: گۆڕینی ئابووری جیهانی لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی سامانی تەكنۆلۆژیای سەوزەوە بە شێوەیەكی دادوەرانەتر لەسەرانسەری جیهاندا. ئەو دوو شەڕە گەورەیەیش كە پێویستە ڕێگایان لێ بگیرێت، بریتین لە بەكارهێنانی چەكی بایۆلۆژی و شێواندنی سروشتی مرۆڤایەتی، لە ڕێگای كڕین و فرۆشتنی جینەكانەوە.**

**هیچ هۆیەكی زانستی نابینم كە لە بەدەستهێنانی شتی بەكەڵك و خۆپاراستن لەشتی بێكەڵك ڕێگرمان بێت، ڕێگرەكانی بەردەم بەدەستهێنانی شتی بەكەڵك زیاتر لەوەی تەكنیكین، سیاسیین، جێگای داخە ژمارەیەكی زۆری خەڵك لەچەندین وڵاتی جیاوازدا، لەبەر چەند هۆیەك كە مەترسی ڕاستەقینەیان تێدا نییە، بەتوندی دژایەتی تەكنۆلۆژیای سەوز دەكەن. زۆر گرنگە بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بكەین كە وەكو ئێمە بیر ناكەنەوە، هەروەها ئاگامان لە مەترسییەكانیان بێت و میهرەبانانە بچینە نێو جیهانی تەكنۆلۆژیای سەوزەوە، بە شێوەیەك كە كەرامەتی مرۆڤ و بیروباوەڕە ئاینییەكانی پێشێل نەكرێن.**



**ئەگەر توانیمان ئەوە بكەین، هەلێكی باش لەبەردەمماندا دەبێت بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەم سەدەیەدا ئامانجە ژینگەییەكان و دادوەری كۆمەڵایەتی دەستەبەر بكەین، كە تەكنۆلۆژیای سەوز خستوونیە بەردەستمان.**

**مەسەلەیەكی گەورە كە لە ئێستادا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، مەسەلەی دڵنیابوونمانە لەوەی كە بەردەوامبوونی شۆڕشی زانستی، لەجیاتی ئەوەی كەلێنەكانی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان گەورە بكاتەوە. كەڵك بەهەموو لایەك دەبەخشێت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی وڵاتە هەژارەكان و هەژارانی وڵاتە دەوڵەمەندەكان، بەڵام تەنها تەكنۆلۆژیا بەس نییە.**

**پێویستە تەكنۆلۆژیا پاڵنەر و ئاراستەكەری مۆراڵێك بێت بۆ پێشكەشكردنی شتێك كە لە پێشكەشكردنی یارییەكی نوێ بۆ دەوڵەمەندان، زیاتر بێت.**

**هەروەها لەسەر زانایان و پیاوانی كار (ئەوانەیان كە دادوەریی كۆمەڵایەتییان بەلاوە گرنگە) پێویستە لەگەڵ ڕێكخراوە ئایینی و ژینگەییەكان ڕێك بكەون بۆ ئەوەی دەسەڵاتێكی سیاسییانە بە مۆراڵ ببەخشن.**

**پێویستە زانست و ئایین دەست لەناو دەست كار بۆ لەناوبردنی ئەو(نایەكسانی)یە ناهەموارە بكەن كەلە جیهانی هاوچەرخماندا هەیە.**

**ئەمە گۆشەنیگای منە و هەمان گۆشەنیگایشە كە بەر لە ٤٠٠ ساڵ (فرانسیس بیكۆن) بڵاوی كردۆتەوە، كە داوای كردووە لە ڕێگای زانستەوە (خوا ڕەحمەتی تازە بە خێزانی مرۆڤایەتی ببەخشێت).**

**سەرچاوە:الدستور، العدد(١١٧٩٤) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی هشام عبدالله**

# دیدار



## نوسین ئاسۆی ژیان فراوان دەکاتەوە

**خۆسیە سارامۆگۆ**



**لەم گفتوگۆیەدا کە گۆڤاری (الماغزین لبیتریر) فەڕەنسی، لە ژمارەی مانگی سێی ٢٠٠٠دا بلاوی کردۆتەوە و بۆ ئەدەبی پورتوگال تەرخان کراوە، خۆسیە ساراماگۆی ڕۆمانووس (لەدایك بووی ١٩٢٢، خاوەنی خەلاتی نۆبلّ-ی ئەدەبیی ١٩٩٨)، سەبارەت بە ژیان و پیشە و بەرهەمەکانی، هەروەها سەبارەت بە ئیلهام و مێژوو و شتگەلێکی دی قسە دەکات.**

**خۆسیە ساراماگۆ لەبەر ئەوەی (نەیتوانیوە مێژوونووس، یان نوسەری وتار، یان مامۆستابێت) ڕۆمان دەنووسێت.**

**لەبەرهەمەکانیدا خەیالّ و مێژوو، ڕاستی و ئەفسانە تێکەلّ دەکات، پێی وایە ئەدەب، ئەگەر بۆ بەئاگاهێنانەوەی هۆشی خوێنەر و پالّنانی بەرە و گومانکردن لە واقیعیەتی جیهان بەکار بهێنرێت، کەلّکێکی گەورەی دەبێت.**

**خۆسیە سارامۆگۆ کە ٤٠ سالّە شیوعییە و بەتوندی بەرگری لێدەکات، ئێستا بە ئارەزووی خۆی پورتوگالی جێ هێشتووە، بۆ ئەوەی لە تاراوگەدا، لە (الکناری) ژیان بگوزەرێنێت.**

* ڕێچکەی ئەدەبی تۆ بێ پرۆگرامە: تۆ پیاوێکی پشتبەخۆبەستوویت (عصامی)، لە کام چرکەساتدا بڕیارت دا ببیت بە نوسەر؟

* لای خۆمەوە قسە لەسەر ڕێچکەی ئەدەبیم ناکەم، کاتێك هەرزەکار بووم، تەمەنم هەژدە نۆزدە ساڵێك دەبوو، لە قسەکردندا لەگەڵ هەندێك برادەری هاوتەمەنمدا، وتم من حەزدەکەم ببم بەنوسەر، ئەمەش گۆڕاو بوو بە ڕاستی.

ساڵی ١٩٤٧ بەرلەوەی تەمەنم بگاتە ٢٥ ساڵ ڕۆمانێکم بڵاوکردەوە، بە دوایدا ڕۆمانێکی دیکەم نووسی، بەڵام تا ئەمڕۆش بڵاونەبۆتەوە.

لە ڕوکاردا ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی کە خۆم بەنوسەر بزانم، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا، بەڕاستی من پشتبەخۆبەستووم (ئەمەش نە جێگای شەرم و نە جێگای شانازیمە)، پشتبەخۆبەستوویەك زۆری خوێندنەوە و دەخوێنێتەوە، بڕواشم وایە کە ئەوە بۆ فێربوونی نوسین، باشترین ڕێگایە.

* لە ماوەی گەنجیتدا، ڕێگایەکت گرتەبەر کە لە پیشەی ڕۆمانووسی دووری دەخستیتەوە (ئاسنگەری، وەرگێڕی، ڕۆژنامەنووسی) بۆ؟

* ئەو ڕێگایە من هەڵم نەبژارد، دوای دوو ساڵ لە خوێندنی سەرەتایی، بەهۆی کەمی دەرامەتەوە وازم لە خوێندن هێنا، پاشان بۆ خوێندنگای فێربوونی تەکنیکی گەڕامەوە، چونکە ئەمەیان کەمتری تێ دەچوو، (ئاسنگەری میکانیکی)م خوێند و زیاد لە ساڵێك وەکو ئاسنگەر کارم کرد.

تا کۆتایی پەنجاکانیش دەستم بەکاری وەرگێڕان نەکرد. تا سەرەتای هەشتاکان ئەم چالاکیەم بە شێوەیەکی نا سەقامگیر ئەنجام دا.

کاری ڕۆژنامەنووسیشم لەساڵی ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٣دا وەك ڕێکخەری پاشکۆی ئەدەبی ڕۆژنامەی (دیارو دی لیسبوا)ی ئێواران دەستی پێکرد.



پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ وەك بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندن لە ڕۆژنامەی (دیارودی نوتیا)ی ئێواران کارم کرد.

* لە گوندی (ازنکا) لە دایك بوویت کە بە فەڕەنسی واتای ڕێگا یان ڕێگای فراوان دەبەخشێت، دەلالەتی ئەم یەکەمین قەدەرە لای تۆ چ واتایەك دەگەیەنێت؟

* (بە پێکەنینەوە) من بڕوام بە قەدەر نییە، ئەو قەدەرەی مژدە دەبەخشێت، یان بەڵێنی بەخشینی دەدات. لە گوندێکی هەژار و لە خێزانێکی بێ زەوی و بێ ئاژەڵ لە دایك بووم، قەدەرەکان لە خۆیان نەگرتم و ماچی نێوچاوانیان نەکردم.

* هەنگاوە سەرەتاییەکانت لە نوسیندا چین؟

* بەر لە دوو ڕۆمان من وەك هەموو هەرزەکارێکی ئەو سەردەمە شیعرم دەنووسی ، (بەشێوەیەکی تایبەت سونێتم دەنوسی)، ئەوەی دەمنوسی سەرپاك گێڕانەوەی ئەو شتانە بوو کە دەمخوێندنەوە، بەڵام بۆ خۆشبەختیم هەموو ئەوانە فەوتان.

* بۆچی لە نێوان ڕۆمانی یەکەمت ساڵی (١٩٤٧)، دوای ئەو چیرۆکە کورتەکانت (١٩٦٦)، هەروەها ڕۆمانی دووەمت (الالة الاقطع) لە ساڵی (١٩٨٠) ئەو هەموو کاتە دوور و درێژە هەیە؟

* شتێکی بەکەڵکم لا نەبوو تا بیڵێم، هەر کاتێك هەست بکەم شتێکم لایە شایانی وتن بێت، کار بۆ خستنە ڕووی دەکەم، بەڵام بە شەرمێکی زۆرەوە.

لە ساڵانی ١٩٦٦ بۆ ١٩٧٦ بێ ئەوەی (مەبەستی گەڕان بەدووی ڕێکچە)م هەبێت، هەستم بە ڕێگا دەکرد.

ئەوە بوو لە ڕۆمانی (کتاب الخط والرسم)وە ئاشکراکردنیم دەست پێکرد و دوای سێ ساڵ لە ڕۆمانێکی دیکەدا (صحوة الارض) کە لە فەرەنسا بڵاو نەکرایەوە، بەتەواوی دۆزیمەوە.

* پەخشانی ڕۆماننووسی تۆ نەغمەیەکی بێوێنەی هەیە و پەیوەندی بەنوسینی ڕۆژنامەنوسییەوە نییە، چۆن لە ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ ڕۆمان چوویت؟

* من بە مانای تەواو ڕۆژنامەنووس نیم، بێگومان کاری ڕۆژنامەنوسیم کردووە، بەڵام نە وتارم نوسیوە و نە چاوپێکەوتنم سازداوە. ئەوەی لە ڕۆژنامەنوسیەوە فێر بووم، ئەوەبوو کاتێك پێویستی کرد ١٠٠ دێڕ بنووسم، بێ ئەوەی یەك دێڕی زیادەی تیا بێت.

* ڕۆمانەکانت (الالة الاقطع) (سنه موت ریکاردوریس)، (طواف الحجر) فرەدەنگن و ئۆپێرا بیری خوێنەر دەهێننەوە، تیایاندا دەنگەکان پێکدا دەچن و وتاری ڕاستەوخۆ بەدوای وتاری ناڕاستەوخۆدا دێت، ئەم هەڵبژاردنە بۆ؟

* ژیان خۆی بریتییە لە ئۆپێرا، من بۆ مەحاڵ تێ دەکۆشم، بۆ گەیشتن بە هاوکاتێتی ئاخاوتن، ئاماژەکان، شێوەی دەموچاوەکان، هەست وبیرەکان، بینراو و نەبینراو، بۆ ئەوەی دەبیسترێ و بۆ ئەوەی نابیسترێ تێ دەکۆشم، ئەگەر نیشانەکانی خاڵبەندیم لابردن (خاڵ و کۆما) لە نیشانەکانی خاڵبەندی نین، بەڵکو ئاماژە بۆ جۆرە وەستانێك دەکەن، هەموو ئەمانە لە پێناوی گەیشتن بەو (هاوکاتێتی)یەن، ئەمەش شتێکی مەحاڵە، وەلێ ڕۆژانە پرۆڤەی لەسەر دەکەم.

* ڕۆمانەکانت ئاماژە بە هەبوونی لۆژیکێك بۆ پرۆژەی ئەدەبی دەکەن؟



* پرۆژەم لە دەستدا نییە، کاتێك لە ڕۆمانێك دەبمەوە نازانم چی لە دوای ئەو دێت، چاوەڕوانی بیرۆکەیەك دەکەم لە دایك بێت، لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام، هاوبەندییەك، لۆژیکێك، هێڵێکی سوور هەیە، یەك بەوانی دییەوە دەبەستێتەوە، کە دەشێت خوێنەری نەشارەزا بەرەو (بڕوا هێنان بە هەبوونی پرۆژە) بەرێت، کە بوونی نییە، درەخت ژمارەی چڵەکانی ئایندەی، هەروەها، ڕێڕەویان، ناخاتە حسابی خۆیەوە، بەم واتایە منیش درەختم.

* زۆرجار جیهانی خەیاڵیی و جیهانی واقیعی بەرامبەر دەبنەوە، بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی (الاسماْ ، کلها، طوافة الحجر، سنه موت ریکاردوریس) ئەمانە بۆچی؟

* ناشێت جیهانی خەیاڵیی وا ئاسان بە جیهانی واقیعی بەراورد بکرێت، چونکە هەموو خەیاڵکردنێك لەو چرکەساتەوە کە تیایدا لە دایك دەبێت، ئیش بۆ ئەوە دەکات ببێتە بەشێکی ڕەسەن لە جیهانی واقیعی، نوسینیش خۆی فراوانکردنەوەی ئاسۆی ژیانە. واقیع خۆراکی خەیاڵ دەدات و خەیاڵیش لای خۆیەوە خۆراك بە ژیان دەبەخشێت. خەیاڵ بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو بەرهەمی واقیعە.

* سەرچاوەی بەهرەی تۆ چییە؟

* تەنها شتێکە و هەمووشمان هەمانە، ئەویش (سەر)ە. لەسەر هەردوو شانمان هەڵی دەگرین.

* ئەو نوسەرانەی کاریگەرییان لەسەرت هەبووە کێن؟ لە بونیادی ڕۆمانی (الالة الاقطع)دا (جۆیس)مان بیردێتەوە؟

❊ لیستی ئەو کەسانە بێ کۆتاییە و جۆیس دواییینیانە، ئەگەر هەندێك شتی (جۆیس)یش لە بونیادی ڕۆمانی (الالة الاقطع)دا بوونی هەبێت ئەوا سەرپاك بەرێکەوت ڕووی داوە، خێزانی ڕوحیی من (ئەگەر ڕێگا بەخۆم بدەم ئەو زاراوە ئیدیعائیە بەکار بهێنم و ئازایەتی ئەوەم تیا بێت بڵێم پەیوەستم پێیانەوە) لەم کەسانە پێك دێت: گۆگۆڵ، کافکا، مۆنتانی، سێرفانتس، (انطونیو فیرارا) هەروەها مەسیحیش.

❊ ئەو هۆیانە چین کە وات لێدەکەن ڕۆمان دوای ڕۆمان تێکڕای ڕاستییە نووسراوەکان، گوماناوی بکەیت، بەتایبەتی لەوکرۆکی بابەتانەدا کە هەردوو ڕۆمانی (تأريخ حصار لشبونة) و (طواف الحجر) پێشکەشیان کردووە؟

❊ هەموو ڕاستییەکی نەگۆڕ جێگای گومانە، لە بەشی سەرەوەی شانۆی نیشتمانی (ساو کارلۆس) لە لیشبۆنە، ئەو بینەرانەی نزیکی شانۆکە، یان لە نێو تەلارەکە دانیشتوون بەتەواو دێتە پێش چاویان، بەڵام ئەو بینەرانەی لە سەرووی شانۆکەوەن دەزانن کە مەسەلەکە وانییە وەك لە دواوە دەبینرێت، ئەو تاجە سێ لەسەر چواری تاجێکە، ئەوی دی هەڵکۆڵراوە و پڕاوپڕە لە تەپوتۆز و تۆڕی جاڵجاڵۆکە.

لەبەهەشتی (ساوکارلۆس)وە کە ئەو دەمە هێشتا هەرزەکار بووم، تێگەیشتم کە بۆ ناسینی شتەکان، یان بەسادەیی لە هەوڵدانی ناسینیاندا پێویست دەکات بە هەر چوار دەوریاندا بسوڕێینەوە.

❊ ئایا لە گۆشەنیگای تۆوە مێژوو ئەفسانەیە؟

❊ لە مێژوودا بەشێك لە ئەفسانە هەیە، لەوانەیە کاتێك مرۆڤ بە دڵێکی پاکەوە خۆی ماندوو دەکات، پێویست بێت هەندێك کەلێنی پێ پڕ بکاتەوە.



بەڵام کاتێك ئەو ئەفسانەیە بۆ شاردنەوە و پاکانەکردن و بەرگری لە هەندێك بەرژەوەندی بەکار دەبرێت، زیانبەخش دەبێت.

❊ عصامی: نسبەتە بۆ عصام حاجب النعمان و بەکەسێك دەوترێت شانازی بەخۆیەوە بکات، نەك بە باوك و باپیرانیەوە، من بۆ کوردییەکەی (پشتبەخۆبەستوو)م بەجوان زانی.

سەرچاوە: المسلة ژمارە (٧) ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٠ لاپەڕە ٨٠ بۆ ٨٣، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ئەحمەد حەمید



**گرنگ ئەوەیە کە دێت نەک ئەوەی کە ڕۆیشتووە**

**تۆماس برنهارد**

(تۆماس برنهارد)ی نوسەری نەمساوی بە یەکێك لە بەناوبانگترین نوسەرەکانی جیهان دادەنرێت، ئەم نوسەرە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆچی دوایی کردووە، لەو ڕۆژانەدا لە نێوەندی ڕۆشنبیریی ئیسپانیدا یادی کرایەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەزگای (توسیکت) کتێبێکی تازەی لەبارەوە بڵاوکردەوە، لەو کتێبەدا تێڕوانینی (تۆماس برنهارد) سەبارەت بە ژیان و ئەدەب و جیهانی پڕ لە گۆڕانکاری، ڕوناکی خراوەتە سەر.

کتێبەکە بەناونیشانی (تۆماس برنهارد- دیدار)ە و (کریستا فلیشمان) دیدارەکانی ئەنجام داوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە. لە پێشەکیەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە: تێکڕای ئەو پرسیارانەی کە ئەم کتێبە گەورەیەیان پێك هێناوە، لە ڤیەنا، لە مەدرید و مایورکا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨١-١٩٨٦ ڕووبەڕووی نوسەر کراونەتەوە.

لێرەدا چەند پەرەگرافێکمان لەو کتێبە وەرگرتووە:

* جارێکیان نووسیبووت: ئەو تێکڕای ڕستەیەی بیر و وتن و نوسینی تێدایە، لە یەك کاتدا حەقیقی و ناحەقیقیشە.



* برنهارد: بەڵێ ئەمە تا ڕادەیەك لە هەموو شتەکاندا ڕوو دەدات و بەتەواویش پێچەوانەی شتەکەیە، ئەگەر تابلۆیەکی نایابمان لەبەر دەستدا بێت، تەماشای پشتەکەی بکەین، دەبینین: بە پاشەڕۆی مێش و مێشوولە داپۆشراوە.

* ئایا بیرت دێتەوە چۆن دەستت بە نوسین کرد؟

* برنهارد: نامەوێ هیچ شتێکم بیر بێتەوە، چونکە بیرهاتنەوە هەرگیز هیچی لێ شین نابێت، ئەو شتەی مایەی پرسیاکردن بێت ئەوەیە: بیر لەو کارە بکەمەوە لەماوەی نیو سەعاتی ئایندەدا ئەنجامی دەدەم، یاخود ئەوەی یەك دەقیقەی دیکە ڕوو دەدات. ئەمە کارێکی گرنگە، چونکە بیرهاتنەوە هیچ واتایەك نابەخشێت. ئەو کاتە تۆ وەك ئەوەی لە مۆزەخانەیەکی بێجووڵەدا وەستا بیت وایە. هەمان شت لەگەڵ مێژوویشدا ڕوو دەدات، لەبەر ئەوە سوودی نییە. ئەوەی گرنگ و مایەی سەرسوڕمان بێت، ئەوەیە کە دوای ماوەیەکی دیکە دێت، نەك ئەوەی کە هاتووە و ڕۆیشتووە.

* ئایا لە زۆربەی کاتەکاندا بوونی تۆ تێکەڵ بە نوسینەکانت نابێت؟

* برنهارد: من هەوڵنادەم پابەند بم بە تێکڕای بوونی خۆمەوە، هەرگیز پەنا بۆ دەستەواژەی (پابەندبوون بە وردەکارییەکان)ەوە نابەم. ئەوە بە کارێکی ترسناك دەچێت، پێویست بە ئاگاداری دەکات. هەڵەیەکی تەواوە ئەگەر بایەخ بەوە بدەم کە ڕۆیشتووە، من دادەنیشم و چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کە لە چرکەساتی نەهاتوودا ڕوو دەدات.

* ئایا بیرۆکەیەکت لا هەیە سەبارەت بەوەی تاوێکی دی ڕوو دەدات؟

* برنهارد: بە منداڵی هەمیشە لە یارییەکانماندا دەمانووت: (دەمت بکەرەوە و چاوت بنوقێنە) ئەمە ئەو تەمومژەیە کە تێکڕای جیهانی لەخۆ گرتووە.

پێویستە تا پیربوون لەسەری بەردەوام بین، زۆربەی خەڵك بە شتێکی منداڵانی دەزانن و نایکەن، وەلێ من تا ئێستاش لەسەری بەردەوامم (دەمم دەکەمەوە و چاو دەنووقێنم)، هەمیشە شتی خۆش ڕوو دەدات.

* ئایا تۆ نوسەریی بە پیشە دەزانیت؟

* برنهارد: وەك چۆن (بۆیاخچیەکی پێڵاو) لەسەر ئەوەی پارەیەکی کەمی لە ئیشەکەی دەست کەوتووە، لە لایەن باوکییەوە بێزار دەکرێت، نوسەریش دەکەوێتە دۆخی لەو جۆرەوە.

من پێیان وتووم: (با ببینین چۆن بەدوای ژیاندا دەگەڕێی؟) من لە جێی ئەوەی خۆم بە پێڵاوەوە سەرقاڵ بکەم، نوسینم تاقی کردەوە، ئەمە ئەو کارەیە کە دەیکەم.

* ئەی جگە لە نوسین هیچ کارێکی دیکەت کردووە؟

* برنهارد: بێگومان هەموو جیهان کاری دیکە دەکەن، پاککردنەوەی ددان، تەماشاکردن، ئەوانەش چالاکین. لە ڕاسیتدا بەرگ لەبەرکردن و داکەندن بە شێوەیەکی ڕۆژانە چالاکیەکی زیادەی دیکەیە.

ئەمەش بیرێکی ترسناکە، بەتایبەت لەگەڵ ئەو چالاکیانەدا کە نەگۆڕن: خۆشووشتن، خۆ لەبەرکردن، خۆ ڕووتکردنەوە، ئەمانە پیشەی سەرەکی جیهانن و کەچی بە بەردەوامی لە بیر دەکرێن.

* ئایا ئەم چالاکیانە بەتەواوی و وەکو خەڵکانی دی، ئەنجام دەدەیت؟



* برنهارد: من وەك ئەو کەسانە نیم کە لیستێك دەربارەی ئەو پیشانەی ئەنجامیان داوە، دادەنێن.

چەند قاپی نانخواردنیان شووشتوە، چەند جار جلوبەرگی خۆیان بۆ ناو سەبەتەی جلشووشتن فڕێداوە، چە جار نامەیان بۆ خاچی سوور ناردووە و هتد...

من لەم کەتەلۆگانەم نییە. بەلای کەمەوە هەوڵم داوە ئەم کارانە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدەم، هەوڵدان گرنگە، بەڵام بێ مانایە.

* چیت لا دروست دەبێت کاتێك ناوی خۆت لەسەر ڕۆژنامەکان دەبینیت؟

* برنهارد: من هەمیشە سیفەتی تەرمم هەیە و بەبەردەوامی ئەو هەستەم لەگەڵدایە، بە هەرحاڵ ئەوە هەلێکی گەورەیە، کە یەکێك لە ئێمە زانیاری لەسەر تەرمی خۆی هەبێت، کە لە نێو خەڵکدا دەستاودەست دەکات.

**سەرچاوە: جریدة الزمان، العدد ٣٢٨**



پێم خۆشە ژن، ژن بێت

نزار القباني

* ئایا لە نوسین بێزار نابیت؟

ئەگەر لەش لە لێدانی دڵی خۆی بێزار بوو، منیش بێزار دەبم.

* ئایا لەڕێگای شیعرەکانتەوە بووی بە لایەنگری پارتێك؟

بەڵێ لایەنگری (پارتی مرۆڤ)م .

* ویستووتە لەڕێگای شیعرەکانتەوە چی بڵێی؟

ویستوومە شاهیدی چاخەکەی خۆم بم و وتەبێژێکی نارەسمی بم بەناویەوە.

* ئایا پێویستە شاعیر وەکو پێغەمبەر، نامەیەکی بۆ مرۆڤ پێ بێت؟

(متنبی) بڕوای بە پێغەمبەرایەتی خۆی هەبوو، منیش بڕوام بە بڕواکەی ئەو هەیە.

* خۆت بەلایەنگری کۆمەڵگای بۆرجوازی یان کۆمەڵگای پرۆلیتاری دەزانیت؟

خۆم بەلایەنگری کۆمەڵگای ئەو دەروێشانە دەزانم، کە عاشقن و بەعشقەوە دەمرن.

* یەك قەسیدەی تۆ ناخوێنینەوە کە جێپەنجەی ژنی بەسەرەوە نەبێت، بۆ؟

چونکە وەکچۆن ئاو ماسی لە ئامێز دەگریت، ژن لە ئامێزی گرتووم، خەیاڵی خۆکوشتن و لە ئاو دەرچوونیشم نییە.!

* هەوڵ نادەیت چیرۆك، یان شانۆیی بنوسیت، ئایا هۆی ئەمە چیە؟



کەسێك، ئەگەر بەرگدروویەکی چاك و چالاك بێت، بۆچی ئیشی پزیشکی ددان بکات..؟!

* ئایا سەیری ژن دەکەیت، یان هەستی پێ دەکەیت یاخود لەناو بیری خۆتدا دەینەخشێنی؟

هەرسێکیان پێکەوە دەکەم.

* ئایا ژنی نموونەیی هەیە، ئەگەر هەبێت نیشانەکانی چیین؟

ژنی نمونەیی ئەوەیە کە خۆشم دەوێت، کاتێ ئەو دێت شیعر دێت و کاتێکیش ئەو دەڕوات شیعر لەگەڵیدا دەڕوات.

* پێت خۆشە ژن کام لەم شتانە بێت: شاعیر، زانا، ژن..؟

پێم خۆشە ژن، ژن بێت، چونکە (مێیەتی) لوتکەی زانیارییە مرۆڤایەتییەکانە.

سەرچاوە (والكلمات تعرف الغضب) الجزء الثاني، منشورات نزار القباني، بيروت، ص ١٥٠-١٥٢



## رزگارکردنی مۆدێرنە لە ئەفسانەکانی، دەمانگەیەنێتە پۆست مۆدێرنە

### محەمەد سبیلا



(محەمەد سبیلا)ی بیریاری مەغریبی کە خاوەنی ڕوانینێکی سەرتاپاگیرە لە ڕوناکبیری و سیاسەتدا، لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الزمان) کە عبدالحق بن رحمون لە گەڵیدا سازیکردووە، ڕوناکی خستۆتە سەر چەندین مەسەلەی گرنگی وەك تیرۆر و توندڕەوی و مۆدێرنێتی و ڕۆڵی دەوڵەت و ڕۆڵی ڕوناکبیر و شتگەلێکی دی.

لێرەدا پوختەیەك لە گرنگترین جومگەکانی ئەو دیدارە دەکەین بە کوردی بەو هیوایەی سوودێك بە خوێنەر و نوسەر و ڕوناکبیری کورد بگەیەنێت.

* ڕۆڵی ڕوناکبیر بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە توندڕەوی چییە؟

* ڕوناکبیر چەند ڕۆڵێکی هەیە، لەوانە بەپلەی یەکەم ڕۆڵێکی مەعریفییە، هەروەها ڕۆڵی گەشەپێدانی هۆشمەندی هەیە، بەمانای بیرکردنەوەی قوڵ لە هۆکارە دوور و نزیکەکانی توندڕەوی و توندوتیژی.

چونکە ڕوانینی ڕوناکبیر لەگەڵ ڕوانینی سیاسی جیاوازە، ڕوانینی سیاسی لەسەر (ڕووداوەکان و دەوروبەرە ڕاستەوخۆ و هۆکارە ڕاستەوخۆکانیان) چڕ دەبێتەوە.

سیاسی نە لە ڕووی هۆکارەکان و نە لە ڕووی دەرئەنجامەکانەوە بیر لە مەودای دوور ناکاتەوە، ئەو بەخاڵێکی سەرەکی و بەناوەندێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە، کە ئەویش ڕووداوەکانە.

بەڵام مامەڵەی ڕوناکبیر مامەڵەیەکی ڕوناکبیرانەی قووڵە، بەمانای بیرکردنەوە لە هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتی هۆکارەکانی ڕوناکبیریی گشتی و ڕوناکبیریی ئایینی و ئایدۆلۆژیای ئایینی و بەتایبەتتر ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵییەکان کە ئەمڕۆ توندوتیژی بەرهەم دەهێنن. پێموایە ئەمە ڕۆڵی سەرەکی ڕوناکبیرە.

* ئاخۆ بە ڕاست توندڕەوی شتێکی نامۆیە بەکۆمەڵگای مەغریبی و لەدەرەوە هاتۆتە ناوی و بووە بە مەترسی لەسەر ئەو دیموکراتیە لەرزۆکەی کە هەیە؟

* توندڕەوی بە هیچ کۆمەڵگایەك نامۆ نییە و لە دەرەوە نەچۆتە ناوییەوە.

مەغربییەکان کە دەڵێن ئێمە کۆمەڵگایەکی ئاشتیخوازین و لە مێژووی خۆماندا توندوتیژی و تیرۆر و توندڕەویمان نەناسیوە، جۆرێك زیادەڕۆیی دەکەن، ئەمەش پەیوەندی بەموجامەلەکردنی خود و وێنەیەکی نێرگسیانەوە هەیە، کە وا دەکات ڕوناکبیرییەك یان کۆمەڵگایەك خۆی لەوانی دی بەجیاوازتر و تایبەتمەندتر و باشتر بزانێت.

من پێم وانییە کۆمەڵگاکەمان لە توندوتیژی خاڵی بووبێت و توندڕەوی بە شێوەیەکی کتوپڕ هاتبێتە ناوییەوە.

لێرەدا شەستەکانمان بیر دێتەوە کە تیایدا شۆڕش و کودێتا و شتگەلێك ڕوویان داوە ناتوانین جگە لە توندڕەوی ناوی دیکەیان بۆ بدۆزینەوە.



من خۆم لەو ڕوانینە نێرگسییە پاك دەکەمەوە کە دەڵێت: ئێمە کۆمەڵگایەکی بێوەین و توندوتیژیمان نەناسیوە، لە ڕاستیدا توندوتیژی لە سەردەمانێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت و لەسەردەمانێکی دیکەدا خۆی ون دەکات.

لە ئێستادا دەشێ ڕوناکبیران و سیاسیەکان کۆمەڵگە بپارێزن و نەهێڵن بکەوێتە نێو ئەو نەهامەتییانەوە، ئەوەش لە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاسایش و چارەسەرکردنی ڕوناکبیریانەی دوورمەوداوە، کە بریتییە لە پاککردنەوە و پێشخستنی ڕوناکبیرییەکەمان و داماڵینی لە هەموو دیاردەکانی بارگاوییبوون بە توندوتیژی و هاندانی کوشتن و بەکافرکردن و هتد...

* ڕۆڵی دەوڵەت لە بەرگرتن لە توندوتیژی چۆن دەبینی؟

* ڕۆڵی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی ئاسایشییە. بەمانای پارێزگاری لە ڕژێم و پاراستنی نەتەوە و دەستکەوتەکان و دابینکردنی کاروبارە یاسایی و ئاسایشییەکان.

هەروەها پێویستە دەوڵەت بیر لەو هۆکارە قووڵانە بکاتەوە کە دەبنە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی، وەك هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ نموونە هەبوونی چەندین گەنجی بێ هیوا و ئاسۆتاریك کە جگە لەو کارە خۆکوژییانە هیچ پێگە و جێگەیەکیان لە ژێر ئەم ئاسمانەدا بۆ دابین نەکراوە.

* ئاخۆئێستا پێویستە لەسەر دەوڵەت ئیش بۆ بیری مۆدێرنیتی بکات و لەنێو چوارچێوەیەکدا ڕێکی بخات؟

* دەوڵەت لە قۆناغەکانی پێشوودا، لەکاتی سەربەخۆییەوە تا ئێستا، چوارچێوەی بۆ بیری تەقلیدی دادەنا و لە ئامێزی دەگرت و سەرپەرشتی دەکرد

و پارەی بۆ دابین دەکرد و بایەخی پێ دەدا، ئەوەش هەم کەسەکان و هەم بڵاوکراوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و هەم هەموو چالاکییە ڕوناکبیرییەکانی دەگرتەوە.

لەبەر ئەوە دەبێ ئەمڕۆ دەوڵەت دروشمی خۆی (کۆمەڵگای دیموکراتی مۆدێرنیتی) بکات بە واقیعێکی بەرجەستە.

ئەگەر دەوڵەت ڕۆڵی لە چوارچێوەگرتنی هەبێت دەبێت بڵاوکردنەوەی بیری مۆدێرنێتی بێت لە قوتابخانەکاندا، لە ئاسۆی گشتییدا، لە کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا، لە هەمووشیان گرنگتر ئێستا لە ڕۆژئاوا باسی پۆست مۆدێرنە دەکەن، بەڕوانینی تۆ کۆمەڵگایەك کە سیستمگەلێکی تەقلیدی بەڕێوەی دەبەن، چۆن دەتوانێ ئەو مۆدێرنەیە بەرهەم بهێنێ؟

* کێشەی پۆست مۆدێرن کێشەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، بەتایبەت لە ڕۆژئاوادا.

بەگوێرەی ئاگاداری من، وا تێناگەم پۆست مۆدێرنە، قۆناغێکی دیکە و نامۆدێرن بێت، بەڵکو پۆست مۆدێرنە قۆناغێکە مۆدێرنە تیایدا قووڵ بۆتەوە و لە ئەفسانەکانی ڕزگاربووە و وازی لە زۆرێك لەو میسالیات و خەیاڵپڵاوییانە هێناوە کە پێوەی لکاون.

بەمجۆرە بووە بە مۆدێرنەیەکی تەواو و ڕووت و بێ ڕوتووش و بێ وەهم، من هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو جۆرە بیرم لە پۆست مۆدێرنە نەکردۆتەوە کە شتێك بێت لە دەرەوەی مۆدێرنە.



بەڵکو مۆدێرنەیە لە خێراییەکی دیکەدا، یان چرکەساتێکی دیکەیە لە مۆدێرنە، چرکەساتێك کە تیایدا مۆدێرنە لە لۆژیکی خۆیدا قوڵ دەبێتەوە و ئەفسانەکانی ڕەت دەکاتەوە و واز لە وێنەی ئارایشتکراوی خۆی دەهێنێ.

بەلای منەوە مۆدێرنە پۆست مۆدێرنەیەکە، کە لە لۆژیکی خۆیدا قووڵ بۆتەوە. لەبەر ئەوە من وای تێناگەم ناوچە و قۆناغ و ماوەیەك بێت لە دەرەوەی مۆدێرنە. لەبەر ئەوەی پۆست مۆدێرنە، مۆدێرنەیە لە قوڵاییدا، هەر بۆیە خەڵەتێنەر لێرەدا وشەی (پۆست)ە، چونکە ئەم زاراوەیە ئیحای ئەوەمان دەداتێ کە ئێمە مۆدێرنەمان جێ هێشتووە و لێی دەرباز بووین، ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا تا ئێستا قوتابخانەیە، چونکە ئەو سەرچاوەی یەکەمە یان بۆ بەرهەمهێنانی عەقڵانیەت یان بۆ توندوتیژی و تیرۆر.

* لەدڵ و قوڵایی مۆدێرنەدا دەژین و بیر لەوە ناکەنەوە لە دەرەوەی مۆدێرنە بن، یان گەیشتبنە پاش مۆدێرنە.

سەرچاوە: الف یا الملحق الثقافی لجریدة الزمان العدد ١٥٩٢/ ٢٥ اب ٢٠٠٣



## هیچ شتێك پاكانه نییه، بۆ توندوتیژی

عبدالوهاب المؤدب



لەم دواییانەدا نوسەر و لێکۆڵیاری تونسی "عبدالوهاب المودب " کە ئێستا لە پاریس دادەنیشێت، کتێبێکی بە ناونیشانی (پەتای ئیسلام) بە زمانی فەرەنسی بلاو کردەوە. ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی لە ناوەندی رۆناکبیری فەرەنسا نایەوە و رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەم ولاتە وتارگەلی فراوانیان لەسەر بلاوکردەوە.

"عبدالوهاب المودب" کە مامۆستای ئەدەبی بەراوردکارییە لە زانکۆکانی فەرەنسا و سەرپەرشتیاری گۆڤاری (دیدال)یشە کە گۆڤارێکی هزرییە، چەند کتێبێکی گرنگی لەسەر ئیسلام و سۆفیگەری هەیە و لە بواری نوسینی داهێنانگەراشدا ژمارەیەکی دی کتێبی شیعر و پەخشانی هەیە.

ئێمە لەم گفتوگۆیەدا هەوڵمان داوە قسە لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکەی و ئەو گرفتە هزرییانە بکەین کە لەم بارودۆخەدا دەیانوروژێنێ.

* ئایا رووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر هۆکاری دانانی ئەم کتێبەن؟

* بەڵێ، دەتوانم بڵێم هۆی دانانی ئەم کتێبە بۆ رووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر دەگەرێتەوە، چونکە رووداوگەلێکی جەرگبڕ بوون، لەرووی مێژووییەوە دابڕانێك لە نێوان ئەو دوو مێژووەدا دروست دەکەن و دەشێت ئەو مێژووە بۆ مێژووی پێش و پاش"١١ی سێبتەمبەر" دابەش بکرێت. ئەو رووداوانە لەبەر چەند هۆکارێك تازە بوون، لەوانە ماهیەتی توندوتیژی و قەبارەکەی، بۆ یەکەمین جار لەناو جەرگەی ئەمریکادا، لە ئەمریکا درا. ئەو

ڕووداوانە بەنیسبەت منەوە ڕووداوگەلێکی ڕاچڵەکێنەر بوون، چونکە من ناتوانم دەستدرێژی کردنە سەر بێتاوانان قبوڵ بکەم.

* بەڵام ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر تەنها دەربڕی دەستدرێژیکردنە سەر بێتاوانان نین، ڕەهەندی ڕەمزی و سیاسییان هەیە، وەڵامێکن بۆ ئەوکارانەی ئەمریکا لەگەڵ بێتاواناندا ئەنجامیان دەدات، کە ئەمریکا بێگوناه نییە لەو ستەمانەی گەلان دووچاری هاتوون...

* لای من هیچ شتێك پاکانەی ئەو توندوتیژییە ناکات، ئەوە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بێتاوانان، چونکە ئێمە لە حاڵەتی جەنگی ڕاگەیەندراودا نین، ئەو ڕووداوانە بەلای منەوە تاوان بوون، بۆیە ویستم بزانم چۆن بەناوی ئیسلامەوە پاکانەیان بۆ دەکرێت؟

گەڕانی یەکەم لەم کتێبەدا هەوڵێك نییە بۆ تێگەیشتنی ڕووداوەکە لە خۆیدا، بەڵکو بۆ دووبارە بیرکردنەوە و شیکردنەوەی حاڵی خۆمە وەك کەسێك و مرۆڤێك کە لە ڕووی ڕەوشت و دەروونییەوە ئیسلام بەرهەمی هێناوە.

* کتێبەکەت دەستنیشانی گرنگترین ئەو گرفتانە دەکات کە ئیسلامی هاوچەرخ چەرەسەریان دەکات، ئاخۆ ئەو گرفتانە چین؟

* لەسەرەتادا پەیوەندی من بە ئیسلامەوە بە تەواوی ڕوون بوو. لەساڵەکانی سەرەتادا من لە حاڵی ئیسلامم دەپرسی، کە ئیسلام شارستانیەتێك بوو خاوەنی ئامادەبوونێکی ڕەها و دیار بە جوانیەکانی، بەتایبەت لە داهێنانە شیعری و هزری و روحانی و زانستی و دەستییەکانیدا، چۆن چۆنی ئەو شارستانیەتە لە لوتکەوە بۆ خواری خوارەوە دابەزی؟

ئەگەر بۆ یەکەمین دەقەکانم، بۆ نمونە ئەگەر بۆ یەکەمین ڕۆمانم بگەڕێیتەوە، ئەم گرفتە لە هەموو لاپەڕە و دێڕ و تەنانەت لە هەموو



وشەکاندا دەدۆزیتەوە. هەموو داهێنانێکی ئەدەبیم و هەبوونیشم لەم جیهانەدا، ئەوسا و ئێستا، لەسەر ئەو پرسیارە ڕاوەستاوە.

* چۆن ئەو مەسەلەیە شی دەکەیتەوە کە کتێبەکەت "پەتای ئیسلام" دەیخاتە ڕوو، ئایا ئیسلام دەتوانێت لەیەك کاتدا موحافیزکار و کراوەش بێت؟

* کاتێك دەتوانین جیاکاری لە نێوان سێ خاڵدا بکەین کە ئوسوڵیەکان هەوڵدەدەن بیکەن بەیەك خاڵ، ئیسلام وەك شارستانیەت و وەك ڕوناکبیری موڵکی هەمووانە، موسڵمان بین یان نا، چونکە میراتێکی مرۆییە.

وەك ئاینیش، ئیسلام پێشنیاز بۆ مرۆڤ دەکات "کە بوونەوەرێکی ڕێژەییە" ڕەها بێت، وای لێدەکات توانای خەیاڵکردن و هێماپێکردن، واتە توانای ئاخاوتن و وێناکردنی هەبێت، ئیسلام وەك ئاین، بوونەوەری مرۆیی وەك ڕەها پیشان دەدات.

خاڵی سێیەم ئیسلامە وەك سیاسەت، شکستی مێژوویی ئیسلام بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە دەبێتە سیاسەت. بەتایبەت هەوڵدان بۆ مۆدێرنەکردنی ئیسلام، یان بە ئیسلامکردنی مۆدێرنە، بە ڕوانینی من سیاسەت واتە شەڕ، ئەو دەزگا سیاسیەش کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەمترین شەڕی لەگەڵ خۆی هێناوە، دەزگای دیموکراسییە کە ئەورووپا دایهێناوە.

ئەگەر ئیسلام بە گەڕاندنەوەی ئەو دەزگایە و هەوڵدان بۆ گونجاندنی رازی بێت، ئەوا دەتوانێت هەم لە پاراستنی خۆیدا وەك (ئاین و شارستانیەت و مێژوو) سەرکەوتوو بێت و هەم لە کرانەوەشدا بۆ ئەم خواستە سیاسییە سەرکەوتوو بێت.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە



## گفتۆگۆیەك لەگەڵ (انسی الحاج)دا
## ڕۆشنکردنەوەی ئاماژەکان بۆ سەر کۆمەڵە شیعری (لن)



*** تۆ لە پێناوی شیعری پەخشاندا جەنگاویت، ئاخۆ شیعری پەخشان تاکە ڕێگای دەربڕینت بووە؟**

نەخێر، لە ڕێگایەك زیاتر هەیە بۆ دەربڕین، من دێتەوە یادم سەردەمانێك برێ شیعری بچووکم نووسیبوو، کە لە خۆشاردنەوە دەچوون، ئەوانەم پێش بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم نووسیوە، هەروەها پێش بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم، لەسەر زۆر بابەتی جیاواز، بە تایبەتی لەسەر مۆسیقارە مەزنەکان لێکۆڵینەوە و وتارم نووسیووە و بڵاوم کردوونەتەوە.

من دوای ئەوە، هەر لە قوتابخانەدا بووم کە دەستیشم بەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، چەندساڵێك وازم لە بڵاوکردنەوەی شیعرکانم هێناوە.

بەڵام لە بڵاوکردنەوەی نوسینی لاوەکی بەردەوام بووم، ئەمەش هەمیشە جۆرێك بووە لە خۆشاردنەوە.

من وەك مرۆڤێك وابووم ڕا بکات، وەك یەکێك بیەوێت شتێکی نهێنی لەناخی خۆیدا بشارێتەوە، شتێك کە لە ڕوانگەی منەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو.

لەبەر ئەوە نەدەشیا بە ئاسانی تێکەڵاوی خەڵکانی دی بم، من شیعرەکانم لە هەموو کەس دەشاردەوە و کەس پێی نەدەزانین.

دەمشاردنەوە، وەك ئەوەی یەکێك مفاجەئەیەك بشارێتەوە و لێی بترسێ، مفاجەئەیەك کەنەزانێ چارەنووس و کاریگەری تا چ ڕادەیەك دەبێ.

لەبەر ئەوە من بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم دوا دەخست و بەدووی دەربڕینێکدا دەگەڕام کەمتر سەرکێشیی تێدابێت، لە مرۆڤێك دەچووم لە چاوەنوڕای ڕووبەڕووبوونەوەدا بێت و بە دووی هێمنکەرەوەیەکدا بگەڕێ.

ئەمڕۆیش، تا ئەم چرکە ساتە، دوای پازدە ساڵ لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم، بەردەوام بەرامبەر هەر شیعرێکی تازە کە دەینووسم، هەمان ئەو هەستەی جارانم هەیە.

* ئەزموونی یەکەمت (لن) تا دوا سنوور تێکچڕژاو بوو، وەك ئەوە وا بوو، گفتوگۆیەکی نێوان خۆت و دەروونت بێت، ئێستا دوای ئەوەی پازدە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیەدا تێپەڕبووە، خۆت چۆنی دەبینیت؟

وەك شتێکی ترسناکی دەبینم، بڕوام پێ بکە ناوێرم ئەو کتێبە بکەمەوە، دەمترسێنێ. بێگومان لەو کاتەدا بۆ من شتێکی پێویست بوو، ئەو کتێبە بەشێکی گرنگ لە ژیانی من پێك دێنێ، ئەو کتێبە تێکڕای منداڵیمە لە بەیدەستی و ئاڵۆزی و ترساوی، گشت گۆشەگیری و هەموو شەیتانەکانمە.

وەلێ ئەگەر ئەمڕۆ بهاتبام بینووسم، نەمدەنووسی.

ئەوەی مایەی بەختەوەریم بێت، ئەوەیە من لە دۆزەخی (لن) سەرکەوتم، ئەوەش کەمایەی دەستوپێ بەستنمە، ئەوەیە کە ئەو کتێبە لە ژێر ئیرادەی من



دەرچووە و بۆ خۆی بەسەربەستی دەژی، بە هیچ جۆرێکیش گوێ بەهەستەکانی من دەربارەی خۆی، نادات.

* چی شتێك تیایدا دڵتەنگت دەکات؟

دۆزەخم بیر دێنێتەوە و شتگەلێکی بریندارکەری تێدایە دڵتەنگم دەکەن.

بەتایبەتی ئەم کتێبەم زۆر کەس خۆشیان دەوێت و هەندێ کەسیش لە شیعرە تازەکانم بە باشتری دەزانن، وەلێ پێم وایە ئەمەیان ئازاردانێکی گەورەیە، من باوەڕم بەوە نییە کە سەرزەنشتکردنی بریندارکەر، لە هونەردا، کارێکی جوامێر نەبێت.

* ئاخۆ لەبەر ئەم هۆیەیە کە چاپکردنەوەی (لن) ڕەت دەکەیتەوە؟

لەوانەیە و پشت بەخوا ئەگەر بمەوێت چاپی بکەمەوە، لە گوڵبژێرکردنی دوودڵیی ناکەم.

بەڵام لەگەڵ خۆپاراستنی ئێستاشمدا، بەرامبەر بەم کتێبە، هەر سۆز و خۆشەویستم بۆی هەیە، چونکە لەگەڵ هەموو بەیدەستیەکیشیدا ڕاستیی ئامانجی خۆی لەدەست نەداوە.

لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکانیدا دانەخراوە، بەڵکو لە کۆتاییدا لەسەر دوو ڕازی گەورە کراوەتەوە و نەعرەتەی بۆ کێشاون، کە ئەوانیش خۆشەویستی و ئازادیین.

تەنانەت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی هەڵگەڕاوەیە، تۆوی باوەڕیشی تێدا هەیە.

*شیعری تۆ لە ژنەوە بۆ ژنە، ئاخۆ ژن بۆ تۆ هەموو شتێك دەگەیەنێت؟ یەك ژن یاخود ژن بەگشتی؟

چ جیاوازییەکی تێدا هەیە؟ زوو لەسەر منیان دەنووسی و دەیانووت: کە من بە شێوەیەکی ڕەها بە دووی ژندا دەگەڕێم، بەڵێ مەزنترین کتێبی جارانم شیعری خۆشەویستی بووە لەسەر ژن، لەسەر ژنێك بوو بە شێوەیەکی ڕەها کە من بە دوویدا گەڕاوم، بەڵام (دۆزیمەوە) کاتێك شاعیر ژنی خەونەکانی دەدۆزێتەوە، یەك ژن دەبێتە هەموو ژنەکان، بەڵکو دەبێتە شتێك زۆر لەوەیش گەورەتر، دەبێتە هەموو ئەو شتە ونبووانەی کە دواتر دۆزراونەتەوە.

* تۆ وەك دەردەکەوێت، هەوڵ دەدەیت لە شیعرەکانتدا زمانێکی تایبەت بە خۆت دروست بکەیت، ئاخۆ خۆت پێت وایە سەرکەوتنت بە دەست هێنابێ؟

زمانی من زمانێکی تایبەتە بێ ئەوەی خۆم بە تایبەتی هەوڵی دروستکردنی بدەم. لەمەشدا شتێك نابینم مایەی شانازی و حەپەسان بێت، من پێم وایە زمانی هەر شاعیرێك زمانێکی تایبەتە بە خۆی .. ئەگەرنا کام شاعیر دورست دەبوو؟ ماوەم بدە کەمێك لەسەری بڕۆم: لەهەموو شاعیرێکدا مۆسیقارێك و کۆمەڵێکی زۆر ئیقاع هەیە.

بەڵکو لە هەموو شاعیرێکدا دەریایەك لە مۆسیقا هەیە و لەو دەریایەدا بۆ ماوە و وەرگیراو، لە کەرەستەی ڕەسەن و مادەی خاو تێکەڵ بەیەك دەبن و لەگەڵ نەستدا، ئاوێتە دەبن بۆ ئەوەی بە هەموویان مۆسیقایەکی تایبەت دروست بکەن، کە لە ویژدانی شاعیردا ئارام بگرێت و پێ بگات.

ئەم مۆسیقا دەروونییە شێوەی ویژدانی شاعیرەکە و ناسنامەی شاعیرەکە وەردەگرێت، مادام شاعیرێك نییە کە لەگەڵ شاعیرێکی دیکەدا بێ جیاوازی بێت، پێویستە مۆسیقای هەر یەکێکیشیان لە مۆسیقای ئەوی دیکەیان جیاواز بێت. بۆچی ناشێت دوو زمانی شیعری وەك یەك وابن؟ زمانی شیعری



تەعبیرە لەو مۆسیقا دەروونییەی کە ناشێت تایبەت نەبێت بە خاوەنەکەی، چونکە زمانی شیعر هەمیشە تایبەتە بە خاوەنەکەی. بەڵێ زمان هەیە زۆرتر تایبەتمەندێتی تێدایە، ئەمەش بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە کە یەکێکیان کەسێتی شاعیرە بە هەموو پێك هاتەکانییەوە... ئەمەیان بابەتێکی ترە.

وەلێ دەربارەی سەرکەوتنی من لە زمانی تایبەتدا، نازانم بە تەواوی مەبەستت لەو سەرکەوتنە چییە؟ ئەگەر مەبەست ئەم پرسیارە بێت:

ئاخۆ زمانی من دەروێش و شوێنکەوتووی بۆ خۆی پەیدا کردووە؟

ئەوا من وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خەڵکانی دی جێ دەهێڵم، ئەگەریش مەبەست لەم پرسیارە بێت: ئاخۆ تووشی خەڵکێك هاتووم ئەو زمانەیان خۆش بوێت؟

ئەوا ڕای دەگەیەنم سوپاس بۆ خوا تووشی ئەو خەڵکانە هاتووم، هەروەها ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت: کە ئاخۆ من بەو زمانە ئاسوودەم، ئەو زمانە توانیویەتی مەرجەکانی دەربڕین بۆ من فەراهەم بکات؟!

بە جۆرێك کە لە ڕێگایەوە و لە میانەی نوسیندا بتوانم تا دوا ڕادە ڕاستگۆ و دڵسۆز بم، دەربڕینێك کە لە خۆوە و بە شێوەیەکی ڕەسەن لە قۆناغەکانی پێشکەوتنندا لەگەڵم بێت و پێ بە پێی من گەشە بکات، بەجۆرێك نە ئەو تەنگ بە من هەڵبچنێ و نەمن تەنگ بەو هەڵبچنم.. ئەگەر مەبەست ئەمە بێ، ئەوا وەڵامم بە بەڵێ دەبێ و دەڵێم بەڵێ توانیومە سەرکەوتوو بم.

* ئایا تۆ شاعیری خۆشەویستیت؟

ئەی دەتەوێ چی بم؟!

* هەر کەسێك بە چاکی بتخوێنێتەوە تێبینی ئەوە دەکات کە وازت لە تەمومژ هێناوە و بەرەو ڕوونبوونەوە ڕۆیشتووی، ئایا هۆی ئەمە بۆ هەڵکشانی تەمەن ناگەڕێتەوە؟

زۆر بەرەو ڕوونبونەوە ڕۆیشتووم و ئەمەیش بەهۆی سێ شتەوە بووە: سۆز و خۆشەویستی و باوەڕ.

* ئەو پرسیارەی پێشەوە بەرەو پرسیارێکی دیکەمان دەبات: من پێم وایە بەرزترین پلەی خۆشەویستی، خۆشەویستی سۆفیگەرانەیە، ئایا تۆ بووی بە شاعیرێکی سۆفی؟

لە هەندێ کتابی ڕەخنەگر و شاعیرەکاندا ئەوەم خوێندۆتەوە کە گوایە من بووم بە شاعیرێکی سۆفی، نازانم هەستە کۆنەکانم بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە سۆفیبوونی من دەگەیەنن، بڕوا ناکەم وابێت.. دیوانە تازەکەم بۆ ئەم پرسیارە ڕاسترین وەڵام دەبێت.

* وەك لە دیوانە کۆنەکانتەوە دەردەکەوێ ئەزموونە شیعرییەکانت ڕەنگاوڕەنگن، لە میانەی ئەو ئەزموونانەوە خۆت لەکوێدا دەبینی؟

هەر کتێبێك تەمەنێك لەخۆ دەگرێت، سێ کتێبەکەی یەکەم (لن) و (الراس المقگوع) و(ماچی الایام الاتیە) تەمەنی قیژە و گاڵتەی ڕوخاندن و ڕسوابوون وهەلاهەلاکردن و سەرکێشیین..! تەمەنی ونبوون و ئاوارەبوونن..!!

کتێبی چوارەمم (ماژا صنعت بالژهب ماژا فعلت بلوردە) سەرەتای ڕزگاربوونمە لە دۆزەخ، کتێبی پێنجەم تا ئێستا ناوی نازانم بەهەشتی گەڕاوەیە.



* تۆ شیعری پەخشانت وەکو شێوازێکی شیعریی هەڵبژاردووە، ئاخۆ بەرامبەر ئەزموونەکانی دی، وەك شیعری نوێ بەگشتی و شیعری تەقلیدی، ڕات چییە؟

با ئەم پۆلێنانە لە لێومان بکەونە خوارەوە، زۆر تاڵاوی هەڵەی ئەم پۆلێنانەمان چەشتووە. یەك شیعر هەیە، شیعر کە ڕەنگاوڕەنگ دەنوێنێ بۆ ئەوەیە لە ڕێگای تایبەتمەندییەکانیەوە خۆی کۆ بکاتەوە، یەك شیعر هەیە.

من ئەگەر ڕازیم بەوەی ناوی نوێخوازیی لە شیعرەکانم دەنرێت، لەبەر ئەوەیە من نوێخوازیی بەواتای ژیان تێدەگەم، شیعری زیندوو لە هەموو کات و جێگاکاندا هەر شیعرە، لە ڕاستیدا هیچ خەسڵەتێك بۆ شیعر شیاو نییە ئەبەدییەت نەبێ.

شیعری زیندوو و شیعری مردوو هەیە، باسکردنی هەر خەسڵەتێکی لەمە کەمتر بۆ شیعر، کارێکی نەشیاوە.

* ئایا ئەزموونی تۆ لە کتێبە شیعرییە تازەکەتدا، جیاوازی لەگەڵ کتێبە کۆنەکانتدا هەیە؟

من نزا دەکەم بۆ ئەوەی لە هەموو شتانە باشتربێت، کە تا ئێستا نووسیوومن.

* تێبینی گۆڕانێکی گرنگم لە شیعری تۆدا کردووە، ئەویش ئەوەیە لە مرۆڤێکی مادیی نا ئومێدەوە بۆ مرۆڤێکی ڕۆحیی باوەڕدار گۆڕاویت، ئایا ئەمە ڕاستە؟

بەڵێ

* نهێنی ئەمە چییە؟ ئایا شیعری پەخشان دینامیکیەتی تایبەت بەخۆی هەیە؟ پاشان چۆن شیعربوونی دیاری دەکەیت؟

دیارترین سیمای فۆرم لە شیعری پەخشاندا پابەند نەبوونیەتی بە کێشە باوەکانەوە.

ئەم ئازادبوونەیش شاعیر لە نەغمەی دەرەکی ڕووت دەکاتەوە و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکەشی ناچاری دەکات تێ بکۆشێ.

نەك هەر پڕکردنەوە بەڵکو دەبێت هەنگاویش بەسەردا بنێت.

گرانی شیعری پەخشانیش لێرەدایە، دەبێ شاعیرەکە وریا بێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو پەخشانەوە.

وەلێ ئەم گرانییە بۆ خۆی سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی شیعری پەخشانە، چونکە هەندێجار، شیعری پەخشان-ی شاعیرێك دەبینین لە شیعرێکی دیکەی هەمان شاعیر، کە کێشی تێدا بەرکارهێناوە، جوانترە. دەربارەی ئەو پرسیارەش کە چۆن شیعرێتی شیعری پەخشان دیار بکەین وەکو ئەوەی دەبینم یەکێك قسە لەسەر شیعرێتی شیعر بکات.

چونکە هەروەك چۆن شیعری کێشدار شیعرە. شیعری پەخشانیش شیعرە. جیاوازییان لە دەربڕینی ئیقاعی دەرەوە دایە.

* دەربارەی هزری باوی عەرەب لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، چ تێبینییەکت هەیە؟

دژبەیەکی، دژبەیەکی زۆر و سەیر، قسە زۆر دەربارەی ئەم بابەتە دەکرێت، چی بڵێم؟ تاریکی زۆرە و ڕوناکیش هەر زۆرە، ئەمەیش شتێکی چاکە، سوپاس



بۆ خوا ڕوناکی هەیە و زۆریشە، یەك ڕوناکی بەسەر سوپایەك تاریکیدا زاڵ دەبێت، بەهەرحاڵ من ڕەشبین نیم.

داواکارم ئەم شتانەی ئێستا ڕوو دەدەن، بە ڕاپەڕینێکی گەورە کۆتاییان پێ بێت، چونکە وەك چۆن هۆیەکانی ئاژاوە و بێ سەروبەری لەبەر دەستدان، ئاوهایش هۆیەکانی ڕاپەڕین لەبەر دەستدان.

* ئایا دەتوانیت ئایندە بهێنیتە بەرچاوی خۆت؟ وەك شاعیرێك چۆنی دەبینیت؟

ئەوە نەبێت هیچ ناکەم و ناتوانم جگە لە دادپەروەری و خۆشەویستی و بەختەوەری خەون بەهیچ شتێکی دیکەوە ببینم، ئاخۆ ئایندە ئاوها نابێ؟!

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە کە نوسەر و رۆژنامەنووسی ناسراو، یاسین رفاعیە، سازی داوە، لەژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٩٠ی (الادیب المعاصر)ەوە، وەرگیراوە و کراوە بەکوردی.

شیعر

## له جیهانی هایکۆ-وه
## مشتێك له شیعرەكانی (باشۆ)

تانکا له شیعری ژاپۆنیدا، بەو کۆپله شیعره دەڵێن که له پێنج دێڕ دروست دەبێ، بەڵام هایکۆ له سێ دێڕ پێك دێ.

تانکا له گۆرانی میللییەوه له دایك بووه و مێژووەکەی له مێژووی هایکۆ کۆنتره.

وشەی تانکا واتای گۆرانی کورت دەگەیەنێ.

له سەدەکانی حەوت و هەشتدا (سپێدەی مێژووی ژاپۆن) تانکا له گۆرانیەکی میللییەوه بۆ شیعرێکی ئەدەبی گۆڕاوه.

کێبەرکێی لەگەڵ قەسیدەی درێژدا کردووه و هەندێ جار بەسەریشیدا، سەرکەوتووه.

تانکا دوای ئەوەی چەند سەدەیەك بەسەر درووستبوونیدا، تێپەڕیووه، هایکۆی لێ کەوتۆتەوه.



تانکا و هایکۆش له چەند قۆناغێکدا دووچاری قەیرانی هونەریی هاتوون و له کەناری لەناوچوون گەڕاونەتەوه و له پێشکەوتندا بەردەوام بوون، تا بەم سەردەمە گەیشتوون.

هایکۆ لەسەر کێشێکی دیاریکراو دەنووسرێ، بۆ هەر یەکێك له سێ دێڕەکەی بڕێك بڕگەی دەنگی نەگۆڕ هەن:

دێڕی یەکەم پێنج بڕگه و دێڕی دووەم حەوت بڕگه و دێڕی سێیەمیش پێنج بڕگەی دەنگیی هەیه.

پەند لەم کورتبڕیەدا کاریگەری هەبووه و سوودی لێ بینراوه: (زۆر بڵێ، بەڵام به دەستەواژەی کەم). تەنانەت هەندێ هایکۆ لەگەڵ پەنددا، تێکەڵاو بوون.

هایکۆ بابەتە هونەرییەکانی له سروشت و گۆڕانکاری وەرزەکانەوه، وەردەگرێ.

کاری سەرەکی تیایدا وروژاندن و دواندنی شیعرییانەی دەروونە. بەئاگاهێنانەوەی خەیاڵی خوێنەره، ئیتر دوای ئەوه دەبێ خوێنەر خۆی واتا و مەودای وێنەکانی تێ بگات.

لەبەر ئەوه له هایکۆدا پێویست نییه وێنه به تێر و تەسەلی بکێشرێ.

دەبێ خوێنەر بوەستێ و ڕامێنێ و خەیاڵی خۆی بەکار بەرێ بۆ ئەوەی واتای شاراوەی ئاماژەکانی شاعیر و ئاسۆی دیمەنه وێنەگیراوەکان، درك بکات.

هایکۆ هەنگاوی دەستپێك و پڕ بایەخه و ئیتر لەسەر خۆمانه کاروانەکه تەواو بکەین.

هایکۆ له بالادا کورته، بەڵام ئەمه مانای ئەوه نییه که واتای ئەدەبی و فەلسەفی تێیدا بچوك بێت. له هایکۆدا شاعیر به دوای دیمەنی لوتکەی

دیاردەکاندا دەگەڕێ و هەندێ جاریش لە ڕێگای چڕکردنەوەیەکی هونەری قورسەوە وێنەیەکی قووڵ و پڕ مەودا، دەنەخشێنێ.

لە نێوان هایکۆ و هونەری وێنەکێشاندا پەیوەندییەکی نزیک و بەهێز هەیە، هەندێجار تابلۆی هونەرمەندێ دەبێتە ئیحا بۆ هایکۆ و هەندێ جاریش هایکۆیەك ئیحای تابلۆ بە هونەرمەندێ دەبەخشێ.

زۆرجار شاعیر پشت بە وێنەی دەنگەکان دەبەستێ، لێرەدا دەنگ جێگای دیمەن دەگرێتەوە، یاخود ئاماژەی زیاتر دەخاتە سەر مانای شاراوەی ئەو دیمەنە.

هەندێجاریش شێوەی تر بە وێنەکان دەبەخشێ. بە جۆرێك کە خوێنەر دەتوانێ کاکڵەی مانا تایبەتیەکانی ئەو دەنگانە لە نێو خەیاڵی خۆیدا بنەخشێنێ.

کەواتە کاری سەرەکی شاعیر ئەوەیە کە ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆ بزواندنی خەیاڵ، بە خوێنەر ببەخشێ. بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو سیمایە تەواو بکا کە شاعیر بەشێکی لێ هەڵبژاردووە.

واتە خوێنەر بتوانێ بە وێنەی تەواو و مانای سەرتاپاگیری دیاردە و شتەکان بگات.

لە هایکۆدا تا مانای ناوەوە دەوڵەمەند بێ، وێنەی شیعریی بڵندتر دەبێ و زیاتر لەوەی خۆی بخاتە ڕوو ئیحا دەبەخشێ. هەندێجار هەرسێ دێڕەکە خوازە، (میتافۆر) دەبن و مانای ڕاستەوخۆ (وەك باوە) لەمانا شاراوەکەدا جێگیر دەبێ.

زۆرجاریش هایکۆ وێنەکێشانێکی سادەی جیهانی سروشت و دەروونە و تەئویلی تر هەڵناگرێ.



ئەگەر تانکا لە ژیانی ئەوانەی لە ژیانێکی خۆشدا بوون، شێوەیەکی خۆشەویست بووبێت، هایکۆ لە دەروونی سادەی جوتیار و ڕاهیب و هەژارانەوە نزیك بووە.

ڕووداوەکانی لە باخچە و کۆشکە ڕازاوەکاندا ڕشوویان نەداوە، بەڵکو لە شەقامی شارە هەژارەکانەوە وەرگیراون. لە کێڵگەی چەڵتووك و ڕێگای گشتی و دوکان و شوێنی فرۆشتنی شەراب و ئەو خانە بچوکانەوە وەرگیراون کە گەشتیار و گەڕیدەکان شەو و کاتەکانی حەوانەوەیان تێدا بەسەر بردووە.

تا دیرۆك و سەرهەڵدانی هایکۆ نەناسین، هەندێ سیمای هەیە ناتوانین بیان ناسین. لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، تانکا بووە بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم لە سێ دێڕ و بەشی دووەم لە دوو دێڕ پێك هاتووە.

بەشی یەکەم کە سێ دێڕ بووە ناوی هایکۆی لێ نراوە و سروشت تیایدا بابەتی سەرەکی بووە.

لە هایکۆدا بۆ هەر یەکێك لە وەرزەکانی ساڵ دەستەواژەی تایبەت دانراوە، ئەمە بە جۆرێك بووە کە دەستەواژەی وەرزێك بۆ وەرزێکی دیکە بەکار نەبراوە.

بۆ نمونە کە دەستەواژەی (تەمومژێکی تەنك) بە کار هێنراوە، یەکسەر خوێنەر زانیویەتی کە لێرەدا باس لە سەر بەهارێکی تازەیە، کە لە قۆناغی تەمومژ دایە.

ڕۆژێکی درێژ، واتای ڕۆژێکی بەهاری گەیاندووە و مانگ دەستەواژەی پایز بووە، چونکە هەوا لە شەوانی پایزدا پاکترە و مانگ تیایدا جوانتر دەدرەوشێتەوە.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد تانکا بووە بە دوو بەشەوە، هایکر بەشی یەکەم بووە و لە بەشی دووەم گرنگتر بووە.

لە ئەنجامدا هایکۆ جیا بۆتەوە و سەربەخۆیی خۆی سەلماندووە، بەڵام نەیتوانیوە خاوەنی بیری قووڵ و وێنەی هونەریی تایبەت بە خۆی بێت و بە فراوانی بڵاو بێتەوە، تا ئەو کاتەی دوای ڕۆژگارێکی درێژ، لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا، شاعیری گەورە (باشیۆ) هاتووە و ئەو تایبەتمەندی و ناوبانگەی پێ بەخشیووە.

شیعری هایکۆ لەسەر دەستی (باشیۆ) وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگی بەخۆیەوە بینیوە. (باشیۆ) مۆرکی هەزلی، کە پێشتر باو بووە، لە هایکۆ لابردووە و وشە و دەستەواژەی وەرزەکانی لە وێنەی شکڵیی و مردووەوە کردووە بە وێنەی شیعریی پڕ مانا و زیندوو.

(باشیۆ) کە هەم فەیلەسوف و هەم یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی سروشت بووە، ساڵی ١٦٤٤ ز لە دایك بووە. باوکی مامۆستای خۆشنووسیی بووە. (باشیۆ) بە منداڵی لەگەڵ کوڕە پاشایەکی شیعردۆست-دا ژیاوە و لە کەشوهەوایەکی هونەرییدا دەستی بە شیعرنوسین کردووە. بەڵام ئەو شازادە گەنجە زوو مردووە. دوای مردنی ئەو شازادەیە (باشیۆ) بەرەو شاری گەورەی (ئیدۆ- تۆکیۆ) ڕۆیشتووە و لەوێ، بۆ ئەوەی لە خزمەتی پاشا و میرەکان ڕزگاری بێت، خۆی وەکو ڕاهیبێك پیشان داوە، بەڵام لە ڕاستییدا نەبووە بە ڕاهیب. بەڵکو لە نزیك لە شاری (ئیدۆ- تۆکیۆ) دوور لە کۆشك و تەلاری پاشاکان، لە ناو کوخێکی بچوکدا، کە گۆماوێکی بچوکی لە نزیك بووە و بە دەرەختی مۆز دەورە دراوە، (وەك لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت)، ژیانێکی سادە و هەژارانەی بەسەر بردووە. (باشیۆ) بە ڕێگای شیعریی قورسدا تێپەڕیووە، سەرەتا لاسایی شاعیرە باوەکانی کردۆتەوە. پاشان بە دوای شێوازێکی نوێدا



گەڕاوە و بۆ ئەو مەبەستەیش لە کارە شیعرییەکانی شاعیرانی ژچین (لی بۆ) و (دۆفۆ)ی کۆڵیوەتەوە.

هەروەها لە فەلسەفەی بیریاری چینی (جەشوان) و دەرس و وانەکانی (بوزییەکان) ڕاماوە و لێیان وردبۆتەوە.

(باشیۆ) وەك بناغە ڕێبازی ئیستاتیکای (سابی) بۆ کارە شیعرییەکانی خۆی هەڵبژاردووە، (سابی) لە مانا سەرەتاییەکانیدا (خەمۆکی و تەنیایی) دەگەیەنێت.

ئەم تیۆرە ئیستاتیکییە، جوانی لەوەدا دەبینێ کە بابەتی ئاڵۆز بە شێوازی سادە و کلاسیکی دەربڕێت. بە پێی ئاکامێکی (سابی) شیعری فەلسەفی، جگە لە تێڕامانی سلبی، مرۆڤ بە هیچ ئاکامێکی دی ناگەیەنێت.

(باشیۆ) لەگەڵ ئەوەشدا کە حەزی بە تەنیایی کردووە و هەندێ جار بەرەو ئەو شاخە دوورانە ڕۆیشتووە (کە لەوێ کەسێك نەبووە بەری شابەڕووەکان، لەسەر زەوی هەڵ بگرێتەوە)، کەچی لە ناو خەڵکیشدا ئامادەبوونی هەبووە و ناوبانگی هەمیشە لە زیادبووندا بووە. قوتابیان لە شار و شوێنە جیاجیاکانەوە سەردانیان کردووە و لە قوتابخانە گەورەکەیەوە شاعیری گەورە سەریان هەڵداوە.

ساڵی ١٦٨٢ز ئاگرێکی گەورە لە نزیك کوخەکەی (باشیۆ) کەوتۆتەوە و کوخەکەی سوتاندووە. ئیتر دوای ئەوە دەستی بە گەشت و گەڕان کردووە و ساڵانێك درێژەی کێشاوە. گەڕانێك کە لە سەردەمێکی کۆنەوە خۆزگەی پێ خواستووە، گەڕانێکی دوور و درێژ کە هەموو شارەکانی گرتۆتەوە. سەردانی ئەو شوێنانەی کردووە کە بە جوانییەکانیان بە ناوبانگ بوون. ئەمەش لای شاعیرانی چین و ژاپۆن خوویەکی باو و بڵاو بووە.

(باشیۆ) دوای ئەوەی ژمارەیەك گەشتە شیعری نووسیووە، ساڵی ١٦٩٤ز کۆچی دوایی کردووە.

قەلەڕەشی تەنیا بە کزی
لەسەر چڵی ڕووت و قووت هەڵ دەکورمێ
ئێوارەیەکە پایزی..!

❊❊❊

ئاه... هەستە دەهەستە
ئەی پەپولەی نووستوو
هاوڕێتیم لەگەڵ ببەستە

❊❊❊

لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی دی
دڵۆپەکان بە هێمنی بەردەبنەوە
بارانێکی بەهارانەیە

❊❊❊

داربیەك بەدەم خەوەوە دەچەمێتەوە
بولبولێکی تەنیا لەسەر چڵێکێتی
وا دەزانم ڕوحێتی..!

❊❊❊

بە تەنیا شۆرباکەم دەخۆم
وەك یەکێك گیتار بژەنێ
تەرزە دەبارێتە سەر سەربانەکەم



❊❊❊

ئەی پەڕەسێلکەکان
تۆپەڵە قوڕ
بەرنەدەنەوە ناو کاسەی شەرابەکەم

❊❊❊

هۆ بەرخەلەوانە قشتیلە و شۆخەکان
ئێوە کە گۆچان بۆ خۆتان دروست دەکەن
هەندێ لق و پۆپیش بهێڵنەوە بۆ قۆخەکان

❊❊❊

(ریکای شاعیر لە لاواندنەوەی ژنەکەیدا)
پێخەف بۆ کەسێکی تەنیا
لەم شەوە ڕەش و بەستەڵەکەی زستاندا
چ نیگەرانییەکە

❊❊❊

لە نێو بەرگی گوڵەکەدا
مێشهەنگێکی خەواڵوو هەیە
ئەی چۆلەکەی هاوڕێ لێی نەکەوی

❊❊❊

بە بەرزی، لە نێو دارستانەکەدا
دەنگی دارکونکەرەی
سەر ڕاجەی کوخێکی تەنیا دەبیستی

❊❊❊

(بۆ هاوڕێیەك لە سەفەردا)
هێلانەیەك، باڵندەكان جێیان هێشت
ئاه...چەند غەمگینم
كە ماڵی هاوسێكەم بە چۆڵی دەبینم..!
❊❊❊
ئەوە بەفری یەكەم بەیانییە كۆ دەبێتەوە
هێدی هێدی لە ژێریدا
پەڕەی گوڵی نێرگس دەچەمێتەوە
❊❊❊
شنەبایەكی خۆش هەڵ دەكات
دەستنوێژگرتنی نێو ڕوبارە
ماسییەك شڵپەشڵپ دەكات
❊❊❊
مانگ لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە
وەك درەوشانەوەی كرۆكی دار
كە لە ڕەگەوە دەبڕێتەوە
❊❊❊
بۆ شەوێك، ئەگەرچی بۆ تاقە شەوێك بێت
ئەی درەختانی (هاكی) گوڵبەدەن
داڵدەی ئەو سەگە سەرگەردانە بدەن
❊❊❊
كۆرپەیەك فڕێ دەدرێ



(با) جێی بۆ ڕادەخا
شەونمی بەفراوی دای دەپۆشێ
❊❊❊
هۆ شێلم فرۆشی گەڕیدەی زستانان
ئەم كوخەی بە گیا داپۆشراوە
تۆ نەبیت، هاوڕێی جگەرسۆزی نەماوە
❊❊❊
(تاڵێك لە پرچی دایكم)
كاتێك بەفری پرچە سپییەكەی
لەدەستما هەڵدەگرم، دەتوێتەوە
فرمێسكەكانم چەند گەرمن
❊❊❊
لەسەر گۆڕی لەبیركراو
گیاكانی غەمگینی زۆر دەبن
ئەی گیاكان چی خەمگینتان دەكات..؟!
❊❊❊
بە چەسپیووی دەوەستی ئەی سنەوبەر
چەند ڕاهیب لەوانەی خۆشمانویستن لێرەدا دواییان هات
چەند لاولاو لەناوچوون؟
❊❊❊
دەمەوێ لە ماڵئاواییكردنی ساڵی ڕابردوودا
ئەمڕۆ ژمە برنجەكەم

پڕکەم لە گیای لەبیرچوونەوە..!

❊❊❊

لە گەنجێکی بێهێز و لاواز دەچیت

ئەی گوڵی لەبیرکراو لە کێڵگەدا

بێهودە سیس دەبیتەوە..!

❊❊❊

ئای لەم ڕێگا دوور و درێژە

ئێوارە پاییزییەکان زۆر دەبن و

کەسێکت لە دەور نییە..!

❊❊❊

ئەی دوایین هاوڕێی من

لە سپێدەوە لاولاوێکی بەیانیان

دەروازەکەی داخستووم..!

❊❊❊

بە درێژایی شەو، گوێ دەگرم

درەختی مۆز چۆن لە بادا دەناڵێنێ

دڵۆپەکان چۆن بەردەبنەوە نێو بەرمیلەکان..!

❊❊❊

برنج لە ماڵەکەدا نەما

سەبەتەکە پڕ دەکەم

لە گوڵی جوانیی ژن..!

❊❊❊



ئەمە ڕۆژەکانی زستانە

جارێکی دی بە تەنیا

پشت دەدەمەوە بە ستوونی نێو کوخەکەمەوە.!

❊❊❊

لەنێو کێڵگەی دروێنەکردنی نوێدا

شینەشاهۆ بەشەرمەوە شەقاو داوێ

ئەوە پاییزە لە نێو دێدا..!

❊❊❊

لەنێو هێلانە کۆنەکەم

مێشولە گازت لێ ناگرێ

ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە دەتوانم پێشکەشی میوانەکانمی بکەم..!

❊❊❊

من و تۆ لەیەك جیادەبینەوە

وەك چۆن لەیەك ڕەگەوە

لقەکانی شاخی بزنەکێوی بڵاودەبنەوە..!

❊❊❊

ئەختەبوتێك لەنێو تۆڕێکدا و

لەژێر تریفەی مانگی هاویندا

خەون دەبینێ... خەونێکی کورت

❊❊❊

بەیانیانی بەهار

لەسەر هەموو ئەو گردۆڵکانەی کەناویان نییە

تەمومژێکی تەنك دەبینرێ..!

***

(لە ستایشی ریکا-ی شاعیردا)

ئەو کاتەی مۆمەکەت لە تاریکیدا داگیرساند
وەکو ئەوە وابوو بەدەستەکانت
بروسکەت گرتبێت..!

***

نوێژ بکە لە پێناوی ڕۆژانێکی خۆشدا
هەوڵدە بە دڵت
لە درەختی قۆخ بچیت لە زستاندا

***

چەند چڵە سنەوبەرێك دادەگیرسێنم و
خاولییەکە بەئاگر وشك دەکەمەوە
هاکا زستان بەزوقمەوە ئەم ناوەی داگیر کرد..!

***

ئالێرەدا پێم خۆشە ساتی سەرخۆشبوون
لەسەر ئەم بەردە سپیانە ڕابکێشم
کە گوڵەمێخەك دای پۆشیوون..!

***

لەژێر سایەی گوڵەگێلاسدا
وەکو پاڵەوانی شانۆییە کۆنەکان
خۆم دا بە زەویدا و لێی ڕاکشام..!



***

دارگێلاسەکان لە لوتکەی گوڵکردندان
کەچی سپێدە وەکو هەمیشە
لەسەر چیاکان خەوتووە..!

***

تا ئێستایش دارگێلاسە کێوییەکان
سەرنج لە چاوەکاندا دەڕوێنن و لەگەڵیاندا
گوڵئەستێرەکانیش وەکو ئاگر بەسەر ئاوەوە دەدرەوشێنەوە..!

***

تەنانەت گوڵی سپی سەر دیواری
نزیك ماڵی هاوڕێ بێهاوسەرەکەشم
بێنازیم بەسەردا دەبارێنێ..!

***

من سەرەتا دڵم خۆش بوو
پاشان هەستم بەخەمۆکییەك کرد
لەنێو بەلەمی ڕاوچییەکاندا چرا پێدەبن..!

تێبینی: ئەم بابەتە لەلایەن (حسب شیخ جعفر)ەوە، کراوە بە عەرەبی و لە ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٨٥ی (الثقافة الاجنبیة)دا، وەکو کتێبی ژمارە بڵاو کراوەتەوە، هەم پێشەکییەکە دوورودرێژە و هەم شیعرەکانیش زۆرن، من ئەم پوختەیەم لێ هەڵبژاردووە.

## ڤلادیمێر هۆلان

## لە لووتکەی هەڵکشاوەکانی شیعری هاوچەرخی جیهانی

نامە

- تۆ دەمریت...

ئاخۆ چێژت لە ژیانی خۆت بینیوە؟

- بەڵێ

- چۆن؟

- جارێکیان لە ژێر دارێکی کۆندا

کچێك، کە نایناسم

نامەیەکی دامێ و ڕۆی...

- خوێندتەوە؟

- بەڵێ

- چی تێدا بوو؟

- هیچ..!



ڤلادیمێر هۆلان لەو شاعیرانەیە کە هەموو ژیانیان بۆ شیعر تەرخان کردووە. دوای مردنی لە ساڵی(١٩٨٠) دا، (٣) هەزار لاپەڕەی چاپکراو شیعری لەپاش جێماوە. ئەو شیعرانەی پێش جەنگی جیهانی دووەم نووسیبوونی، پڕ بوون لە هەستی دژ بەفاشییەت، تەنانەت هەندێ لە شیعرەکانی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم نووسیبوونی سەربازی (روسی) یان بە پاڵەوانی ئەفسانەیی وێنە کێشاوە.

سەرچاوەی ئەم هەستەش بۆ ڕق و توڕەیی بەرامبەر داگیرکاری ئەڵمانی و بۆ بەختەوەری بە رزگاربوون دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لە ڕۆڵی بەجەرگانەی خۆی کە شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ سوود بوون، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٤٨) دا تاوانبار کرا و لەو مێژووە بەدواوە بە ڕەسمی بەرهەمەکانی پشتگوێ خران، زۆر کەم نەبێت بڵاو نەدەکرانەوە.

(هۆلان) زوو خانەنشین کرا، خۆی و ژنەکەی و کچەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دابڕان ودوورکەوتنەوە، بەڵام گۆشەگیری و هەژاری و پشتگوێخستن نەیانتوانی(هۆلان) لە کاری شیعری و هونەرەکەی دوور بخەنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆربەی شیعرە بەرزەکانی لەو کاتانەدا نوسیوە، کە کەمترین بایەخی پێدراوە.

(هۆلان) لە ساڵی (١٩٦٤) دا دوای ئەوەی خەڵاتی (یەکێتی نوسەرانی چیك) ی وەرگرت، بە ڕەسمی ڕێزی بۆ گەڕێنرایەوە. لە ساڵی (١٩٦٨) دا خەڵاتی بەرزی نیشتمانی وەرگرت و نازناوی (هونەرمەندی نیشتمانی) و (شاعیری دەوڵەت) ی پێ بەخشرا، دوای ئەوە بڕێك خەڵاتی دیکەی وەرگرت و شیعرەکانی بۆ (١١) زمانی بیانی وەرگێڕدران. (هۆلان) لەبەر ئەوەی کەم ڕۆژ

هەبووە شیعری تێدا نەنووسی بێت، شیعرەکانی لە یاداشتنامەی سۆز و هزریی خۆی دەچن.

مردن میوانێکی هەمیشە ئامادەی شیعری (هۆلان) ە، خۆشەویستی زۆرجار لای ئەو پەژارە و برینی تێکەڵە و هیچ کاتێك لە ئاماژەکردن بۆ کەموکورتی ژیان خاڵی نییە. کەم لە شاعیرەکان لە ڕۆژگارە سەخت و قورسەکاندا توانیویانە وەك (هۆلان) واتای شیعری قورس بە سادەیی و بە ڕوونی دەرببڕن.

ئەمەش بۆ گەڕانی (هۆلان) بە شێوەیەکی بەردەوام بەدوای واتادا- دوای ڕووداو- دەگەڕێتەوە. (هۆلان) بەم شێوەیە بووە بە شاعیری بەرز و بەڕێزی گەل، شیعرەکانی بۆ زۆربەی ئاستەکانی خەڵك دەشێن، خەڵك شیعرەکانیان خۆشی دەوێت و لێیان حاڵی دەبن. (هۆلان) توانای شیعری ڕاستەقینەی هەبووە و جێگای خەمی ڕاستەقینەی مرۆڤیشی تێدا کردۆتەوە: (شاعیران و هونەرمەندان، شایانی ئەوەن ناوی بگۆڕ و دارێژەرەوەی جیهانیان لێ بنرێت، بەڵام بە ئاراستەی یەك ئامانج ئەویش رزگارکردنە ) ئەمە ئەو وتەیەیە کە(هۆلان) لە مایسی(١٩٤٦) دا، نووسیویەتی.

ئورفیوس
(خوێندنەوە) و
(نوسین) و
(ژماردن) ی نەدەزانی
بەڵام گۆرانی باش دەچڕی
کە مرد
ژنان لەشیان بە ئیسفنجێك شۆری



کە دەستیان بەر ئەندامی نێرینەی کەوت
دەستی بە گۆرانی چڕین کرد
ژنان لە ترسا
ڕایان کرد و هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە
ئەویش لەو ناوە بێ گۆڕ مایەوە..!

سەرچاوە: القمم العالية في الشعر العالمي المعاصر، ترجمة وتقديم(ياسين طه حافظ) دار المامون. بغداد ١٩٩٢، ص٢٤١

## سێکس و تۆقاندن

## شیعری محمد الماغوط

کاتێك تەنیا دەبم و
لەسەر ئەو مەمکە ڕادەکشێم کە ئەو حەزی لێ دەکات
بۆنگرتوو، وەك قەساب و
تەنیا، وەك باڵندەیەکی
تاڕادەی مردن ئازار دراو
بۆلام دێت
گاز لە دەم و
لە پرچ و
لە گوێم دەگرێت
باوەشم پیا دەکات و بەرزم دەکاتەوە
تا فرمێسکەکانی لە (سەرچاوە)وە ببینم
تا ملیۆنەها شەمەندەفەری کۆچەر بەدی بکەم
کە لە نێو برۆ چڕەکانیدا پێشبڕکێیانە



کاتێك تەنیا دەبم و
ئارەزووم وەك پەلکی دارخورما دەلەرێتەوە
بە پێڵاوە تەنگ و
پاڵتۆ وەك دەریا شەپۆلدارەکەیەوە،
بۆلام دێت
دەستە چڵکنەکانی
دەخزێنێتە نێوان مەمکەکانم و
ئیتر دەڕوات و ناگەڕێتەوە.

❊❊❊

کاتێك برسی دەبێت و
جلەکانی
بە مەرەکەب و نوسین پیس دەبن و
ماڵێك،
یان شەقامێك،
شك نابات
پەنای وەبەر بەرێت
بەهێواشی و
بەژێر دارە ڕووت و قووتەکاندا
بۆلای من دێت
ئارەزووی وەك زنجیر لە نێو پەنجەکانیدا
دەبریسکێتەوە!

❊❊❊

ملكەچانە
لەبەر دەرگا دەوەستێت و
ئەسرین وەك چۆلەكە
لە چاوەكانیدا
باڵەفڕێ دەكات
بەتەنیا لەبەردەم جیهاندا دەوەستێت
تاكو وەك كەشتیەوان
بۆناو نوێنەكەم ڕێگا شەق بكات
لە تاریكیدا
لە تاریكی قووڵ و بۆگەندا
كە (با) دەناڵێنێت و
درەختی تەڕ
وەك ژنگەلی ئەتكراو، دەگری
دەخاتە توێی باسكەكانی و
وەك كێچ بە گۆشتمدا دەچەقێت
باسی تۆقاندن و
گەلای سەوزی (سەروو)م بۆ دەكات
باسی دارزینی پێست
لە گرتووخانەكان و
هەڵوەرینی لێو لەناو دەستشۆرەكان و



باسی ئەو هەورانەم بۆ دەكات
كە وەك چارۆكە لەسەر نووكی ڕمەكان
ڕاگیراون
ئای ئەگەر بیرەوەرییەكان هاتوچۆیان بكردایە
زۆر توێژی لێوەكانم
لە قاحبەخانەكان و
كەوچكەكاندا لێ ون بوو
شتگەلێكی زۆرم بەبێ واتایی ون كرد
(دەستەسڕ، قۆپچە، كێڵگە)
چەرخگەلێك كە لەشێوەی ئەستێرەدا بوون

❊❊❊

ژیان وەك بارانی بێ ئاو
وەك جەنگی بێ هاوار و بێ كوژراو،
وەڕسكەرە.
زۆر پێدەكەنم و
ورد ورد دەیخەمە ژێر باڵی خۆمەوە
خەریكە وەك (مەی) ئەو پیاوە نامۆیە دەخۆمەوە
كە وەك ئەوەی من كەشتیەك، یان شەمەندەفەرێك بم
بەسنگمدا هەڵدەگژێت..!

❊❊❊

کاتێکیش

باران لە شەقامەکاندا دادەکات و

کۆڵانەکان لە کوێرەوەری و

قوڕ و لیتەدا، دارماڵ دەبن

لەسەر سینگم ڕاست دەبێتەوە و

هەردوو شانی لە شێوەی بەلەمێکدا

بەرز دەکاتەوە و دەڕوات!

سەرچاوە: الماغوط. غرفة بملايين الجدران (دار العودة بيروت) ۱۹۷۳ ص ٦١-٦٥

## چەند شیعرێکی

فاضل العزاوي

### بەختەوەری

(پەنجەرەیەکم بۆ بهێڵنەوە
درەختەکانی لێوە ببینم).
شاعیرەکە
کە بەرەو زیندان دەچوو
لە دڵی خۆیدا وای وت
دارتاشێکیان هێنا
پەنجەرەکەی داخست.
(بەختەوەرم



دەنگی-با- م بەسە، درەختەکان ڕادەژێنێ).
شاعیرەکە وای وت
دار بڕێکیان هێنا
درەختەکانی لە ڕەگەوە دەرهێنا
(دەنگی-با- م بەسە)
شاعیرەکە وای وت
دیوارگەلێکیان بەرز کردەوە -با- پیایاندا تێنەپەڕێ.
(بەسمە کە من دەژیم)
سێدارەیەکیان لە گۆڕەپانەکە، دامەزراند.
شاعیرەکە زەردەخەنە گرتی
(بەسمە کە لەپێناوی ئازادیدا،
بەمردنی خۆمدا هەڵدەگژەێم).

## داربڕ

مرۆڤ شتێك نییە
جگە لە داربڕێکی نێو دارستان
درەختێکی بەپێوە وەستاوی
سەر ڕێگایەك وای وت.
منیش هەروەها وتم:
ئەوەی داوای دەکەم داربڕێکە..
مرۆڤ شتێك نییە
جگە لە ڕاوچییەك
پۆلێك پاساری بەسەر
شیوێکەوە، وایان وت.
منیش هەروەها وتم:
ئەوەی داوای دەکەم ڕاوچییەکە..
مرۆڤ شتێك نییە
جگە لە پاشایەکی کوێر
ڕۆژێك کە بەسەر سەرمەوە
هەڵدەهات، وای وت.



منیش هەروەها وتم:
ئەوەی دەرونم داوای دەکات
پاشایەکی کوێرە..
مرۆڤ شتێك نییە
جگە لە خوێنڕێژێك کە دەگری
کەرێك کە بەدیار گیایەکەوە بوو، وای وت
منیش هەروەها وتم:
ئەوەی دەروونم دەیەوێت،
خوێن ڕێژێکە دەگری..
مرۆڤ شتێك نییە
تۆپەڵێك لم و ئێسقان نەبێت
"با" یەك،
کە خۆی بە دەم و چاومدا
دەکێشا، وای وت
بەدەم هەڵلەرزینەوە
ئێسقانەکەیم هەڵگرت و
لمەکەیم واز لێهێنا
"با" پەرشوبڵاوی بکاتەوە!!

## با چۆن چۆنی هەڵدەکات

خەمەکانم لەنێو قوربانیانی ڕۆژگاردا
دابەشکرد و دەمم سپاردە شەیتان
بڕێك، کە لە بیابانەوە هاتبوون، لێم نزیك بوونەوە و وتیان:
تۆ کێی
تا بە حیکمەتەوە بدوێی
یان خەڵك لە هەستانی لافاو ئاگادار بکەیتەوە؟
- ئەوەی بمناسێ نکۆڵیم لێدەکا
ئەوەی نکۆڵیم لێبکا شەیدام دەبێ
وتیان: دەنگت دەڵێی (با)یە دێت، ئایا دەزانی (با) چۆن چۆنی هەڵدەکا؟
- کە دڵ نەخۆش دەبێ
وتم: (با) دێت و هاوارمان بۆ دوورتر لە ڕابردووی مرۆڤ هەڵدەگرێت!



## پرسیار

(با) لە نێوان گەڵاکاندا چرپە چرپ دەکا
کێ دەیبیستێ؟
شەو دەموچاوم
دەکاتە دوو بەشەوە
کامیان هەڵبژێرم؟
چۆلەکە بەقەد پەنجەرەکەمەوەیە
ئایا دەری بکەم؟
لەوێش مرۆڤێك لە نێوان دارەکاندا دەکوژرێ
من چی بکەم؟

## هاوڕێیەتی

لێرەدا چۆلەکەیەك هەبوو، (با) ونی کردبوو لە دایکی
شەو هات و بەفر و بارانێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا
کابرای داربڕ
دۆلکەکەی بۆ ناو بیرەکە شۆڕکردەوە و ژنەکەی هات:
(لێرە ئاو نییە)
بەرەو ڕوبارە هەڵچووەکە ڕۆی، لە قوڕ و لیتەدا چەقی
چۆلەکە تەڕبووەکە هات و
خۆی بەژێر کراسەکەیدا کرد.

* سەرچاوە: الشجرة الشرقية/ فازل العزاوی/ بغداد ١٩٧٦

## چەند دەقێکی تازە

عدنان الصائغ

(١)

لە دەرگایەك دەدەم

دەیکەمەوە

هیچ نابینم خۆم-ی دەرگا نەبێت

دەیکەمەوە

دەچمە ژوورەوە

هیچ نییە جگە لە دەرگایەکی دی

ئەی خوای من

چەند دەرگا لە خۆمم جیا دەکاتەوە..؟

**



(٢)

خۆمم لەسەر مێزی کتێبخانەکەم لەیادکرد و

ڕۆیشتم

کاتێك شەقاوەکانم لە ڕێگادا پەخش کرد

بۆم دەرکەوت من جگە لە سێبەری دەقێك هیچی دی نیم

دەیبینم بەشەرەشەقێ لە پێشمەوە دەڕوات

وەکو ئەوەی من بێت تەوقە لەگەڵ خەڵك دەکات..!

**

(٣)

برسێتی دەستی بەسکمدا درێژ دەکات

کاغەزەکانم هەڵدەلووشم و دەکەومە ڕێ

دەستم لەسەر سکمە

لەترسی ئەوەی کەسێك هاڕینی وشەکان نەبیستێ

**

(٤)

ئایا ئەو سپێدانەی کۆچ دەکەن

ئاوڕ دەدەنەوە

تا بمانبینن

لە نائامادەیی ئەواندا چی دەکەین..؟

**

(٥)
باران بە (دەرزی)یە، ئاوییەکەی
کراسی کێڵگەکان دەدرووێت
❊❊
(٦)
سێبەرەکانمان
لە حزووری ڕوناکیدا چی دەکەن..؟
❊❊
(٧)
پرم دەکەن لە دێڕ و
پۆلبەندم دەکەن
پاشان پێڕستم بۆ دادەنێن و
بە تەواوی چاپم دەکەن و
بەسەر کتێبخانەکاندا دابەشم دەکەن و
لە ڕۆژنامەکاندا جنێوم پێدەدەن و
منیش
دەمم نەکردۆتەوە..!
❊❊
(٨)
مامۆستا پیرەکەی مێژوو بەدەم خەیاڵەوە



تەپوتۆزی جەنگ و تەباشیری سەر چاویلکەکەی سڕی و
پاشان بە دەڵتەنگییەوە
بزەخەنەیەکی بۆ قوتابییە منداڵەکان
کرد:
چەند ڕەقە دڵی مێژوو
هەموو ئەم تەمەنە جوانەم ڕشتە سەر
لاپەڕە زەردهەڵگەڕاوەکانی و
دواییش بەیەك دێڕ باسم ناکات
❊❊
(٩)
کڵپە مۆسیقای ئاگرە
❊❊
(١٠)
وام بە خەیاڵدا دێت:
کڵۆی بەفر لەسەر پەنجەرەکەم
نامەگەلێکی مەیووە و لەولاوە پێم گەیشتووە
کەچی کچە پۆستەچییەکە
بەسەر پاسکیلەکەیەوە
ئاماژەی ئەوە دەکات
کە جانتاکەی نامەی تێدا نییە بۆ من..!

عدنان الصائغ: ساڵی ١٩٥٥ له شاری (كوفه) له دایك بووه.
هەندێك له شیعرەكانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.
ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی- هیلمان هامیت-ی بۆ داهێنان و ئازادی دەربڕین لـه نیویۆرك بەدەست هێناوە.
ساڵی ١٩٩٧ خەڵاتی جیهانی (international award poetry) له ڕوتردام بەدەست هێناوە.
ئێستا له وڵاتی سوید دەژی.

سەرچاوە: گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) الملحق العربي (١) ص ٦٢-٦٥

# چیرۆک

# کورتیلە چیرۆك

## محمود شقیر

### تەنیایی

کەمێك دوای ئەوەی شەو ڕاشکا، کسپەی(با)یەکی سارد بەئاگای هێنایەوە.

بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و لۆمەی خۆی کرد لەسەر ئەوەی پێش خەوتن بیری نەبووە دایبخا..!

گەڕایەوە سەر جێگاکەی. کە بیری کەوتەوە پشیلەکە نە لەسەر جێگا و نە لەسووچی ژوورەکە و نە لەسەر سفرە لوولدراوەکە نییە، کەمێك ڕاوەستا.

پاشان جارێکی دی چووەوە لای چەنجەرەکە و بۆ تاوێك چاوەڕوان بوو، کە دوایی هەستی بە نائومێدی کرد، لەبەر خۆیەوە وتی:

چەند جار ئاگادارم کردووە کەبەشەو دەرنەچێتە دەرەوە!؟

وای وت و لەگەڵیدا دەستی بەکۆکین کرد.

وای وت و دەتووت مەبەستی لە ئافرەتێکە..!



### وڵات

لەسەر لووتکەی چیایەکی دوور، کە جاریٚ وڵاتان و حکومەتەمان و پیاوانی سنوور پێی نەگەیشتوون، کوخە بچووکەکەیان دروست دەکەن و جگە لە کتێبێك و هەندێك ئارد و بڕێك گەرمایی نێو چاو، هیچ شتێك شك نابەن. بەیانی ژنەکە بۆ کولێرەی گەرم ئاگر لەدار بەردەدا، پاشان لە تەنیشت پیاوەکەوە دادەنیشیٚ، کولێرە دەخۆن و لە دوورەوە لەگەلان دەڕوانن کە لە نێو بەڵا و نەگبەتیدان.

هەستکردن بە گوناه  بڕستیان لیٚ دەبڕیٚ، بۆ ئەوەی کەس بە نەبوونی نیازپاکی تاونباریان نەکات، لەسەر بەجێهێشتنی چیاکە ڕێك دەکەون، کەچی لەبەیانییەکدا بە پیاوانی سنوور دادەچڵەکێن، کە لەسەر لووتکەی چیا دوورەکە، بەتەواوی لە نزیك کۆخە تەنیاکەی ئەمانەوە، جگە لە تەلبەند بنکەیەکیشیان (بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیش وکاری ئەوانەی وڵات جیٚ دەهێڵن و ئەوانەش کە دێنە ناو وڵاتەوە) دروست کردووە.

### خەون

ئەو شارانەی تەمومژ چەند دوورن کە خەونم بەوەوە بینی من و تۆ تیایانــدا پیاسە بکەین، من لە پاڵتۆ ڕەشەکەمدا کە لە پاڵتۆی (پیاوانی پشـکنین) ی فلیمــە پۆلیســییەکان دەچــێ و لەگــەڵ ئەوەشــدا ، بــەبێ ڕووگیربــوون، لــە لەبەرکردنی بەردەوامم، تۆش لــە پــاڵتۆ ســووتاوەکەتدا وەك گــوڵێکی تــازە، لەتەنیشتمەوە ڕێ بکەیت و کلوی بەفر پەپوولــە ئاســا بەســەرماندا ببــارێ و ئێمەش بەشەقاوی پڕ لە ئاگادارییەوە بەسەر شۆستەی خلیســکدا ڕێ بکــەین، لە ڕوبار و ماشێن و دەرگای فرۆشگا و بیناکان وردبینەوە و بــیر لــە کۆمەڵــە دیارییەکی یادگارئــامێز بکەینــەوە کەلــەکاتی گەڕانەوەمانــدا بــۆ نیشــتمان پێشکەشی هاوڕێکانمانیان بکەین.

ئەو شارانەی تەمومژ زۆر دوورن کە ناتوانم پێیــان بگــەم، بــەڵام پێویســتە لەسەر خەوبینین بەردەوام بم و ڕۆژێکــیش دێــت مــن و تــۆ پێکــەوە لــە شــارە دوورەکانی تەمومژدا پیاسەدەکەین.

**سەرچاوە: مجلة(لوتس) العدد (٦٥-٦٦) ١٩٨٨ص١٠٢-١٠٣**

# خۆشەویستی لە ژێرزەمیندا

## محمد مزید

لەگەڵ ئەو ژنەی کە خۆشم دەوێت وا بەرەو ژێر زەمینەکە دەڕۆین، پێش ئەوەی ڕازی بێت پێم گوت: ئەم جێگایە ئەو ڕۆژانەم بیردێنێتەوە کە نایەن.

گوتی: کەواتە بۆ کوێ دەڵێی لەگەڵت دێم.

ژێر زەمینەکە کەوتبووە جێگایەکی دابڕاوەوە لە دەرەوەی شار، گەیشتن پێی ماندووبوونێکی زۆری دەویست.

زووتر گڵۆپێکی لەسەر دانرابوو بۆ ڕێ ڕۆشنی ئەو ڕێبوارە ناشارەزایانەی لە بیابانەوە دەهاتن و بۆ شار دەگەڕان.

پێکەوە لەگەڵ ئەو ژنەی کە خۆشم دەوێت، شەقاوەکانمان بە ئاگاداری و بە هێواشی دەنا... تاڵە تیشکێ لە کونێکەوە دەڕژایە نێو ژێر زەمینەکەوە، لە ڕۆیشتنە هێواشەکەماندا سوودمان لێ دەبینی... ڕۆیشتین و گەیشتنە جێگایەك کە ڕوناك و پڕ تیشك بوو.



- ئەمە چییە؟

(ئەو ژنەی کە خۆشم دەوێ گوتی)

- نازانم... دەترسی؟

(پێکەنی)

- من لەگەڵ تۆدام... هەرگیز ناترسم.

گوتم: زۆریش پشت بەمن مەبەستە.

لەسەر حەسیرێك دادەنیشین، تەماشای ئەو جێگایە دەکەین کە بە تێپەڕبوونی کات ترسناك دەبێ، شوێنەواری ژیانی تێدا بەدی ناکرێ.

بێدەنگی بە تەواوی جێگاکە داگیر دەکات، ماوەی ئەوەمان بۆ ناهێڵێتەوە (کە لە هەستکردن بە ترس) ڕزگار بین.

- بۆچی بۆ ئێرەت هێنام؟

گوێم لە دەنگێکی کزبوو لە ئاه و ناڵین دەچوو.

- گوێت لێ بوو؟

- چی؟!

- هیچ... هیچ

- ئایا تۆ دەترسی؟

ئەو دەنگەی پێش تۆزێك بیستم جارێکی دیکە پەیدا بووەوە و دیسان نەمایەوە

- وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە

- کام پرسیار؟

- بۆچی بۆ ئێرەت هێنام؟

- نازانم... ئایا تۆش ئەوە دەبیستی کە من دەیبیستم؟

- چی دەبیستی؟

ڕوناکیەکە وردە وردە زەرد هەڵدەگەڕا، ژنەکە زیاتر خۆی پێوە نووساندم، سەری بەرەو بەرزی هەڵبڕی بوو، منیش چاودێری ترس و ئارەزووەیم دەکرد کە دەیویست هەموو شتەکان بزانێت.

- تۆم هێنایە ئێرە بۆ ئەوەی...

- ئەوە چی بوو؟

(ژنەکە وتی)

- هەمان دەنگ... بەڵام ئەمجارە لە جارەکەی پێشوو بەهێزتر بوو.

تەماشای دەموچاویم کرد... وێنەی بە ترساوی لە مێشکمدا ڕەنگرێژ بوو.

- لە پێناوی چیدا بۆ ئێرەت هێنام؟

من وام دەزانی ئەم ژێر زەمینە تا ئێستا یادگاری شاری پاراستووە، پێم وابوو کە چەندان وێنە و تابلۆ و پرۆژەی ئایندەی تێدا دەدۆزمەوە.

لە پێناوی خۆشەویستییەکەماندا تۆم هێنا.

- تێناگەم مەبەستت چییە؟

ویستم پێی بڵێم ناشێ مرۆڤ ئەوە بدرکێنێ کە بۆچی خۆشەویستی دەکات، کە (چی) خۆشدەوێت کە چۆن خۆشەویستی دەکات، ئەم پرسیارانە ئێستا و لەم چاخەدا هیچ واتایەکیان نەماوە.

- لە پێناوی خۆشەویستییەکەماندا، ئایا ئێمە یەکدیمان خۆشناوێ؟

ئێمە لێرەداین لە پێناوی ئەوەدا. ژنەکە پێکەنی.

- بۆچی ئەم جێگایە؟



مرۆڤێك، کە سیمایەکی سەیری هەبوو، خۆی بە ژووردا کرد. لە دەموچاویدا سووتاوی و جێگای برین هەبوو.

ژنەکە بەترسەوە گوتی:

- ئەوە کێیە؟

توند دەستیم گرت.. مرۆڤەکە تەمەنی لە (٤٠) ساڵی نزیك ببۆوە، لە جێگایەکی دوور لە ئێمەوە دانیشت، یەکێکی دیکە بە ژوور کەوت، بە شەقاوی هێواش ڕۆیشت و لە تەنیشت هاوڕێکەیەوە دانیشت.

- یەکێکیان کوێر و ئەویدیکەشیان کەڕە

بە ترسەوە گوتی:

- چۆن زانیت؟

کەڕەکە بە گوێی کوێرەکەدا چرپاندی. گوێم لە دەنگی بوو. کەسی سێیەم بە ژوور کەوت، بەهێواشی شەقاوی دەنا، ڕێگاکەی بە ئاسانی بۆ نەدەدۆزرایەوە.

لە تەنیشتی دوانەکەی دیکەوە دانیشت. کەڕەکە کەوتە نێوان دوو کوێرەکەوە، پاشان شتێکی بە گوێدا چرپاند نەمتوانی بیبیستم.

- ئەمانەکێن، بۆچی لێرەن؟

بە دڵنیاییەوە وتم:

- بۆمان دەردەکەوێت، ئارام بگرە... کەڕەکە هەڵساو دوانەکەی دیکەش دوای کەوتن، بۆ شوێنێکیان بردن پێچەوانەی ئەو شوێنە بوو کە لێوەی هاتبوون.

کەڕەکە کاغەزێکی فڕێدا، بە کپی لەسەر زەویەکە کەوت.

- بۆکوێ دەڕۆن؟

- پێم وابێ بۆلای ئەو ڕۆژانە دەچن کە نایەن!

دەستم لە ژنەکە کێشایەوە، کاغەزەکەم هەڵگرت و ئەوەی لەسەری نوسرابوو خوێندمەوە، بزەخەنەیەك گرتمی و بەویشم گوت:

بیخوێنەوە.

ئەو ژنەی خۆشم دەوێت ناوەڕۆکی کاغەزەکەی خوێندەوە کە لە کەرەکە کەوتبوو پاشان بزەخەنەیەك گرتی، وەك ئەوەی شتێکی تازە و گرنگی بۆ ئاشکرا بووبێ.

- با دەرچین و بڕۆین.

- با بڕۆین... هەستم کرد جێگاکەم بەلاوە تەنگ دەبێت.

کاتێك لەژێر زەمینەکە دەرچووین، خۆر لە شیرینی خۆیدا شەلاڵی کردین، دڵنیا بووین جارێکی دی گەڕانەوەمان بۆ ژێر زەمینەکە، گران لەسەرمان دەکەوێت، دوور نییە ببێتە هۆی تیاچوونمان.

من و ئەو ژنەی خۆشم دەوێت، بیابانمان جێهێشت و لەشاردا یەکمان گرت، بۆئەوەی بە دووی خۆشەویستییەکەماندا بگەڕێین!

سەرچاوە:

مجلة (الاقلام) العدد الاول، السنة ۱۹۸۸ص ۷۲

# ڕاهێنانی بەیانیان

## مهدی عیسى الصقر

که زیرە و هەرای شاورلێدان خامۆشیی ئەو بەیانییــەی شـڵەقاند، منداڵـە بچوکەکەمان بە تەنیا لە باخچەکەی ماڵەوەدا خەریکی یاریکردن بــوو. تۆپــە ڕەنگـاو ڕەنگەکــەی بەســەر گیاکــەدا خـل دەکــردەوە و بەدوایــدا ڕای دەکــرد. دەیگرتەوە و ئینجا بۆ شوێنەکەی خۆی هــەڵی دەدایــەوە، ئــەو دیــار بــوو زۆر بەختەوەر بوو، من و دایکیشی بە خۆشحاڵییەوە، لەو پەنجەرەیەی ماڵــەوە کــە بەسەر باخچەکەدا دەیڕوانی، تەماشامان دەکرد. ئاگامــان لــە هــیچ نــەمابوو ئەمانویست بە کامەرانییەوە چێژ لەو مۆڵەتە وەربگرین کە بەدەستمانەوە بوو، لە پڕ قیژەیەك بە ئاگای هێنایــنەوە، بــەرەو لای منداڵەکــەمان ڕامــان کــرد. تەماشامان کرد ترساو و حەپەساوە، لەسەر زەویەکە هــەڵمگرت و گەڕاینــەوە بۆ ژوورەوە. گوێم لێ بوو هاواری دەکرد

(تۆپەکەم)

(دوایی)



خێزانەکەم بەپەلە پەردەی ژوورەکەی دادایەوە و دەنگی مۆسیقاکەی خامۆش کرد. زیــرە و هــارەی شــاورلێدان ژوورەکــەی داپۆشــی. لــێم پرســی: ( بۆچــی مۆسیقاکەت کوژاندەوە؟)

دوای ئەوەی لە تەنیشتمەوە دانیشت.

وتی: (بۆ ئەوەی بــزانین دوای ئــەم شــاورلێدانە چــی ڕوودەدات؟) وای وت و ویستی بە دەم منداڵەکەمانەوە پێبکەنین کە لــە باوەشــی منــدا بــوو زیــرە و هەرای شاورلێدان بە بەردەوامی باری ژوورەکەی دەلەرزانەوە، هەستم کــرد لــە باوەشمدا دڵێکی بچووك بە توندی لێ دەدات.

پێم وت: (مەترسە ئەمە ڕاهێنانە)

(ڕاهێنان؟!)

بەڵێ ئەو دەنگەی دەیبیستی لــە ئــامێرێکی بچــووکەوە دەردەچــێت، تــاقی دەکەنەوە، دەیانەوێ بزانن ئیش دەکات).

تۆزێك دەنگم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگم بێت، دوای تۆزێك دەنگ نەما. بۆ تاوێکی کەم گوێمان لێ بوو لە (مەیدانی گواستنەوە)وە، زرمەزرم بە خێراییەکی شێتانە دەهات و لە شەقامە نزیکەکانــدا ون دەبــوو. دوای ئــەوەی ڕێگاکان وەك بڵێــی ماشــێن و ڕێبواریــان تێــدا نــەمابێ، خامۆشــی هــەموو شتەکانی داپۆشی. تەنانەت شار کەوتە ژێر بێدەنگییەکی ئەوەندە قورسەوە کە بەرگەی نەدەگیرا. هەستم بە منداڵەکەمان کــرد لــە باوەشــم بێــزار بــوو. لــە تەنیشت دایکیەوە دامنا و چــووم ڕادیۆکــەم هــەڵکرد، ڕادیــۆ ژوورەکــەی لــە نەغمەی هێمن شەلاڵ کرد، ژنەکەم بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە وتی: (تۆ شێتی!).

(لەوانەیە)

مۆسیقاکە ئەگەرچی زۆر دڵکێش بوو، بەڵام لەو کەشوهەوا ئاوسەدا کە دەوری دابووین، کاریگەرییەکی سەیری هەبوو، تاڕادەیەك عەبەسی بوو. جارێکی دیکە منداڵەکەم لەباوەش کردەوە، دوای کەمێك گوێم لە ژنەکەم بوو بەدەنگێکی لەرزۆك وتی: (دەنگی فڕۆکە دێت).

منداڵەکەم وتی: (دەیبینم).

پێم وت: (ناتوانی بیبینی زۆر بەرزە)

هەر لە باوەشمدا بوو گوێی بۆ ئەو دەنگە هەڵخست بوو کە لە ئاسمانەوە پێمان دەگەیشت. دەنگەکە دوور دەکەوتەوە و تاك دەبووەوە، وەکو ویزە ویزی مێشوولەیەکی تەنیا لە شەوێکی کپدا، هیچ دەنگێکی دیکەی تێکەڵ نەدەبوو. بەڵام ئەم حاڵە درێژەی نەکێشا، لە پڕێکدا بە گرمەی تۆپە دژەکان (کە دەیانویست فڕۆکەکە بپێکن) بای دەور و پشتمان خرۆشا. هەستم بە لەشی منداڵەکە کرد دەلەرزی، لێی پرسیم:

(ئەمەش هەر ڕاهێنانە؟!)

پێم وت: بەڵی ئەمەش هەر ڕاهێنانە، دەیانەوێ بزانن تۆپەکان ئیش دەکەن یا خود لە کار کەوتوون).

بە گومانەوە چاوی بڕیە چاوم، خۆم لە سەرنجە هەڵوەداکانی پاراست. ڕووی بەرە و لای دایکی وەرگێڕا، دایکی بەدەمیەوە پێکەنی، بەڵام پێکەنینەکەی لاواز بوو، دڵنیایی لەلا دروست نەدەکرد. هەڵسام و چووم بۆلای ڕادیۆکە، دەنگی مۆسیقاکەم زیاد کرد، دوای ئەوە گوێمان لە تێکەڵەیەك لەلرفەی تۆپ و نەغمەی مۆسیقا ڕاگرت. ژنەکەم نائومێدانە چەند هەناسەیەکی بەسەردا پژاندم. دوای تاوێکی کەم گرمەی شتێکی قورسمان لە جێگایەکی دوورەوە



بەرگوێ کەوت. دیاربوو پارچە بەردی گەورەبوو لە پڕ لە شاخەوە دەکەوتە خوارێ. خێزانەکەم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا: (خوایە هاوارە).

پێم وت: (بۆ ناچی چا-یەکمان بۆ لێبنێی؟).

(ئێستا؟).

(کەواتە بەبێ دەنگی دانیشە، تکات لێدەکەم، تاکو...)

منداڵەکە لە باوەشی من دابەزی و خۆی خستە ئامێزی دایکیەوە. وەك ئەوەی بیەوێ کەمێك لە ترسەکەی دایکی کەم بکاتەوە.

ژنەکەم سەیری منی کرد: (بۆچی نەڕۆین لە جێگایەکی تر دانیشین؟).

(هەموو جێگاکان لەم کاتانەدا وەکو یەکن!)

لە دەرەوە تۆپەکان بە بەردەوامی ئاگریان دەباراند. پاشان لە نزیکمانەوە گرمەی تەقینەوەیەك کە هەناوی بەردەدایەوە، زەویەکەی ژێرمانی داچڵەکاند. هەموو قاپی و پەنجەرەکانی ماڵەکەمانی خستە لەرزە، گوێمان لە شووشەیەکی گەورەی پەنجەرەکەمان بوو کە هاڕەی کرد و شکا. پارچەکانی لەو دیوی پەردەکەوە پرش و بڵاوبوونەوە، ڕادیۆکە لەکار کەوت و دەنگی مۆسیقاکە نەما (پێم وابێ بەهۆی تەقینەوەکەوە بوو). بەئاشکرا ترس لەنێو چاوانی منداڵەکەماندا دەرکەوت. دەنگی ژنەکەیشم هەڵبزڕکا.

بینیم منداڵەکەی هەڵگرت و بەرەو ژوورێکی دیکەی ڕفاند. دوای ئەوان کەمێك لە دووری پەنجەرەکەوە ڕاوەستام، لە پەردەکەی ڕامام کە با خستبوویە سەما، گرمەی تۆپەکان بەجۆرێك ئەو ناوەیان پڕ کردبوو دەتووت لەناو ژوورەکەدان.

پریشك و پارچەی شووشە شكاوەكان پەردەی پەنجەرەكەیان كون كون كردبوو. تیشكی ڕۆژ لێیانەوە بە ژوور دەكەوت و پێ دەچوو پەردەكە بەهێڵی زیوین و وێنە و ڕەنگی جیاجیا ڕازێنرابێتەوە. پاشان تۆپەكان بێدەنگ بوون و لەنێو خامۆشیی شەقامەكانی پشتمانەوە قیژە لە (ئیسعاف) هەڵسا. دوای كەمێك دەنگی ماشێنێكی بەشوێندا هات. دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند خولەكێك بێ دەنگی درێژەی كێشا. پاشان جارێكی دیكە شاورلێدانەكە دەستی پێكردەوە، ئەمجارەیان دەنگەكەی گۆڕابوو، پێدەچوو بنالێنێ. سەرلەنوێ شار كەوتەوە نێو كەشوهەواكەی جاران. پەردەی پەنجەرەكەم لادا (با) بە لێشاو و بێ ئەوەی شتێك ڕێی لێبگرێت، خۆی بە ژووردا كرد، لەگەڵ خۆیدا بۆنێكی تێكەڵ بە دووكەڵ و خۆڵ و شتی دیكەی هێنا. بەڵام من تێبینیی ئاگركەوتنەوەم نەكرد لە هیچ شوێنێك. ئاسمان شینێكی سادە لەبەر چاوم بەدیار كەوت. كۆترە كێوییەكان تیایدا سەرگەرمی فڕین بوون، كۆترەكان لەودیوی دارخورما و سەربانی ماڵەكانەوە لەنێو خۆرەكەدا بزر دەبوون. ئەگەر بۆنی ئاگركەوتنەوە و پارچەی شووشە شكاوەكان لەسەر زەوی ژوورەكە و ڕووتوقووتی پەنجەرەكان نەبوونایە، دەتوت هیچ شتێك ڕووی نەداوە.

(هەموو شتێك تەواو). ئاگام لێبوو لە پشتمەوە ژنەكەم بە بەختەوەرییەوە هەناسەی دەدایەوە، ڕووم وەرچەرخان و تێم ڕوانی. بینیم منداڵەكەمان خۆی بە دەستیەوە گرتووە و لە من ورد دەبێتەوە، لەچاوی منداڵەكەدا پرسیارم دەبینی، پێدەچوو چاوەڕوان بێت ئەوەی بۆ ڕوون بكەمەوە كە ڕوویدا.

پێم وت: (ئێستا دەتوانیت بچیتە باخچەكە و بۆ خۆت یاری بكەیت). دوودڵ بوو، لە پەنجەرەكەوە كەمێك لە تۆپەكەی وردبۆوە كە لەبەر خۆرەكە و لەسەر



گیا سەوزەكە كەوتبوو. پاشان دەستی بەردا و بەجێی هێشتین. بە ژنەكەم وت: (با پارچە شووشەكان كۆبكەینەوە نەوەك پێی یەكێك بریندار بكەن). دەستمان بە كۆكردنەوەی شووشەكان كرد، من بەئاگادارییەوە پارچە بچووكەكانم كۆكردەوە گوێم لە ژنەكەم بوو بە دەنگێكی پەرتەوازەوە وتی:

(تەماشای كە!).

سەرم بەرزكردەوە منداڵەكەمانم بینی تۆپەكەی بەسەر گیاكەدا خل دەكردەوە و بە هێواشی و بە شەقاوی بچوك بچوك بەدوایدا دەڕۆیشت، پاشان دەیگرتەوە، هەڵیدەگرتەوە و بۆ ماوەیەك بێئەوەی جوڵە بكات ڕادەوەستا، پرچی لەبەر تیشكی خۆرەكەدا دەبریسكایەوە، تۆپەكە لەنێو دەستیدا مەیی بوو، چاوەكانی بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و ڕادەما، وەك ئەوەی گوێی لە دەنگی فڕۆكە بێت كە نزیك دەبێتەوە.

ژنەكەم خەریك بوو شتێك بڵێت، بەڵام لێوەكانی جووت كرد و هیچی نەدركاند. بە بێدەنگی لە كۆكردنەوەی شووشە شكاوەكان بەردەوام بووین...

سەرچاوە: مجلة (الاقلام) العدد(٢) سنة ١٩٩٨ ص(٤٩-٥٠).

## چیرۆکی خۆشەویستی (لورا) و (بترارك)

شەش سەدە بەسەر مردنیدا تێپەڕی، دوای ئەوەی بە ئاشکرا جێپەنجەی لەسەر ئەوەی پێی دەڵێن (ڕێنسانسی ئیتاڵی) جێهێشت.

لە ٦-ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٣٨٦ی زایینی دا (لیموت) مرد، بەر لەوە بەچەند هەفتەیەك بەتەواوی لە قسەکردن و لە نوسین کەوت.

ئەو شاعیر بوو، دوای(فرجیل) بەناوبانگترین شاعیری ڕێنیسانسی ئیتاڵی بوو، (کۆلۆنا)ی هاوڕێی پێی وت:

- ئەی هاوڕێی خۆشەویستم (بترارك) تۆ وەسێتنامەی خۆت دەنووسی؟

وتی: وەسیەتنامەی من لە شیعرەکانمدایە، ئەی خۆشەویستم کۆلۆنا

- ئاخۆ دەتەوێت ئاواتێکی تایبەتیت بۆ بهێنینە دی؟

- ئاواتی من لەوە خۆشەویستترە بەدی بێت، من دەمویست لە تەنیشتیەوە بنێژرێم.. بەڵام ئەوە مەحاڵە. نە منداڵەکانی و نە پیاوەکەی بەوە ڕازی نابن... دوا قەسیدەی خۆمم لەگەڵدا بنێژن کە بۆ ئەوم نوسیووە.

- ئەو کێیە؟



ئەو دڵبەرە کێیە کە (بترارك) (٣٥) ساڵی تەواو گۆرانی بە عەشقی ئەوەوە دەوت، بێ ئەوەی یەکدی ببینن، لە هەندێك چرکەساتی تیژتێپەڕدا نەبێت کە تیایدا نە قسە دەکرا و نەچاوەکانیان پێکەوە دەدوان و نە پەنجە شەیداکان لێك دەئالان، تا ئەمڕۆیش زۆر لە مێژوونووسان گومان دەکەن ئەو ژنێك بووبێت وەك ژنانی دی، وێنەیەکی خەیاڵییش نییە شاعیر بە خەیاڵی خۆی دروستی کردبێت و پێشکەشی کردبێت.

بەڵام ئەو شیعرانەی بەودا هەڵیداون گومانی ئەو مێژوونووسانە پوچەڵ دەکەنەوە.

تا ساڵی (١٧٢٠)ی زایینی دەیانووت: سەبارەت بەو خۆشەویستییە شتێکمان لە بەردەستدا نییە شیعرەکانی(بترارك) نەبێت، بەڵام ئەو دڵبەرە لە کوێیە؟ کوان نامەکانی؟ کێ دایکی و کێ باوکی و کێ مێردی بووە؟

منداڵەکانی لەو پیاوە بۆ کوێ چوون؟

خۆی لە کوێ ژیاوە؟ لە کوێ نێژراوە، کە بیست ساڵ بەر لە (بترارك) مردووە؟ جگە لەناوێك و وێنەیەکی شیعریی شتێکی دیکەمان لەبەر دەست نییە، بەڵام شیعرێك لە دیوانەکانی (بترارك)دا نابینی ناوی ئەوی تێدا نەبێت (لۆرا) بە تەنها (لۆرا)...

هەندێك لە ڕەخنەگرانی (بترارك) دەڵێن: (لۆرا) خەیاڵێکە لە خەیاڵەکانی شاعیر.

ڕەنگە لە شیعرەکانیدا جێگیرتر و درەوشاوەتر بێت، بەڵام لەوە زیاتر نییە... ئەگەر ژنێکی ڕاستەقینە بووبێ و گەورەترین شاعیری ئیتاڵیا خۆشیویستبێ و ئەویش ئەو شاعیرەی خۆشویستبێ، ئەی بۆچی مارەی نەکردووە؟

وەڵام لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەیدایە (گۆرانی شوانان)، لەم کتێبەدا وەڵامی ئەو پرسیارە حەپەسێنەرەی لە بیر و هۆشی مێژوونوساندایە دەست دەکەوێت: (بۆچی مارەی نەکرد؟) ئەو وەڵامە بە ڕوونی و بێ هیچ تەمومژێك دەدۆزیتەوە. (بترارك) دەڵێت: ((بۆچی ئەوەی لە نێوان دڵ و لە نێوان هەستەکاندا هەیە تێکەڵی بکەین؟ خۆشەویستی و هاوسەرێتی هەرگیز پێکەوە و دەست لەناو دەست ڕێ ناکەن. هاوسەرێتی گرێبەندە، گرێبەندێك مافگەلێك بە پیاو دەبەخشێت و ئەرکگەلێك بەسەر ژندا دەسەپێنێ، بەڵام خۆشەویستی نەماف و نە ئەرك نازانێت. ئەو ئازادییەکی تەواوە بۆ ئەو دڵانەی کە یەکدیان خۆشدەوێت)).

(لۆرا) وەك خەیاڵێکی تەمومژاوی لە زیهنی خوێنەرەکانی (فرانشکو بترارك)و مێژوونووسەکانیدا مایەوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٧٢٠)دا گۆڕەکەیان دۆزییەوە، ناوی(لۆرا) بوو بەڕاستی و بە حەقیقەت.

ئەوانەی گومانیان هەبوو وتیان: (کێ دەزانێت ئەوە لۆرای شاعیرمان بترارك-ە؟ شتێك لەسەر تابوتەکەی نەبوو جگە لە وشەی لۆرا-و مێژووی مردنەکەی نەبێت کە بیست ساڵ پێش مردنی شاعیر بووە).

بەڵام دەرهێنانی پاشماوەی تەرمەکەی ئەوەی سەلماند کە لە ماوەی سێ سەدەدا هەوڵی پشتگوێخستنی دەدرا. لە تابوتەکەیدا چنگێك خۆڵ و ئێسکە پەیکەرێك دۆزرایەوە، ئەوە هەموو شتێك بوو کە لیێ جێمابوو، هەمو ئەوە بوو کە خاك لەو کەسەی جێهێشت و (بترارك) شیعری بۆ دەووت.





بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سندوقێکی بچووکیان دۆزییەوە کە ژەنگ دایپۆشیبوو لەناویدا چاویان بە تاڵێك لە قژ و دوا قەسیدەی (بترارك)کەوت، لەگەڵ کتێبێکی بچووکدا کە خەریك بوو حیبرەکەی لەگەڵ ڕۆژگاردا دەڕۆی، خوێندیانەوە و خوێندیانەوە و لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەوە (لۆرا)کەی شاعیرە... ئەو(لۆرا)یەی کە(فرانشکۆ بترارك) بە درێژایی (٣٥) ساڵ خۆشی ویست و گۆرانی پیادا هەڵدا، بێ ئەوەی بۆ یەك دەقیقە لەگەڵیدا دابنیشێ و قسەی لەگەڵ بکات.

لەناو ئەو نامیلکەیەی لەگەڵ تەرمەکەی (لۆرا) دۆزرایەوە، هەمان ئەو شتەیان خوێندەوە کە لە گۆرانی شوانان-ی (بترارك)ی عاشقدا خوێندبوویانەوە.

کەواتە هەردووکیان یەکیان خۆش ویستووە.. بترارك دەڵێت: (تەنها دووجار لەگەڵیدا دانیشتم، لەجاری یەکەمدا من لە شایی (ئەفینینون) بووم.. لە باخچەی ئاهەنگێڕاندا بینیم، لە تەنیشتی ئەو جۆگەیەوە دانیشتین کە ئاوەکەی بە قوڵپی پڕ لە حەنانەوە دەردەچوو..)

بە چرپە پێی وتم:

- بەیانیت باش ئەی فرانشکۆ.

پێموت:

- ئاخۆ دەمناسیت ئەی خانمی قەشەنگ، ئەی دەنگ ناسکی دەنگ پڕ ئاواز؟

به حەپەساوی وتی:

- دەتناسم؟! من لەو کاتەوە کە هاتوویتە دنیاوە دەتناسم، بەڵکو بەر لەوەی بێیتە دنیاوە ناسیومی.

پێموت:

- هەست دەکەم منیش لەو کاتەوە هاتوویتە دنیاوە خۆشم دەوێی، بەڵکو بەر لەوەی بێیتە دنیاوە خۆشم ویستووی. ئەو دەمامکە هەڵبڕە کە سیما جوانەکەتی شاردۆتەوە...

- چۆن هەستت کرد جوانە، کە نەتبینیووە؟

- بە چاوی خەیاڵم بینیومە. تۆ بیت و ئاسمان ئەو دەمامکە هەڵبڕە...

دەمامکەکەی هەڵبڕی و وتی:

- ئەی ئێستا، ئاخۆ هەر بە جوانم دەبینی؟

نەمتوانی ڕێگە لە دەنگم بگرم کە بە خۆشی و شادییەوە دەرنەپەڕێ:

- ئاه... تۆ جوانترین ژنی سەر زەمینی. لە تەنیشتمەوە دانیشە.

یەك سەعات لات دادەنیشم، خۆزگەم دەخواست هەموو تەمەن لات دانیشتبام. لە تەنیشتمەوە دانیشت و دەستیم گرت و پێموت:

- با ئیدی لەیەك جیا نەبینەوە.. لێرەدا کوخێك دروست دەکەین پێکەوە تێیدا دەژین. بۆچی پەڵە هەوری نیگەرانیی لەسەر سیمای جوانت دەبینم؟

چی ڕووی دا؟ ئاخۆ شتێکم وت تۆ پێی ڕازی نەبی؟

- نەخێر... نەخێر... بەڵام من پێم باشترە قسە نەکەین.

- ڕاست دەکەیت. قسە زۆر بڵێیی کاری نەزانەکانە.. با واز لە ڕۆحمان بهێنین لە گفتوگۆی بێدەنگی خۆیاندا بن...



سەری دانەواند و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بێدەنگ بوو، پاشان سەری هەڵبڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- فرانشکۆ.. من تۆم خۆش دەوێ و تا دەمرم خۆشم دەوێی.. دەشزانم بەرلە تۆ دەمرم.

ویستم نەهێڵم لەسەر ئەم قسە غەمگینە بەردەوام بێت، ناو لەپە ناسکەکەی خستە سەر دەمم و وتی:

- نا.. نا.. قسە مەکە.. من نە جادووبازم نە پەنهان دەخوێنمەوە، بەڵام بڕوام پێبکە کە بەر لە تۆ دەمرم، بەڵێنم پێ بدە تا من دەمرم و تۆش پێم دەگەیت لەسەر خۆشەویستیم بەردەوام بیت.

ئەوە لە یەکەمین دانیشتنەکانم بوو لەگەڵ (لۆرا)دا، لەو جارەدا کە بەهاری (١٣٢٧) بینیم، هەمان چرکەسات خوشم ویست و دەشمزانی کە تارماییەکی نێو خەونە ئەوەی خۆشم دەوێ.

بەڵام دانیشتنی دووەم (١٥) ساڵ پاش ئەوە و لە ساڵی (١٣٤٨) دا بوو بینیم لە ژێر ئەو دارەدا دانیشتبوو کە لە خەونەکەی دیدا سێبەرەکەی پێکەوە کۆی کردبووینەوە... خۆی بە دووڕ و یاقووت داپۆشی بوو، لێی نزیك بوومەوە، لە چاویدا نیگایەکی غەمگین هەبوو، وتی:

- فرانشکۆ... ئەو ژنەت بیر دێتەوە کە لەو دەمەوەی دڵت هۆگری بوو، جوانترین شیعرەکانت بەودا دەووت؟

بانگم لێکرد:

- (لۆرا).. من ئەوە نیم هەرگیز تۆم لە بیر بچێت.. بەڵام توخوا بۆچی هەمیشە بۆ لام دێیت و ئەم دەمامکە رەشەت پۆشیوە؟ هەڵیدەرەوە وەك جاری یەکەم هەڵتدایەوە!!

- سوودی نییە.. لە تەنیشتمەوە دانیشە.

- (لۆرا).. من شپرزەم، پێم بڵێ، تۆ مردوویت یان وەك من زیندوویت؟

- من زیندووم ئەی فرانشکۆ.. مردوو تۆیت و لەم مردنەدا دەمێنیتەوە تا ئەو کاتەی زەوی جێدەهێڵی و دێی بۆ لای من لە جیهانی زیندووەکاندا، ئەی خۆشەویستم.

خێراتر لەوەی هات، ڕۆی، لەدوایەوە بانگم لێ کرد:

- (لۆرا) .. تکات لێ دەکەم جێم مەهێڵە، تۆ بەرەو کوێ دەڕۆی؟ (لۆرا)... (لۆرا)...

تەنها دووجار لەگەڵیدا دانیشت.

لە خەوندا، نەك لە جیهانی ڕاستەقینە، لە جیهانی ڕاستەقینەدا لە دوورەوە دەیبینی بێ ئەوەی لە چاوی ورد بێتەوە، بێ ئەوەی دەستی پێ بگات، بێ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات.

لە دوا خەونیدا هەستی کرد شتێکی ترسناکی بەسەردا دێت، ئەوەی بۆ(جاکۆ کۆلۆنا) ی هاوڕێی درکاند:

- کۆلۆنا.. هەست دەکەم (لۆرا) لە بەردەمی مەترسیدایە.

کۆلۆنای هاوڕێی بە خۆشییەوە پێی وت:

- ئایا دەتەوێ بە ڕاستی بڕوا بکەم کە تۆ خانمێکت بە ناوی (لۆرا) خۆش دەوێ و ئەویش تۆی خۆش دەوێ؟



بە گلەییەوە پێی وت:

- تەنانەت تۆش ئەی کۆلۆنا؟

(لۆرا) لە مەترسیدایە، وتی من لە جیهانی زیندووەکاندام، جیهانێکی جیا لەم جیهانەی ئێمە.

- ئەی فرانشکۆ.. وا بڕوامان هێنا بە ڕاستی کچێك بەو خەسڵەتە جوانانەی تۆ لە قەسیدەکانتدا باست کردوون کە لەسەر ئەم زەوییە بوونی هەیە، ئەی کوا ئێستا لە کوێیە؟

- بەر لە ساڵێك لەگەڵ مێردەکەی و منداڵەکانیدا بۆ شاری (بارم) ڕۆی.

- ئەو لای مێردە و بە دەستی منداڵەوە ماندووە؟ کەواتە خۆتی پێوە سەرقاڵ مەکە...

- چۆن خۆمی پێوە سەرقاڵ ناکەم، لەکاتێکدا تاعوون تێکڕای خەڵکی باکووری بە هیلاك بردووە، شاری (بارم) بەتایبەت سەرتاپای وڵاتی بەڵایە.. دەترسم پەتا کوشتبێتی.

خەونەکەی ڕاست دەرچوو... لەو دانیشتنەی دووەمجار و دواجاردا (لۆرا) مەرگی خۆی پێ ڕاگەیاند. هەواڵی مردنەکەی دوو مانگ لە پاش بینینی خەونەکە، پێگەیشت... شەوی (١٩ی ئایاری ١٣٤٨) هەمان ئەو شەوەی لە خەوندا بینی بووی، (لۆرا) مرد. خەمناك و پەرۆش گەڕایەوە بۆ ڕۆما.. جگە لەو قەسیدانەی بۆ(لۆرا) ی وتبوون، (کۆلۆنا)ی هاوڕێی تاکە پەناگەی خەمەکانی بوو...

(کۆلۆنا) لێی پرسی:

- ئەی ناشتنەکەیت بینی؟

پێی وت:

- چۆن ناشتنی ببینم کە ئەو دوومانگ بەر لە گەیشتنی من لە(بارم)، مردبوو.

(کۆلۆنا) بەدەم گاڵتەوە پێی وت:

- راست دەکەیت... چۆن ناشتنی دڵبەرێکی خەیاڵی دەبینی کە شیعرەکانت دروستیان کردووە و ناشتووشیانە؟؟

- (کۆلۆنا) ... بۆچی بڕواناکەیت کە(لۆرا) وەکو من و تۆ لە ژیاندا بووە؟ ژنێکی بێوێنە لە جوانیدا و لە گۆشت و خوێن، بەڵکو لە ڕوناکی ئەی (کۆلۆنا)... ئەگەر تۆ باوەڕم پێ نەکەیت کێ باوەڕم پێ دەکات؟ پاشان... پاشان چ باکم لەوەیە خەڵك باوەڕم پێ دەکات یان نا؟ من بووم خۆشەویستیم کرد و منیشم تا ئێستا خۆشەویستی دەکەم... هەروەها من بووم خۆشیان ویستم و منیشم هێشتا خۆشیان دەوێم، ئەگەرچی ئەو لە جیهانێکی دیکەدایە، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەگەمە لای، بەردەوام لەبارەی خۆشەویستی ئەوەوە دەنووسم، ئەگەرچی (فرانشسکۆ بترارك) ی شاعیر بۆ چەند چرکەساتێکیش لەگەڵ (لۆرا)ی خۆشەویستیدا، دانەنیشت... بەڵام هەر کاتێك بارودۆخ ڕێگەی پێدابێت ئاگای لێ بووە... یەکەمین جار لە کڵێسە و لە نێو ژنەکاندا بینی... کچێکی قەد و باڵا ڕێك، سەرپۆشێکی ڕەش پرچ و سیما ئاڵتونیەکەی داپۆشی بوو، ئەوەش ڕێورەسمی ئەو سەردەمە بوو، جگە لەگەردن و پرچ و دەستەکانی هیچ شوێنێکی دیکەی دیار نەبوو. سیمای نەبینی، پاشان نووسی:



((ئەو گەردنە چەند جوان بوو، چەند سپی بوو، ئەی دەستەکانی، لەژیانمدا پەنجەی وەك ئەو پەنجانە ناسك و جوانم نەبینیوە... هەوڵم دا سیمای ببینم، نەمبینی... لە زۆری جێگواستنەوەم لە نێوان کورسیەکاندا و بۆ ئەوەی لە ڕاستی ئەو بم، زانیم چیم دەوێت... بەپەلە کڵێسام جێهێشت و پرسیاریم کرد، پێیان وتم ناوی لۆاریە، تەنها لۆرا... کەسێك ناوی خێزانەکەی پێ نەوتم، وەك ئەوەی تارماییی نێو ئەفسانەیەکی ئاڵۆز بێت، گوڵێکی گەش و هیچ پەیوەندییەکی بە گوڵەکانی دیکەی نێو باخەکەوە نەبوو، تا دەمرم لەبارەیەوە دەنووسم و خۆشەویستی خۆمی بۆ دەردەبڕم)).

قەسیدەکانی لەبارەی (لۆرا) وە بەردەوام بوون، هەموو ئیتاڵیا زانییان کە شاعیرەکەیان شەیدای (لۆرا) بووە. بەڵام سەیر ئەوە بوو هەرگیز بەیەك وشەیش ئاماژەی بۆ خێزانەکەی نەکرد، لەوەیش سەیرتر ئەوە بوو کە هاوچەرخەکانیشی شتێکیان لەبارەی خێزانەکەیەوە باس نەکرد، تەنها و تەنها (لۆرا)ی تەمومژاوی (لۆار)یەك کە جگە لە شاعیر کەس نەی دەناسی و کەسیش نەی دەبینی... تەنانەت (جاکۆ کۆلۆنا)ی هاوڕێی، کە کوڕی کاردینالی بەناوبانگ (کۆلۆنا)بوو، پێی وت:

- ئەم لۆرایە خۆت داتهێناوە، لە شیعرەکانتدا دروستت کردووە، تەنها ناوێکە و بۆ ژنێکی دیکەت داتاشیوە، چونکە تۆ شاعیریت و شاعیرانیش ئەو شێوازەیان هەیە. هەموو شتەکە ئەوەیە.

- تۆ پێویستت بە ئیلهامبەخشێك هەیە و(لۆرا)ت کردووە بەو ئیلهامبەخشە بۆ خۆت. بەڵام هەرگیز کەسێك تۆی لەگەڵ ئەو(لۆرا)یە نەبینیوە. گلەیی لە خۆشەویستی ئەو دەکەیت و لە هیجرانیدا ئازار

دەکێشێت و دەگریت و هەناسە هەڵدەکێشێت و دەڵێی: کە ئەو تۆی کردووە بە مرۆڤێکی پەشۆکاو و غەمگین، ئەگەر تۆ دەتەوێ من بڕوات پێ بکەم پیشانی بدە، ئەگەرنا هەوڵ مەدە ناچارم بکەیت درۆ ناسکەکانت لەبارەی ئەوەوە لێ بکڕم.

- تۆ دوا کەسیت کە گومانم دەکرد شتێکی ئاوهام پێ بڵێی ئەی جاکۆ.. تۆ تاکە هاوڕێمی لەم دنیایەدا.

کۆلۆنا بە دڵسۆزییەوە پێی وت:

((ئەی هاوڕێی پایە بەرزم، ئەگەر من عەقڵ و ژیری تۆم نەناسیایە دەمووت تۆ خەیاڵەکان بۆ ڕاستی دەگۆڕیت... باشە با (لۆرا) ڕەمزی شاعیرێتی تۆ بێت، با تاجێکی پیرۆزی هونەریی بێت لەسەرت، تۆ خۆت ئەم (لۆرا)یەت دروست کردووە و بووە بە بەشێك لەشیعر و لە بوون و لە ڕۆحت...)).

- کۆلۆنا... لۆرا ڕۆحی منە، بەڵام خانمێکی جوانی ڕاستەقینەیە... ئاخۆ ئەو وا دەزانێت من بەو خۆشەویستییە بەختەوەرم کە هەموو شاعیرانی ئیتاڵیا گۆرانی پێدا هەڵ دەدەن؟ نەخێر... ئەو خەریکە دەمکوژێ، من ناتوانم لە تەنیشتی دابنیشم، ناتوانم گوێم لە دەنگی بێت، ناتوانم سیمای ببینم، ئای چەند بە ئاواتەوەن کە وەك تۆ دەڵێی خەیاڵ بوایە، بەڵام بۆ نەگبەتی من ئەو بەڕاستی بوونی هەیە.

- تۆ خۆت ئەم خەمانە دروست دەکەیت بۆ ئەوەی جوانترین شعر بنووسیت.

- کام ئەکتەر دەتوانێت خەم دروست بکات و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بخولقێنێ و شیعری پڕ لە پەرۆشی و غەمگین و جوان بنووسێ؟ ئاخۆ ئەکتەرێك هەیە، هەر چەندە لێهاتوویش بێت، بتوانێ بەم ڕەنگە زەرد و



ژاکاوەی منەوە خۆی پیشانی خەڵك بدات؟ ئەی کۆلۆنا بڕوام پێ بکە(لۆرا) ی خۆشەویستم ژنێکی جوانە و وەك ژنانی دیکە لەم دنیایەی ئێمەدا دەژی... ئەی کۆلۆنا(لۆرا) شووی کرد شوو.

کۆلۆنا پێکەنی و وتی:

- شووی کرد؟ ئەی بۆچی مارەت نەکرد؟

- پرسیاری شووکردنم لێ نەکرد. ئاخۆ من لەگەڵی دانیشتووم تا پرسیاری لێ بکەم؟

- کەواتە ئەو خۆشی ناوێی... ئەگەر ئەو تۆی بویستایە هەواڵی بۆ دەناردی، دەیوت پیاوێك هاتۆتە داوام، خێراکە سواری ئەسپە سپیەکەت بە و دڵبەرەکەت لە شوکردنێك ڕزگار بکە، کە لە مردن تاڵترە.

پێکەنی و بەردەوام بوو:

- ئایا بیرۆکەی قەسیدەیەکی تازەیە لە قەسیدەی شوانەکان؟

- بڕوام پێ بکە ئەی کۆلۆنا.. لۆرا شووی کرد و بەرەو (بارم) ڕۆیشت.

کۆلۆنا بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:

خۆتی پێ بگەیەنە و لەگەڵ پیاوەکەیدا بیکە بە زۆرانبازی، بیکوژە و خۆشەویستەکەی دڵت ڕزگار بکە. پاپا دادگاییت ناکات، چونکە تۆ لە کەسە هەرە نزیکەکانی ئەوی.

(بترارك) بە خەمەوە پێی وت:

- خۆزگە گاڵتەت پێ نەدەکردم ئەی کۆلۆنا.. خۆزگە گاڵتەت پێ نەدەکردم ئەی هاوڕێ.

زانستی نوێی مێژوو دەڵێ:

(بە بەڵگەی زانستی و بە خوێندنەوەی نامیلکەکەی (لۆرا) کە لەنێو گۆڕەکەیدا دۆزرایەوە، سەلمێنرا کە (لۆرا) بە ڕاستی شاعیری خۆش ویستبوو هەروەها شاناز بووە بەو خۆشەویستییەی کەلەناو مێژوودا بە نەمری هێشتوویەتیەوە.. لۆرا شووی بە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی شاری (ئەفینون) کردووە کە ناوی (هیودی ساد) بووە و حەوت منداڵی لێی هەبووە... باوکیشی لە پیاوەکانی بواری یاسا بووە لە فلۆرەنسا... لۆرا خۆشەویستییەکی راستگۆ و قوڵ و بێگەردی بۆ (بترارك) هەبووە کە تێکڕا وشەکانی نێو ئەو نامیلکەیەی داوای کردووە لەگەڵ تەرمەکەیدا بینێژن، ئەوە دەردەبڕن... ئەو نامیلکەیەی کە لە هەندێك لاپەڕەیدا دەڵێت:

من هەر کاتێك لە شەقامەکاندا بینیبێتم خۆم لە ڕێگەی لاداوە، بەڵام شتێکم لە توانادا نەبووە ئەوە نەبێت کە ئاوڕم داوەتەوە و هەستم بەو پەڕی بەختەوەری کردووە کە بینیوومە هێشتا شوێنپێم هەڵ دەگرێ، ئەو کاتەیش کە بینیوومە بێئومێد بووە لێم و نیگای پڕ لە گلەیی ئاڕاستەی سیمام کردووە، کە لە پشتی دەمامکە ڕەشەکەوە شاردوومەتەوە، هەستم بە خەمباری کردووە.

لەلاپەڕەیەکی دیکەدا نووسیوویەتی:

ڕۆژێکیان من لە نێو کڵێسەدا بووم، دەستکێشەکەی دەستی ڕاستم لێ کەوت، بە پەلە هەڵی گرتەوە و هەوڵی دا پێشکەشی بکات، کارەکەرەکەم بە فەرمانی من خێرا لە دەستی ئەوی دەرهێنایەوە، سەرنجی پڕ گلەیی نێو چاوی لە بیر ناکەم... ئەگەر لە پشتی دەمامکەکەوە ئەو فرمێسکی خەمەی ببینیایە کە بۆ دڵڕەقی خۆم لەگەڵ ئەودا دەمڕشت، دەیزانی کە من بەهێزتر لەوەی ئەو خۆشی دەوێم، خۆشم دەوێ... لە دوا لاپەڕەکانی نامیلکەکەی (لۆرا) دا ئەم



ڕستە جوانانە دەخوێنینەوە کە ڕاستی پەیوەندی ئەو لەگەڵ (بترارك) ی شاعیر دەردەبڕن: ((چ باکمە لە ڕۆیشتنی ساڵەکان؟ من خۆشم دەوێ و هەمیشە خۆشم دەوێ، تەنانەت دوای ئەو کاتەیش کە دڵگەرمیی گەنجێتیمان بۆ خۆشەویستی ون دەکەین، خۆشەویستی ئەو ئازارم دەدات و خۆشەویستی من ئازاری دەدات، ، چونکە (تیر) ئەگەرچی نووکەکەیشی شکابێت بەڵام هەر ئەو دڵە ئازار دەدات کە دەیپێکێ)).

**سەرچاوە: احلی قصص العشاق، درويش جميل، الطبعة الاولى١٩٨٧، منشورات دار السلاسل، كويت، ص٧-١٩**



**بەرهەمە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ:**

*خورپەی ناخ، نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ ١٩٩١

*هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش ١٩٩٢

*چرپەی دڵ، نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ ١٩٩٨

*ئەفسانەی پایز، شیعر ٢٠٠٠

*چرپەی ناخ، شیعر ٢٠٠١

*ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە، شیعر ٢٠٠٥

گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی ٢٠٠٦

*لالەزاری وشە، کۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبیی ٢٠٠٧

*لەئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکان،لێکۆڵینەوە ٢٠٠٨

*ژەنەراڵی خۆشەویستی، شیعر ٢٠٠٨

*جوانی و جیاوازی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٩

*بۆنی بەختەوەری، شیعر ٢٠١٠

*دنیای سوهراب، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ٢٠١١

*گوڵزاری نوسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٢

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ڕونکردنەوەیەکی کورت | ٧ |
| نزار القباني | ١١ |
| ڕۆشنکردنەوە | ١٣ |
| شیعر قەدەری منە | ١٩ |
| سەماکردن بە وشە | ٢١ |
| لەدایکبوون لەناو پێخەفێکی سەوزدا | ٢٧ |
| خێزانەکەم و منداڵییم | ٣١ |
| تێکشکاندنی شتەکان | ٣٣ |
| ماسییەکان | ٣٧ |
| خۆشەویستی تا ڕادەی قوربانییدان | ٤١ |
| ئیغتیسابکردنی جیهان بە وشە | ٤٧ |
| چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە چاوەڕوان ناکرێت | ٤٩ |
| ادونیس | ٥٣ |
| شەپۆلدان | ٥٥ |
| شتەگەلێکی جیاواز و لێکچوو | ٦٧ |
| ئاخۆ تۆ (ڕۆماننوس)یت... غادە السمان | ٧٥ |
| داکوتینی بزمارێك لە تابووتی شاعیر | ٧٧ |
| ئەو پیاوەی خیانەتی لێ دەکەم | ٨١ |
| بیرکردنەوە بە ئاشکرا، تاوانە | ٨٣ |
| خوێندنەوەی گۆڤارێکی سپی | ٨٧ |
| با چیدی بەناوی خۆش ویستنەوە منداڵەکانمان نەکوژین | ٩١ |
| هیچ کەسێك ناتوانێ خاك و ئاین و بیرەوەریی بۆ خۆی قۆرخ بکات<br>محمود دەروێش | ٩٥ |
| ڕۆمان کلیلی ئەو نیشتمانانەیە کە بەڕوومان‌دا داخراون.... احلام مستغانمی | ١٠١ |
| ڕۆمانی نامۆیی و تاراوگە.... حلیم برکات | ١٠٧ |
| ڤۆڵتێر... دوژمنی دەمارگیری و مامۆستای لێبوردن.... هاشم سالح | ١١٥ |
| داهێنەرەکان بەرلەوەی بمرن.... انیس منصور | ١٢٥ |
| یەکەم چیرۆك کەنووسیم | ١٢٩ |
| ئایا شکستی عەلمانیەت، بەرەو تیرۆرمان دەبات؟.... شاکر النابلسی | ١٣١ |
| عەلمانیەت و دیموکراتی | ١٣٩ |
| سزای لە سێدارەدان لە نێوان ئێمە و ڕۆژئاوادا.... د. احمد البغدادي | ١٤٥ |
| ئێمە بەناوی ئایینەوە تیرۆریست بەرهەم دەهێنن<br>نوسینی: د. احمد البغدادی | ١٥١ |
| لە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسییمەوە.... مەحمود سالح | ١٥٥ |
| جۆن شتاینبەگ: نوسین چێژوەرگرتنی ڕاستەقینەی منە.... نصرت مردان | ١٥٩ |
| تێڕامان.... والاس ستیفنز | ١٦٣ |
| ئایین و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.... پرۆفیسۆر (فریدمان دیسون) | ١٦٩ |
| نوسین ئاسۆی ژیان فراوان دەکاتەوە.... خۆسیە سارامۆگۆ | ١٧٧ |
| گرنگ ئەوەیە کە دێت نەك ئەوەی کە ڕۆیشتووە.... تۆماس برنهارد | ١٨٥ |
| پێم خۆشە ژن، ژن بێت..... نزار القباني | ١٩١ |
| رزگارکردنی مۆدێرنە لە ئەفسانەکانی، دەمانگەیەنێتە پۆست مۆدێرنە<br>محەمەد سبیلا | ١٩٥ |
| هیچ شتێك پاکانە نییە، بۆ توندوتیژی.... عبدالوهاب المؤدب | ٢٠١ |
| گفتۆگۆیەك لەگەڵ (انسی الحاج)دا<br>ڕۆشنکردنەوەی ئاماژەکان بۆ سەر کۆمەڵە شیعری (لن) | ٢٠٥ |
| لە جیهانی هایکۆ-وە<br>مشتێك لە شیعرەکانی (باشۆ) | ٢١٧ |
| ڤلادیمێر هۆلان<br>لە لووتکەی هەڵکشاوەکانی شیعری هاوچەرخی جیهانی | ٢٣١ |
| سێکس و تۆقاندن<br>شیعری محەمەد ئەلماغوت | ٢٣٥ |
| چەند شیعرێکی<br>فاضل العزاوی | ٢٤١ |
| چەند دەقێکی تازە<br>عدنان الصائغ | ٢٤٩ |
| کورتیلە چیرۆك<br>مەحمود شەقیر | ٢٥٧ |
| خۆشەویستی لە ژێرزەمیندا<br>محمد مزید | ٢٦١ |
| ڕاهێنانی بەیانیان<br>مهدی عیسی الصقر | ٢٦٧ |
| چیرۆکی خۆشەویستی (لورا) و (بترارك) | ٢٧٣ |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ | ٢٨٧ |

## زنجیرەی چاپكراوەكانی ساڵی (٢٠١٢)ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی كتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاكان | و. عەزیز رەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ | |
| ٢ | ئەكرۆباتێكی ونبوو | ئیسماعیل حمە ئەمین | وتاری رەخنەیی | ٨٣٩ | |
| ٣ | پەیكی شادی | محەمەد سەعید نەجاری | شیعر | ٨٤٠ | |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ | |
| ٥ | خاوەن شكۆ | د. یەحیا عومەر رێشاوی | لێكۆڵنەوە | ٨٤١ | |
| ٦ | ئاین و ئیستاتیكا | خسرەو میراودەلی | لێكۆڵینەوە | ٨٤٢ | |
| ٧ | كولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستی | ٨٤٣ | |
| ٨ | چرایەك لەسەر مادیان كۆ | و. عەزیز گەردی | رۆمان | ٨٤٤ | |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ | |
| ١٠ | سایكۆلۆژیای بەهرەمەندان | عمر مەرگەیی | لێكۆڵینەوە | ٨٤٥ | |
| ١١ | شوناسێكی بێئۆقرە | سەردار عەزیز | كۆمەڵە وتار | ٨٤٦ | |
| ١٢ | كۆمەڵە وشە و پێكەوەهاتن | د. بێستوون حسەن | زانستی زمان | ٨٤٧ | |
| ١٣ | مێژووی چاپخانەكانی سلێمانی | مارف ناسراو | رۆژنامەوانی | ٨٤٨ | |
| ١٤ | وێستگەكان | و. محەمەد كەساس | كۆمەڵە وتار | ٨٤٩ | |
| ١٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٤ | |
| ١٦ | مێژووی دێرینی كوردو شوێنەوارەكانی | كەمال نوری معروف | مێژوویی | ٨٥٠ | |
| ١٧ | ئەزموونی چیرۆكنووسین | محەمەد فەریق حسەن | وتار | ٨٥١ | |
| ١٨ | پۆست مۆدێرنەو چەند بابەتێكی شانۆی | ئەنوەر قادر رەشید | شانۆیی | ٨٥٢ | |
| ١٩ | هەڵوەدای كوێرێك | رەنجەی نابینا | كۆمەڵەچیرۆك | ٨٥٣ | |
| ٢٠ | ئاوردانەوەیەك لە مێژوو | عەلا نووری | مێژوویی | ٨٥٤ | |
| ٢١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٥ | |
| ٢٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٦ | |
| ٢٣ | سمكۆ | سەید كەمال ئیبراهیمی | مێژوویی | ٨٥٥ | |
| ٢٤ | تەلیسمی گێڕانەوە | كامیل محەمەد قەرەداغی | لێكۆڵینەوە | ٨٥٦ | |
| ٢٥ | نارنجی فڕین | ئەمین گەردی گلانی | چیرۆك | ٨٥٧ | |
| ٢٦ | ئاین و كایە جیاوازەكان | سەنگەر زراری | كۆمەڵە دیدار | ٨٥٨ | |
| ٢٧ | تیۆرە نوێیەكانی رەخنەی ئەدەبی | د. كەمال مەعروف | رەخنەی ئەدەبی | ٨٥٩ | |
| ٢٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٧ | |
| ٢٩ | رەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری | حسین سابیر علی | لێكۆڵینەوە | ٨٦٠ | |
| ٣٠ | میدیا و دەسەڵات | و. فاروق جمیل كریم | رۆژنامەوانی | ٨٦١ | |
| ٣١ | ئەدەبی ئەمریكای لاتین | و. تەها ئەحمەد رەسول | ئەدەبی | ٨٦٢ | |
| ٣٢ | پلۆت لە چیرۆكی كوردیدا | بوشرا كەسنەزانی | لێكۆڵینەوە | ٨٦٣ | |
| ٣٣ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٨ | |
| ٣٤ | تروسكەیەك لە تاریكیدا | صلاح نیساری | كۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٤ | |
| ٣٥ | سی و حەوت خوێندنەوەی جیاواز | نەبەز تالیب | بایۆگرافی | ٨٦٥ | |
| ٣٦ | سایكۆلۆژیای شۆفێری | بەختیار محمد | زانستی دەروونناسی | ٨٦٦ | |
| ٣٧ | بكوژی بابانوئێلەكان | و. مستەفا زاهیدی | كۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٧ | |
| ٣٨ | بارگە | رەفعەت مورادی | لێكۆڵینەوە | ٨٦٨ | |
| ٣٩ | شێوازی شیعری نوێ- كرمانجی ناوەڕاست | د. حمە نوری عمر كاكی | لێكۆڵینەوە | ٨٦٩ | |
| ٤٠ | مادام بۆڤاری (وەرگێڕان) | جەبار سابیر | رۆمان | ٨٧٠ | |
| ٤١ | رۆژمانە فارسیە هاوچەرخەكان | عمر شینكی | رانانی كتێب | ٨٧١ | |
| ٤٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٩ | |
| ٤٣ | وەرزەكانی ئەیرۆبیك و دابەزینی كیش بۆ پیاوان و ئافرەتان | و. رێباز ئەحمەد فرج | زانستی | ٨٧٢ | |
| ٤٤ | دەقئاوێزان لەشیعری نوێی كوردیدا | شنۆ محەمەد محمود | ئەدەبی | ٨٧٣ | |
| ٤٥ | ئەنفال تاوانێكی دژ بەمرۆڤایەتی | ستارە عارف | لێكۆڵینەوە | ٨٧٤ | |
| ٤٦ | تەكنیكەكانی سەردەم | جمال محەمەد ئەمین | زانستی | ٨٧٥ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | ڕەهەندەکانی شوێنکات لەدەقەوالاکانی شێرکۆ بێکەس | لوقمان ڕەئوف عەلی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٦ | |
| ٤٨ | لەودیوشتە جوانەکانەوە | و. ڕەئوف حەسەن | کۆمەڵە چیرۆک | ٨٧٧ | |
| ٤٩ | جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب | د. نەجم ئەڵوەنی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٨ | |
| ٥٠ | نەریت و کلتووری کوردی | م. زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین | کلتووری | ٨٧٩ | |
| ٥١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٠ | |
| ٥٢ | شەوانی بۆن و سەفەر | فروغ نیعمەت پور | کورتەچیرۆک | ٨٨٠ | |
| ٥٣ | گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا | ڕێبوار حمە تۆفیق | لێکۆڵینەوە | ٨٨١ | |
| ٥٤ | پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان | فەیسەڵ سلێمان محمد | لێکۆڵینەوە | ٨٨٢ | |
| ٥٥ | بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا | شەهاب شێخ تەیب تاهیر | زمانەوانی | ٨٨٣ | |
| ٥٦ | فۆرمی لۆژیک لە زمانی کوردیدا | د.کاروان عمر قادر | زمانەوانی | ٨٨٤ | |
| ٥٧ | حەریق | سەید نەجمەدین عەلی محەمەد | دیوان | ٨٨٥ | |
| ٥٨ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جلال محمود علی سوبحانی | فەرهەنگ | ٨٨٦ | |
| ٥٩ | تەکنیکی گۆرانی وتن | و. یەدیێ شاکری (هۆگر) | لێکۆڵینەوە | ٨٨٧ | |
| ٦٠ | ئێکسیری وشە | و. هادی محەمەدی | ڕەخنە | ٨٨٨ | |
| ٦١ | ژنێك بۆ خۆشویستن | و. دلاوەر قەرەداغی | ڕۆمان | ٨٨٩ | |
| ٦٢ | فەرهەنگی ئەڵمانی – کوردی | عەبدولکەریم عوزێری | فەرهەنگ | ٨٩٠ | |
| ٦٣ | فەلسەفەی شارستانی | و. عەبدوللا مەحمود زەنگەنە | فەلسەفە | ٨٩١ | |
| ٦٤ | لە خاچدانەوەی کریست | و. غەفور سالح | ڕۆمان | ٨٩٢ | |
| ٦٥ | میدیا ناسی | شالاو جەعفەر | ڕۆژنامەوانی | ٨٩٣ | |
| ٦٦ | دیبلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکان | ئاراس ڕەفیق زەینەڵ | مێژوویی | ٨٩٤ | |
| ٦٧ | شاسوارێك بەسەر پشتی باوە | و: محەمەد کەریم | ڕۆمان | ٨٩٥ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨ | پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەراییدا | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا | فیکریی | ٨٩٦ | |
| ٦٩ | کورتەیەك لەسەر جینۆسایدو تاوانکاری نێودەوڵەتی | ئەحمەد فەتاح محەمەد | یاسایی | ٨٩٧ | |
| ٧٠ | جەلادێکی قوربانی | پشتیوان عەلی عەبدولڕەحیم | کورتە چیرۆك | ٨٩٨ | |
| ٧١ | کاریگەری سەوزایی لەسەر ژینگەی شاری سلێمانی | ڕزگار ڕەسوڵ عەبدولڕەحمان | زانستی باخچەکان | ٨٩٩ | |
| ٧٢ | نەمریو گێڕانەوە | ئارام صدیق عەبدول | لێکۆڵینەوە | ٩٠٠ | |
| ٧٣ | لە پەراوێزی مەرگی شاپەروەردا | برایم محێدین عارف | کەلەپور | ٩٠١ | |
| ٧٤ | ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی | ئا. شەریف فەلاح | لێکۆڵینەوە | ٩٠٢ | |
| ٧٥ | بۆتیقای پێکهاتەخواز | محەمەد تەرەغە | فیکری | ٩٠٣ | |
| ٧٦ | ناسیۆنالیزمی کوردی و هۆکارەکانی کامڵ نەبوونی | ئازاد تۆفیق خەیات | لێکۆڵینەوە | ٩٠٤ | |
| ٧٧ | شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ سەرچاوەکانی ئاو | میقداد عەلی ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٩٠٥ | |
| ٧٨ | لە پێناو ئاواتەکاندا | ئیقبال سەفەری | ڕۆمان | ٩٠٦ | |
| ٧٩ | شوناسی ئۆلی و فەلسەفی نەتەوەی کورد | محەمەد حیجازی | لێکۆڵینەوە | ٩٠٧ | |
| ٨٠ | شتێ لە گیرفانی دایکمدایە | جەلیل کاکە وەیس | چیرۆك | ٩٠٨ | |
| ٨١ | چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی | نالە حەسەن | لێکۆڵینەوە | ٩٠٩ | |
| ٨٢ | پێشتربوونی دێمۆکراسی لە فەلسەفە | فاتح سەعیدی | وتار | ٩١٠ | |
| ٨٣ | چنینی دەق لە شیعرەکانی (نالی)دا | ئاڤان عەلی میرزا | لێکۆڵینەوە | ٩١١ | |
| ٨٤ | گفتوگۆکان | شوان ئەحمەد | دیمانە | ٩١٢ | |
| ٨٥ | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | وتار | ٩١٣ | |
| ٨٦ | کلیلی ژیان | زاهیر زانا- زانست زانا | ڕۆشنبیری گشتی | ٩١٤ | |
| ٨٧ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨١ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٨ | فەرهەنگی باشوور- بەرگی١ | عەباس جەلیلیان | فەرهەنگ | ٩١٥ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٨٩ | فەرهەنگی باشوور- بەرگی٢ | عەباس جەلیلیان | فەرهەنگ | ٩١٦ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٠ | قووتووی عەتار-٣ | حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا (ئارارات ئەحمەد) | فۆلکلۆر | ٩١٧ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩١ | سێ بەیتێن کوردی د دەستنڤیسا فەق محەمەدێ توخوبی دا | جەمیل محەمەد شێلازی | فۆلکلۆر | ٩١٨ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٢ | میسکی زازا | رشاد محەمەد عمر | حیکایەتی فۆلکلۆر | ٩١٩ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٣ | ڕۆڤیێ فێلباز کۆمەک ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان | عوسمان حاجی عوسمان (حوسەین حاجی ئۆسمان) | کۆمەڵە چیرۆک | ٩٢٠ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٤ | خوشکە نەسیمۆ وەرگێڕانی حیکایەتی سریانی | هاوژین صلێوە | حیکایەتی فۆلکلۆر | ٩٢١ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٥ | BĕrÎvana CindÎ | محەمەد جزاور حەمکۆچەر | داستان و بەسەرهات | ٩٢٢ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٦ | BuxÇika BÛkan ji Zargotina Biçûkan | سالح حیدۆ | داستان و بەسەرهات | ٩٢٣ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٧ | PÎra BÛk Çend Çîrokĕn Kevin ŭ dĕrÎn Ji gencÎna folklorê me yê | سالح حیدۆ | چیرۆکی فۆلکلۆری | ٩٢٤ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٩٨ | فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی | کامەران محەمەد | فەلسەفە | ٩٢٥ | |
| ٩٩ | خەونی ئەو کیژانەی لە خۆر دزران | ئەحمەد قادر سەعید | کۆمەڵە چیرۆک | ٩٢٦ | |
| ١٠٠ | دەروازەکانی شانۆ | و. شۆڕش محەمەد حسێن | کۆمەڵە وتار | ٩٢٧ | |
| ١٠١ | گەنجینەی زێڕنی زێوەر | ئا: مەحموود زێوەر | ئەدەبی | ٩٢٨ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٢ | ئیفادی کوردەکان بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان | ستران عەبدوڵڵا | مێزگرد | ٩٢٩ | |
| ١٠٣ | پێل دی بۆرد | خالید حسێن | چیرۆک | ٩٣٠ | |
| ١٠٤ | پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لەزمانی کوردیدا | ئاڤێستا کەمال مەحمود | لێکۆڵینەوە | ٩٣١ | |
| ١٠٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٢ | |
| ١٠٦ | چەشنەکانی ڕاهێنەری تۆپی پێی هاوچەرخ | ئەحمەد سەنگاوی | وەرزشی | ٩٣٢ | |
| ١٠٧ | دیوانی چروستانی | نوخشە ئەحمەد محەمەد چروستانی | دیوانی شیعری | ٩٣٣ | |
| ١٠٨ | گرنگیی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان | ئەحمەد میرزا رۆستەمی و شاهۆ عوسمان سەید قادر | لێکۆڵینەوە | ٩٣٤ | |
| ١٠٩ | شوێن پێی ئەو ژنە | سەردار ڕاوچی | چیرۆک | ٩٣٥ | |
| ١١٠ | لەگەڵ سایکۆلۆژیادا | سۆزان جەمال | سایکۆلۆژیا | ٩٣٦ | |
| ١١١ | پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە زمانی کوردیدا | شیلان عومەر | لێکۆڵینەوە | ٩٣٧ | |
| ١١٢ | نان و ماچ | جواد حەیدەری و ڕەسوڵ سوڵتانی | چیرۆک | ٩٣٨ | |
| ١١٣ | ئەستێرە بەرزە | سەلاح شوان | چیرۆک | ٩٣٩ | |
| ١١٤ | گوڵزاری نووسین | محەمەد کوردۆ | کۆمەڵە وتار | ٩٤٠ | |
| ١١٥ | مشکەکانی ڕۆح | حوسێن شێربەگی | چیرۆک | ٩٤١ | |
| ١١٦ | لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن | فەرمان عەلی نوری | مۆسیقا | ٩٤٢ | |
| ١١٧ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٣ | |